# گوڵان

ڕۆژانی ئەمڕۆ و سبەی

ســــاڵی سییــــەم (١٤٠٧)- (٢٥)ی ئـــــاداری ٢٠٢٤




**بەختیار حەیدەر** سەرۆکی سەندیکای پارێزەرانی کوردستان:

## دادگای فیدراڵیی عێراق، جگە لەوەی نادەستوورییە، بە پێچەوانەی ئەرك و دەسەڵات و پسپۆڕیی خۆی بڕیار دەدات



**ئازاد ئەکرەم کوورەچی** سەرۆکی لیستی میللەت:

## هەموو بڕیارەکانی ئەم دواییەی دادگای فیدراڵی لە دژی هەرێمی کوردستان، بڕیاری سیاسین و بۆ لاوازکردنی قەوارەی هەرێمە



**ئەحمەد سەفاڕ** ئەندامی پێشووی پەرلەمانی عێراق:

## بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی سیاسین و هەرێمی کوردستان لە ناو بودجەی عێراق پشکی هەیە، نەك مووچەی فەرمانبەران



# دادگای فیدراڵی بۆتە یاسادانەر و سنووری دەسەڵاتەکانی خۆی بەزاندووە





# کاریگەریی هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٠ لەسەر پرۆسەی سیاسیی عێراق


١٠٨

بەر لە هەڵبژاردنە گشتییەکانی ساڵی ٢٠١٠، گۆڕانکاری بەسەر یاسای ژمارە (١٦)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەڵبژاردنەکاندا هات. بە پێچەوانەی یاسای پێشوو کە لەسەر بنەمای لیستی ڕێژەیی بوو، بەپێی یاسای نوێی هەڵبژاردنەکان هەر پارێزگایەک بوو بە بازنەیەکی هەڵبژاردن و بۆ ئەم مەبەستەش پشت بە پسوولەی خۆراک بەسترا. بەڵام ژمارەیەک دەسەڵاتدارانی بەغدا بە ئارەزووی خۆیان دەستکاریی پسوولەکانیان کرد، بە جۆرێک کە پێشوەختە دیار بوو شیعە دەبنە زۆرینە، بەبێ ئەوەی هیچ سەرژمێرییەکیش بکرێت. هەر کاتیش باس لە سەرژمێری دەکرا بە بیانووی جیاجیاوە خۆیان لە سەرژمێری دەدزییەوە و بوونە ڕێگر لە بەڕێوەبردنی سەرژمێرییەکی تەواو و پاک. ئەوە بوو ژمارەی ڕاست و دروستی دانیشتووان دەرنەکەوت. هەتا نووسینی ئەم دێڕانەش شیعەکان ڕێگرن لە بەڕێوەبردنی سەرژمێری و ئەوەندەی بۆیان بکرێت ڕێگە بە بەڕێوەبردنی سەرژمێری نادەن، چونکە ئەگەر سەرژمێرییەکی تەواو و پاک و ڕاست و بێگەرد لەسەر بنەمای مەزهەبی بکرێت، مەرج نییە ئەو کات بە زۆرینە بێنە ژماردن. شیعەکان ئێستا لەسەر ئەوەی کە زۆرینەن مامەڵە لەگەڵ پرۆسەی سیاسی دەکەن.

هۆکارێکی سەرەکیی تری ڕێگرییان لە ئەنجامدانی سەرژمێری، کەمکردنەوەی ڕۆڵ و پێگە و کاریگەرییەکانی کورد بوو لە پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا. بۆیە لە کاتی گفتوگۆ و دانوستان لەسەر یاسای نوێی هەڵبژاردن، بە توندی نارەزایەتیمان نیشان دا و دژی وەستاینەوە.

دوای ئەم هەڵوێستەمان ئۆباما و بایدن، چەندان جار بە تەلەفۆن پەیوەندییان پێوە کردم و پێداگری و داکۆکییەکی زۆریان کرد کە بۆ ئەم خولەی هەڵبژاردنەکان یاساکە پەسەند بکرێت. لە وەڵامدا پێم گوتن باشە، وەک ڕێزگرتنێک بۆ ئێوە باشە با پەسەند ببێت. بەڵام بەرانبەر بەمە ئێمەش گەرەنتیمان دەوێت کە ساڵی ٢٠١٠ ماددەی (١٤٠) جێبەجێ بکرێت و ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان بەپێی ئەو ماددە دەستوورییە بگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان. بەڵێنمان پێ درا کە ئەمەریکا هەموو هەوڵەکانی دەخاتە گەڕ بۆ ئەم مەبەستە. ئێمە بەڵێنەکانمان جێبەجێ کرد، بەڵام نە ئەمەریکا و نە عێراق بەڵێنەکانیان جێبەجێ نەکرد.




ژمارە(١٠٤) ی گۆڤاری (پەیامی زانایان) کە گۆڤارێکی ڕۆشنبیریی ئایینییە، یەکێتیی زانایانی ئایینیی ئیسلامیی کوردستان دەری دەکات، کەوتە بەردەستی خوێنەرانەوە.

لە پێشەکی ئەم گۆڤارەدا، بەیاننامەی یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلامیی کوردستان بڵاوکراوەتەوە، کە جەخت لەوە دەکاتەوە، یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلامیی کوردستان لە ڕۆژی ٦ی ئەیلوولی ٢٠٢٣ بە بەلاغێک کۆتایی بە کۆبوونەوەی خۆی هێنا و چەندین خاڵی بە گرنگ زانی، لەوانە گەلی کورد لە چوارچێوەی هەستی موسڵمانێتیی خۆیدا، هەمیشە ڕێزگرتن لە ڕێڕەوی گەورە زانایان بەلایەوە گرنگ بووە و، سەرچاوەیەکی بەهێزی لایەنی ئاسایشی نەتەوەیی و نیشتمانی لێی ڕوانیوە، خاڵێکی دیکەی بەلاغەکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە یەکێتیی زانایان لە گوزەرانی زانایان و بارودۆخی ئایینی و ڕەوشی ئیدارەدان و ئاستی هەوڵ و هەنگاو و کاردانەوەکان تێدەگات، بەردەوام پەیامی خۆی هەبووە و پێشنیاری دیراسەکراویشی گەیاندووە، لە خاڵێکی دیکەدا هاتووە کە لەپێناو پاراستنی بەهای کاری بانگەوازی و گوتاری ئایینی و بەرەو پێشبردنی ڕەوشی دینداری و ئارامی دۆخی مزگەوتەکان و پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی و ئاشتیی کۆمەڵایەتی و، ڕێگری لە نالەباریی بۆچوونی هاوردە و نازانستی و ناکامڵ و پاراستنی پێگە و ڕێڕەوی زانایان، لە ڕووی فیکری عەقیدەیی دێرینی مەزهەبی ئیمامی شافیعی وەك مەزهەبی فەرمیی هەرێمی کوردستان، بە پێویست دەزانێت.

یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلامیی کوردستان مەرجەعی یەکریزی و یەکهەڵوێستیی مەلای کوردە و نوێنەرایەتیی زانایانی ئایینی لە هەرێمی کوردستان دەکات، ئەمەیان خاڵێکی دیکەی بەلاغەکە بوو، دوا خاڵ نیگەرانیی یەکێتیی زانایانە سەبارەت بە دۆخی نالەباری کەرکووك و گوزەران و دواکەوتنی مووچەی هاووڵاتیان لەلایەن حکومەتیی عێراقەوە.

زۆر لە پرۆفیسۆر و دکتۆرو پسپۆرانی ئایینی و مەلای مزگەوتەکان و زانایانی ئایینی بە نووسینی بابەتەکانیان بەشدارییان لەم ژمارەیەدا کردووە.. هەر سەرکەوتوو بن و بە هیوای بەردەوامی بۆ خزمەتکردنی ئایینی ئیسلام و کۆمەڵگەی کوردەواری.




هەردوو کتێبی ( ئالنگارییەکانی ئاسایشی نیشتمانی ) بە کوردی و( تحديات الأمن الوطني) بە عەرەبی کە کتێبی دووەمی بازنەی گفتوگۆیە، بە چاپ و بەرگێکی ناوازە و لاپەڕە قەبارە گەورە بڵاوکرانەوە.

لە ڕێوڕەسمێکی شایستەدا ڕۆژی ١٠ی ئاداری ٢٠٢٤ بە ئامادەبوونی د. سالار عوسمان بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بارەگای بەش، هەر دوو کتێب بە زمانی کوردی و عەرەبی بە ئامادەبووان ناسێنران و دابەشکران، هەروەها ژمارەیەکی زۆری کەسایەتی و بەرپرس و ڕۆشنبیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووس ئامادەی بوون.

دوای وتارەکەی دکتۆر سالار عوسمان، پانێڵی بازنەی گفتوگۆ دەستی پێکرد، کە بەڕێزان ڕێبەر ئەحمەد وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان و محەمەد ڕەئووف ڕۆشنبیر و سیاسەتمەداری دیاری کوردستان بەشدارییان تێدا کرد، هەردوو لا زۆر ڕاشکاوانە و بەچڕی لەسەر گرنگیی گفتوگۆ بۆ ئێستای کوردستان و ئەو ئانگارییانەی ڕووبەڕووی ئاسایشی نیشتمان دەبنەوە، گفتوگۆیان کرد.

شایانی ئاماژە پێکردنە، لە سەرەتای ساڵی ٢٠٢٣، بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئۆرگانێکی تازەی بە ناوی (بازنەی گفتوگۆ) دامەزراند، ئامانجیش لە دامەزراندنی ئەو ئۆرگانە تازەیە، ئەوە بوو کە هەموو مانگێك کۆمەڵێك دەستەبژێری نیشتمانپەروەری ئەم وڵاتە، بە جیاوازیی بیروبۆچوونی سیاسی و نەتەوەیی و ئایینیەوە، پێکەوە کۆبکاتەوە، تاکو ڕاشکاوانە گەنگەشە لەسەر کێشە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان و پرسی گوزەرانی خەڵك بکەن، لە هەمان کاتدا بۆ هەر ئەڵقەیەکی بازنەکە، ڕاپرسییەك، یان ڕاپۆرتێکی مەیدانی لە تەواوی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکانی هەرێمی کوردستان ئامادە کراوە و، پێش ئەوەی گفتوگۆکە دەست پێبکات، لەسەر سکرین بۆ ئامادەبووان نمایش کراوە، ئامانج لەمەشدا ئەوەیە تاکو بازنەی گفتوگۆ ببێتە پلاتفۆرمێکی کراوە و گشتی، بۆ ئەوەی بە ڕایەڵەیەك بیروبۆچوونی دەستەبژێری ئەم نیشتمانە لەگەڵ ڕای گشتیی خەڵك پێکەوە گرێ بداتەوە و، لەسەر بنەمای داتا و زانیاریی دروست و لەبەر ڕۆشنایی ڕای ئازادی







خەڵك، ئەم گفتوگۆیانە بکەینە شێوازێك لە (ڕاوێژکاری) بۆ ئەزموونە دیموکراتییەکەمان.

ئەم شەش گفتوگۆیەی کە لەسەر ئەم شەش پرسە گرنگە لە وەرزی دووەمی گفتوگۆ ئەنجام دراون بریتین لە(ماددەی هۆشبەرو مەترسییەکانی)،(ئیسلامی سیاسی و بەدگومانی لەسەر کەلتوورو ناسنامە)، (ڕیفراندۆم و هەڵوێستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی)، (هەرێمی کوردستان و شەڕی ئابووری)،(هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستان و کۆتای پێکهاتەکان)، (گۆڕینی دیمۆگرافیا و مەترسییەکانی لەسەر ناسنامە و خاك)، لەم شەش ئەڵقەیەدا کە هەموو دەقەکانیان بە تەواوی لە گۆڤاری (گوڵان) بڵاوکراونەتەوە، نزیکەی (٨٠) دەستەبژێری نیشتمانپەروەر لەناو گفتوگۆکان و لە میانەی ڕاپۆرتە مەیدانییەکان و، بە هەزاران هاووڵاتی لە سەرتاسەری کوردستان لە میانەی ئەو ڕاپرسییانەی بازنەی گفتوگۆ ئەنجامی داون، بەشدارییان تێدا کردووە،هەموو بەشداربووانیش، ئەم پرسانە بە ئالنگاریی گەورە و مەترسیی ڕاستەقینە لەسەر ئاسایشی نیشتمانی لە قەڵەم دەدەن.

لەم کتێبەدا کە بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی بڵاوکرانەوە، هەوڵمان داوە لە ڕوانگەی بیروبۆچوونی جیاوازی لایەنە سیاسییەکان نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستانەوە، خەمێك لەو ئالنگارییانە بخۆین و، هاوکاری حکومەتی هەرێمی کوردستان بین، بۆ ئەوەی ڕێگە چارە و میکانیزمێك بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەم مەترسی وئالنگارییانە بگرێتە بەر.

بۆ ئەم ساڵ، ساڵی ٢٠٢٤، بازنەی گفتوگۆ بە ئەزموونێکی تازە دەست بە وەرزی تازەی گفتوگۆکانی دەکاتەوە، (١٢) ئەڵقەی گفتوگۆی ساڵی ٢٠٢٣، ئەزموونێکی گەورە بوو بۆ ئەوەی دەستەبژێری نیشتمانپەروەری کوردستان، لە جدیەتی کارەکانی بازنەی گفتوگۆ بگات و، هەستیان کرد کە نییەتێکی خێر هەیە و، دەیەوێت خەم لە کێشەکانی ئەم نیشتمانە بخوات، ئیرادەیەکیش هەیە کە دەیەوێت خەم و کێشەکانی ئەو وڵاتە لە ڕوانگەی نیشتمانی و نیشتمانپەروەرییەوە سەیر بکات و، ئامانجێك هەیە کە دەیەوێت بەدەستی بهێنێت، کە ئەویش هەموو پێکەوە بە جیاوازیی نەتەوە و ئایینمانەوە، شان بدەینە بەر چارەسەرکردنی کێشەکانی نیشتمانی خۆمان و هەنگاو بۆ کوردستانێکی بەهێزتر هەڵبگرین، (بازنەی گفتوگۆ) هەر بەردەوام دەبێت.


# خەمبارین بۆ لافاوەکەی دهۆک و زاخۆ












دکتۆر جیهاد حەسەن دۆسکی :



**لە هەر شوێن و وڵاتێک ئیسلامی سیاسی هەبێت، ئەوە شوێنێکە بۆ لەدایکبوونی فەوزا و کێشە و گرفت لەو کۆمەڵگەیەدا**

ڕەمەزان محەمەد ئامەدی :



**هیچ کاتێک چەکدارانی پەکەکە کار و مەرامی باشیان دەرهەق بە هەرێمی کوردستان لێ چاوەڕێ ناکرێت**

پرۆفیسۆر دانیێلا ئیرێرا :



**پێویستە سیستەمە جیهانییەکە لەگەڵ هەلومەرجی ئێستادا بگونجێندرێت**

ستیڤن بلانک :



**پوتین پێی وایە ئەرکێکی مێژوویی لە ئەستۆیە بۆ بنیادنانەوەی ئیمپراتۆریەتی ڕووسیا**




■ خاوەن ئیمتیاز
**شەوکەت شێخ یەزدین**
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
**فەرهاد محەمەد**
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
**د.هێمن غەنی**

■ سیاسەت و ناوخۆ:
**ساڵح عومەر**
**شەماڵ نوری**
**د. شێبان فەرهاد**
**بەهادین جەلال**

■ گشتی:
**د.عادل حوسێن**
**تارا عومەر**
**خەلیل بلەیی**
**سەنگەر شنۆیی**
**مەهدی حاجی ساڵح**
**کارزان کانەبی**
**رێبین ڕەمزی**

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
**سلێمان یاسین**

■ بەڕێوەبەری هونەری:
**شاخەوان جەعفەر**

■ بەرگ:
**لوقمان ڕەشیدی**

■ وێنەگران:
**کەمال ئاکرەیی**
**هاوکار رەحمان**

**بۆ ڕیکلام کردن پەیوەندی بکە بە:**
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

**چاپخانەی ڕۆکسانا - هەولێر**

**ناوونیشان: هەولێر -رووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری**

***Web: www.gulanmedia.com***


بوشرا ڕەئوف :

**پێویستە لە کوردستان پاڵەوانێتی زیاتر ئەنجام بدرێت تا ئاستی وەرزشوان پێش بکەوێت**



ئازاد حەمید شەفی :

**مەلا مستەفا بارزانی سیمبول و مەرجەعی نەتەوەیی و ئایینی بووە و ڕابەرێک بووە ڕێز و تەقدیری هەموو پێکهاتەو هۆزە کوردییەکانی گرتووە**



**ئافرەتان سەرکۆنەی بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی و بڕینی قوتی خەڵک دەکەن**



هونەرمەند دەشنێ بابان

**کاری هونەری لە ئەوروپا زیاترلە بۆنە و یادەکاندایە**



**هۆکارەکانی ئازاری مل**



**شەحنکەرەوەیەکی بێتەڵ بۆ گشت ئامێرەکان**






# با مانگی پیرۆزی ڕەمەزان بکەینە دەرفەتێک بۆ بەهێزکردنی پێگەی شوناسی موسڵمانی کورد و پارێزگاریکردن لە هەرێمی کوردستان

شوناسی کورد: میللەتێکی موسڵمانە لە ناوچەکەدا و مێژوویەکی پڕ لە سەروەریی هەیە لە جیهانی ئیسلامدا. گەلی کورد بەشێك و پشکی زێڕینی مێژووی ئیسلامی تۆمار کردووە. سەرکردەکانمان و زانایان و مامۆستایانی کورد لە بواری فقهی ئیسلامی و شەریعەت و حەدیس، حزوور و ڕۆڵێکی زۆر گەورەیان لەم مێژوویەی ئیسلامدا هەبووە. لەم مانگە پیرۆزەی ڕەمەزاندا کە خودای گەورە و میهرەبان پیرۆزی کردووە و، ڕۆژووبوونی لەسەر موسڵمانان فەرز کردووە، میللەتی کوردیش وەکو هەموو نەتەوەکانی دیکەی ئیسلام، بە گرنگییەوە پێشوازی لەم مانگە دەکەن و، واتا و مانایەکی گەورەی بۆیان هەیە. لەم مانگەدا میللەتی کورد، وێڕای ئەوەی بەڕۆژوو دەبن و لە ڕۆژدا خۆیان لە خواردن و خواردنەوە بەدوور دەگرن، نزا و پاڕانەوە و خوداپەرستیی زیاتر دەکەن و، کۆمەڵێك کردار و ڕەفتاری جوانیش جێبەجێ دەکەن، لەوانە: بەسەرکردنەوەی هەژاران لەلایەن دەوڵەمەندەکان و ڕێزگرتن و زیادکردنی ڕەفتار و کردەوە جوانەکان.

موسڵمانانی کورد لەم مانگەدا وەکو موسڵمانانی دیکەی جیهان زیاتر لە یەکتر نزیك دەبنەوە لە مزگەوت و بەسەرکردنەوەی یەکتر و لە ئەنجامدانی نوێژەکانی جەماعەت و تەراویح و تەنانەت پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیش لە بەسەرکردنەوەی خزم و کەسوکار و دراوسێکانیاندا زیاتر دەبێت. لەلایەکی دیکەوە، پابەندبوونی کورد بە بۆنە ئاینییەکان و دابونەریتەکانی ئەم مانگە پیرۆزە، هەروەها یەکێك لە ئەرکەکان، ڕەتکردنەوەی نەیاران و دوژمنانی کوردە، بەوەی بەردەوام لەناوچەکەدا و لەناو جیهانی ئیسلامدا تۆمەتی ئەوەمان دەدەنە پاڵ بەوەی کورد لە شوناسی ئیسلامی دەرچووە! بۆیە دەبێت ئێمە زۆر جەخت بکەینەوە لەسەر ئەم شوناسی ئیسلامیبوونەمان، چونکە هەر چوار دەوڵەتەکەی دراوسێمان، وڵاتگەلێکن کە گەلەکەیان موسڵمانن، ئەمە جگە لەوەی لەو ژمارە زۆرەی وڵاتانی ئیسلامی کە لەجیهاندا هەن، دەبێت پێگە و مەکانەتی کورد وەکو سەردەمەکانی دەوڵەتی ئەیوبییەوە بگەڕێنینەوە.

ئەم مانگە پیرۆزە، وەکو هەندێك کات و شوێنی پیرۆزی دیکە کە خودای گەورە بۆ موسڵمانانی داناوە، بۆ ئەوەیە سوودی لێ ببینین و ببێتە دەروازەیەك بۆ تۆبەکردن و گەڕانەوە، بۆ نموونە مانگەکانی شەعبان و ڕەمەزان و زولحیجە کە حەجی تێدا ئەنجام دەدرێت، کاتی نوێژی بەیانی و ڕۆژی هەینی و دەیان بابەتی دیکە، بۆ ئەوەیە بەندەکان وەکو هەلێکی پیرۆز وەریبگرن و داوای لێخۆشبوون بکەن. لە چەندین فەرموودەدا هاتووە، دوای نوێژی عەسر لە ڕۆژی هەینیدا نزا و دوعاکان قبووڵن، هەروەها هەندێك جێگا پیرۆز کراوە، وەکو ماڵی خودای گەورە و مزگەوتی پێغەمبەر (سەلامی خوای لەسەر بێت) و مزگەوت و مەزارگاکان تاوەکو موسڵمانان بچنە ئەو جێگایانە و بە ئەنجامدانی عیبادەت، وەکو هەلێك داوای لێخۆشبوون و نزا و دوعا بکەن. ئەوەتا یەك نوێژ لە حەرەمی مزگەوتی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) هێندەی هەزار نوێژە و ئەنجامدانی یەك ڕەکەعات لە حەرەمی کەعبەی پیرۆز هێندەی سەد هەزار ڕەکەعاتە، ئەم کات و شوێنە پیرۆزانە بێ حیکمەت نییە.

فەرمانەکانی خودای گەورە و میهرەبان و حیکمەتی داڕشتنی خوداپەرستییەکان، سەدان کتێبی زانایانی لەسەر نووسراوە. ئەوەتا لە مانگی پیرۆزی ڕەمەزاندا قورئانی پیرۆز دادەبەزێت و خوداپەرستی زیاتر دەبێت و موسڵمانان لە مزگەوتەکاندا کۆدەبنەوە



## حەسەن ئەمین شێخانی

مامۆستای زانکۆ و پسپۆڕ لە بواری شەریعەی ئیسلامی

بۆ گوڵانی نووسیوە

و سیلەی ڕەحم و بەزەیی و فەریزەی عەمرە زیاد دەبێت و زەکات و خێر و بەخشندەیی زیاد دەبێت. کاتێك خودای گەورەو میهرەبان لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: «یَا أَیُّهَا الَّذِینَ آمَنُوا کُتِبَ عَلَیْکُمُ الصِّیَامُ کَمَا کُتِبَ عَلَى الَّذِینَ مِنْ قَبْلِکُمْ لَعَلَّکُمْ تَتَّقُونَ...». خودای گەورە دەفەرموێت: ئەم ڕۆژووبوونە پێش ئیسلامیش هەبووە و بۆ موسڵمانان مانا و واتایەکی گەورە دەگەیەنێت.

لەم مانگە پیرۆزەدا وێڕای خوداپەرستی و نزا و نزیکبوونەوە لە خودای گەورە و میهرەبان سیلەی ڕەحم و بەزەیی لە نێوان موسڵماناندا زیاد دەبێت. موسڵمانەکان هەروەکو چۆن بەڕۆژوو دەبن و بە ڕۆژ خواردن و خواردنەوە ناخۆن، هەر بەوشێوەیەش ڕەفتارو کرداریان دەپارێزن و هاوکاری و یارمەتی یەکتر دەدەن و زەکات و یارمەتی هەژاران دەدرێت. لەم مانگەدا مەککەی پیرۆز ئازاد کرا و موسڵمانان چەندین جەنگی گەورەیان تێدا ئەنجام داوە، وەکو جەنگی بەدری گەورە و فەتحی مەککە و ئەندەلوس و شەڕی حەتین، بۆ ئێمەی کوردی موسڵمانیش لەم مانگەدا ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ١٩٩١مان ئەنجامدا و هەر لە مانگی پیرۆزی ڕەمەزانیشدا کۆڕەوە گەورەکەی کورد دژی زاڵم و ڕەتکردنەوەی داگیرکەر ڕوویدا.

وەزارەتی ئەوقاف، کۆمەڵێك ڕێنمایی بۆ بەرزڕاگرتن و پیرۆزکردنی مانگەکە دەردەکات و، حکومەتی هەرێمیش ئەمن و سەلامەتیی موسڵمانان بە ڕۆژ و شەو بۆ ئەنجامدانی خوداپەرستی و نوێژەکانی تەراویح و مزگەوتەکان لەئەستۆ دەگرێت، ئەمەش بۆ گرنگیدانی سەرکردایەتیی کورد بە ئیسلام دەگەڕێتەوە. هەموو ئەم پەرستن و خوداپەرستی و ڕەفتار و کردەوانەی موسڵمانی کوردستان، وا دەکات پێگەی کورد لەناو جیهانی ئیسلامیدا بەهێز بێت، هەروەکو چۆن خودای گەورە و میهرەبان لەم مانگە پیرۆزەدا پێگەی موسڵمانان بەگشتی بەهێز دەکات.

ئەم مانگە هەروەکو چۆن نیعمەتێکی گەورەیە بۆ بەخوداچوونەوەی موسڵمان بە نەفسی خۆیاندا، هەرواش هەلێکی گەورەیە بۆ ئاشتەوایی گشتی لە نێوان لایەنە سیاسییەکان و حزبەکان و ڕێکخستنەوەی ماڵی کورد و خەمخواردنی چارەنووسی ناوچە دابڕێنراوەکان و پارێزگاریکردن لە هەرێمی کوردستان. خۆ ئەگەر ڕەخنە و سەرنجمان لەسەر یەکتر هەبێت، نابێت لەسەر حیسابی ئەو قەوارەیەی کوردستان بێت، کە ئەگەر خوانەخواستە نغرۆ بین، هەموومان لەناو ئەم کەشتییەدا نغرۆ دەبین. نابێت لە ٢٠١٤وە کە ١٠ ساڵ دەخایەنێت، گەمارۆمان لەسەر بێت و ئێمەش هەر یەکڕیز نەبین و پەرتەوازە بین و نەتوانین ماڵی کورد بپارێزین و پەند و وانە لە ڕابردوو وەرنەگرین.

بەداخەوە کاتێك ئێمەی موسڵمان لەم مانگە پیرۆزەداین، نەیاران و دوژمنانی کورد هەوڵ دەدەن، گەلەکۆمەکی لەم سەقامگیری و ئارامییە بکەن کە هەرێمی کوردستانی تێدایە، هەوڵی ناشیرینکردنی پێکەوەژیان و قەوارەی هەرێمی کوردستان دەدەن و، بوودجە و مووچەی خەڵکەکە دەبڕن و جەنگێکی ئابووریمان لەسەر دەکەن. ئێمە لەکوردستان لەگەڵ ئاینزاکانی دیکەدا پێکەوە دەژین و کەلتوورێکی پێکەوەژیان و لێبووردنمان لەنێواندایە. لەم مانگەدا زیاتر هەوڵ دەدەین، ڕێز لە هەموو ئایین و ئایینزاکان بگرین، کەچی نەیارانی کورد هەڕەشە لەسەر هەرێمی کوردستان دەکەن، بەتایبەتی لەم مانگەی پیرۆزەی ڕەمەزاندا کە مانگی موحەڕەمە و نابێت جەنگی تێدا ئەنجام بدرێت، تاوەکو ئاشتەوایی گشتی لە ئاستی زلهێزەکانیش بێتە دی.

# دادگای فیدراڵی ڕۆڵی یاسادانەری بینیوە و لە سنووری دەسەڵاتەکانی خۆی تێپەڕیوە

**دادگای فیدراڵی نادەستوورییە و ئەرکی ئەو نییە دەستوور هەموار بکاتەوە**

**بڕیارەکان دادگای فیدراڵی سیاسییە مەبەستی کەمکردنەوەی دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستانە**

دادگای فیدراڵیی عێراقی لە ساڵی ٢٠٠٥ بەپێی یاسای ژمارە ٣٠ (یاسای کاتی بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەت لە سەردەمی کابینەکەی ئەیاد عەلاوی) دا دامەزراوە، ئەمەش بەو مانایەی ئەم دادگایە پێش ئەوەی دەستووری عێراق ڕاپرسیی بۆ بکرێت و پەسەند بکرێت، دامەزراوە. هەربۆیە ئەمە دادگایەکی دەستووری نییە، هەر بۆیە ئەو بڕیارانەشی کە دەریان دەکات، جگە لەوەی یاسایی نین، لە هەمان کاتدا بڕیارەکانی ڕەهەندی سیاسی لە پشتەوەیە و دادگا لە ئەرك و دەسەڵاتەکانی خۆی لای داوە.

ئەم دادگایە تا ئێستا هەر بەپێی یاسای کاتیی بەڕێوەبردنی دەوڵەت (سەردەمی پۆل بریمەر) کاری کردووە، لە ساڵی ٢٠٢١پەرلەمانی عێراق یاسای دادگای فیدراڵی هەموار کردەوە، بە دەنگی زۆرینەی پەرلەمانی، ئەمەش پێشێلکارییەکی دیکەی دەستوور بوو، لەبەر ئەوەی ماددەی ٩٢ی دەستوور داوا دەکات، دەبێت یاسای دادگای فیدراڵی بە ڕێژەی دوو لەسەر سێی دەنگی پەرلەمانتاران هەموار بکرێتەوە. هەروەها پێشێلکردنی دەستوور بوو، لەبەر ئەوەی دەستوور داوا دەکات کە دەبێت بەپێی دەستوورەکە دادگای باڵای فیدراڵی دابمەزرێت. ئەم هەموارکردنەوە دژی بڕیارێکی دیکەی خودی دادگاکەیە کە بڕیاری داوە هەر هەموارکردنەوەیەك پێویستە بە دەنگی دوو لەسەر سێی ئەندامانی پەرلەمان بێت، ئەم پێکهاتەی ئێستا دادگا بەپێی ئەو هەموارکردنەوەیە کاردەکات.

دادگای فیدراڵیی عێراق، جگە لەوەی بەپێی دەستووری عێراق دانەمەزراوە و نادەستوورییە، لە هەمان کاتدا بە پێچەوانەی بڕیارەکانی خۆی و ئەرك و دەسەڵات و پسپۆڕیی خۆیەوە کار دەکات و بڕیار دەکات.

ئەرکی سەرەکیی ئەم دادگایە ئەوەیە کە تەفسیری ماددەکانی دەستوور بکات، بەڵام ئێستا ئەم دادگایە هاتووە خۆی لە جێگەی دەستوور و لە سەرووی دەستوور داناوە و جێگەی دەسەڵاتی یاسادانانی گرتووەتەوە و خۆی بووەتە یاسادانەر و، تەنانەت بە شێوەیەك تەفسیری ماددەکانی دەستووریش دەکات، وەك ئەوە وایە، ئەو دەسەڵاتەی دابێت بە خۆی کە دەستوورەکە هەموار بکاتەوە، کە ئەمەیان بەپێی دەستوور و یاسای دادگای فیدراڵی کاری ئەو دادگایە نییە، بۆ ئەمەش بەزاندنی سنووری دەسەڵاتی خۆیانە.

ئەوەی زۆر جێگەی مەترسییە لەسەر قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان وەك قەوارەیەکی سیاسیی لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی فیدراڵی و هەروەها ئەوەی زۆر جێگەی مەترسییە لەسەر هەڵوەشانەوەی سیستمی فیدراڵی لە دەوڵەتی عێراقدا، ئەوەیە ئەم دادگایە قەوارەی هەرێمی کوردستانی وەك هەرێمێکی فیدراڵی بە ئامانج گرتووە. لەم چەند ساڵەی دوایی کۆمەڵێك بڕیاری لە دژی کوردستان دەرکردووە، کە دادگای فیدراڵی خۆی دەکاتە جێگەی دەسەڵاتی یاسادانان لەوانە:

- ڕەتکردنەوەی یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان و پێشێلکردنی چەند ماددەیەکی ناو دەستوورەکە.
- هەڵوەشانەوەی پەرلەمانی کوردستان.
- هەڵوەشانەوەی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم و هەڵوەشانەوەی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و ڕاپرسی لە هەرێمی کوردستان.
- ڕەتکردنەوەی کورسیی پێکهاتەکان و دابەشکردنی هەرێمی کوردستان بەسەر چەند



**بەختیار حەیدەر**

سەرۆکی سەندیکای پارێزەرانی کوردستان

بۆ گوڵانی نووسیوە

بازنەدا دیاری کردووە کە نابێت لە چوار بازنە کەمتر بێت، ئەمەش لە دەسەڵاتی ئەودا نییە و دەسەڵاتی پەرلەمانی کوردستانە، کە چۆن پرۆسەی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان ڕێك دەخات و هەڵبژاردنەکان بەڕێوە دەبات.

- بە نیشتمانیکردنی مووچە (توطين الرواتب)، ئەمە لە کاتێکدا بەپێی دەستوور، هەرێمی کوردستان پشکی لە بودجەی عێراق بۆ دیاری کراوە و خۆی بودجەی خۆی دیاری دەکات.

- ڕەتکردنەوەی بڕیاری ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق بە ناردنی پارە بۆ دابینکردنی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان، بەمەش جێگەی دەسەڵاتی جێبەجیکردنی لە عێراقدا گرتووەتەوە.

ئەگەر هەڵوەستە لەسەر هەموو ئەم بڕیارانە بکەین، کە دژی هەرێمی کوردستان لەلایەن دادگای فیدراڵیەوە دراون، هەموویان لە ڕەهەندە سیاسییەکانی پشتی ئەم بڕیارانەوە، ئەوەی لێ دەخوێندرێتەوە کە مەبەستی بچووککردنەوەیەتی وەك هەرێمێك لەناو چوارچێوەی ئەو دەوڵەتە فیدراڵییەی کە لە دستووری ساڵی ٢٠٠٥ گەلانی عێراق دەنگیان لەسەر داوە و پەسەندیان کردووە.


ئەم دادگایە ئەگەر بەپێی دەستووری عێراق وەك لە ماددەی ٩٢ هەیە، دروست بکرایە، ئەرکی ئەوە بوو، لە کاتی بوونی دیدگای جیاواز لەسەر تەفسیری ماددەکانی دەستوور ڕۆڵی میانگیر بگێڕێت لەسەر دەستووریبوون و نادەستووریبوونی تەفسیرە جیاوازەکان، بەڵام لە ئێستادا ئەم دادگا نادەستوورییە، نەك هەر زیدەڕۆیی کردووەتە سەر دەسەڵاتی یاسادانان، کە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەگرێتەوە، بەڵکو زێدەڕۆیی بەرانبەر بە دەسەڵاتی دادوەریی هەرێمی کوردستان دەکات. پەرلەمانی کوردستان دەسەڵاتی بە ئەنجومەنی دادوەریی داوە کە سەیری تانەی هەڵبژاردنەکان بکات، بەڵام ئەم دادگایە جێگەی دەسەڵاتی یاسادانانی گرتووەتەوە و بڕیارەکانی وەك ئەوەیە یاسایەکی تازەی دەرچوواندبێ.

هەموو ئەم بڕیارە نادەستووریانەی کە زۆر بێباکانە لەلایەن دادگای فیدراڵیەوە دەدرێن، هەموویان پێشێلکاریی دەستوورین دژی قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان، ئەم بێباکییەی دادگای فیدراڵی پێمان دەڵێت، دادگای فیدراڵی لەبری ئەوەی خەریکی کاری خۆی بێت وەك میانگیر بۆ تەفسیری ماددەکانی دەستوور، ئێستا بووەتە بەشێك لە پرۆسەی سیاسیی عێراق و پشتگیریی ئەو لایەنانە سیاسییانە دەکات، کە لە پشتەوە هەڵیدەسووڕێنن، بۆیە هەموو بڕیارەکانی دژی هەرێمی کوردستان لە دەستوور و یاسا دەرچووە و بە ئیمتیاز سیاسییە و کەمکردنەوەیە لە دەسەڵاتەکانیەتی، وەکو هەرێمێکی فیدراڵی ددانپیێدانراو لە دەستوور.

بۆ ڕاگرتنی ئەو هەموو پێشێلکاری و بڕیارەکانی نادەستووریی دادگای فیدراڵ و دامەزراندنی دادگایەکی نوێ، دەبێت پەنا ببرێتە بەر دەرکردنی یاسایەکی نوێ بۆ دادگایەکی فیدراڵی، دەبێت ئەو دادگا فیدراڵییە نوێیەی وەك لە پرۆگرامی وەزاریی کابینەکەی محەمەد شیاع سوودانی ئاماژەی پێ کراوە، لە پەرلەمان دابمەزرێت و هەموو پێکهاتە سەرەکییەکانی عێراق نوێنەراتییان لەو دادگایە هەبێت. ئەم پرسە ڕاست بکرێتەوە و ببینە خاوەنی دادگایەکی فیدراڵی دادپەروەر و تەفسیری دەستوور بۆ بونیادنانەوەی ئەو سیستمە فیدراڵییە بکات، کە لە دەستووری عێراقدا چوارچێوەکەی دیاری کراوە.

**ئەم دادگایە پێش ئەوەی دەستووری عێراق ڕاپرسیی بۆ بکرێت و پەسەند بکرێت، دامەزراوە. هەر بۆیە ئەمە دادگایەکی دەستووری نییە**

**دەبێت ئەو دادگا فیدراڵییە نوێیەی وەک لە پرۆگرامی وەزاریی کابینەکەی محەمەد شیاع سوودانی ئاماژەی پێ کراوە، لە پەرلەمان دابمەزرێت و هەموو پێکهاتە سەرەکییەکانی عێراق نوێنەراتییان لەو دادگایە هەبێت**



دوای ئەوەی دادگای فیدراڵی بە نادەستووری کورسیی کۆتاکانی لە هەرێمی کوردستان نەهێشت، سەرۆك بارزانی دژی بڕیارەکە وەستایەوە، نارەزایەتیی پێکهاتەکانیشی لێکەوتەوە. لەسەر ئەم پرسە گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ ئازاد ئەکرەم کوورەچی سەرۆکی لیستی میللەت و ئەندامی خولی پێنجەمی پەرلەمان لە نەتەوەی تورکمان ئەنجامدا و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.

## ئازاد ئەکرەم کوورەچی

سەرۆکی لیستی میللەت و ئەندامی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان بۆ گوڵان:

# هەموو بڕیارەکانی ئەم دواییەی دادگای فیدراڵی لە دژی هەرێمی کوردستان بڕیاری سیاسین و بۆ لاوازکردنی قەوارەی هەرێمە

# ئەو تانە و شکایەتەی یەکێتی کردوویەتی، ڕاگەیاندنی دژایەتیی پێکهاتەکانە کە دەرئەنجامی بە نەمانی کورسیی کۆتاکان کۆتایی هات

*** بڕیـاری دادگای فیدراڵـی بـە لابردنـی کورسـیی کۆتـاکان هەنگاوێکـی ترسـناکە بـۆ تێکدانی پێکەوە ژیانی ئاشتییانەی نێوان نەتەوە و ئایینـە جیاوازەکانـی کوردسـتان، ئایا ئێوە وەك نەتـەوە و ئاییـنـە جیـاوازەکان چـۆن سـەیری ئـەم بڕیـارەی دادگاکـە دەکـەن؟**

- یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان، بـۆ یەکلاکردنـەوەی ململانـێ و کێشـەی لەگـەڵ پارتـی، لـە دادگای فیدراڵـی شکایەتی لەسـەر سیستەمی هەڵبژاردن و کورسیی کۆتا کرد و لەو شکایەتەی یەکێتیدا لـە دژی کورسیی کۆتاکان، دەسـتتێوەردانی ئێـران و حەشـدی شـەعبی حاشا هەڵناگرێـت، بۆیـە دەرئەنجـام دادگای فیدراڵـی ئـەو بڕیـارەی دا، کـە بـووە هـۆی نەهێشـتنی کورسـیی کۆتـاکان لـە پەرلەمانـی کوردسـتان. بڕیارەکـە جگـە لـەوەی نایاسایی و نادەسـتووری بـوو، مۆرکێکـی زۆر سیاسیشـی پێـوە دیـارە، ئەمـە وێـڕای ئـەوەی ژمـارەی کورسـییەکانی پەرلەمانـی کوردستانیشـیان لـە (١١١) کـردە (١٠٠) کورسـی، بەبـێ ئـەوەی نـاوی کۆتـا بێنێـت، بەمـەش بڕیارەکـە تەنیـا مەبەسـتی نەهێشـتنی کورسـیی کۆتـاکان بـوو. نەمانـی کورسـی پێکهاتەکانـی وەکـو تورکمـان و کلـد و ئاشـوور و سـریان و ئەرمەنـی، خـۆی لـە خۆیـدا مەترسییەکی زۆر گەورەیە لەسەر پێکەوە ژیانی هەرێمـی کوردسـتان، چونکـە ئـەو پێکهاتـە نەتەوەیـی و ئاییـن و ئایینزایانـە لـە دێرزەمانـەوە لەو وڵاتـە بـە یەکـەوە و بـە هاوبەشـی دەژیـن و بـە نەمانـی ئـەو نوێنەرایەتییانـەی ئـەو پێکهاتانـە، ئەوە پێکەوەژیـان لـە هەرێمـی کوردسـتان دەکەوێتـە ژێـر پرسـیارەوە. یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان کـە خاوەنـی تانـە و شـکایەتەکەیە، بەرپرسـیاری یەکەمـە لـە پەراوێزخسـتنی پێکهاتـەکان .

*** وەکو ئاماژەت پێدا، ئەم بڕیارە لەسەر تانە، یان سکاڵای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە دژی پێکهاتـەکان دراوە. ئایـا نەمانـی کورسـیی پێکهاتـەکان چ سوودێك بـە یەکێتیی و حزبەکانی دیکە دەگەیەنێت؟**

- هـەر چەنـدە یەکێتـی دەڵێـت، ئێمـە شـکایەتمان نەکـردووە بـۆ ئـەوەی کورسـیی کۆتـا لـە هەرێمـی کوردسـتان نەمێنێـت، بـەڵام ئەسـڵی تانـە، یـان شـکایەتەکە لەسـەر کۆرسـیی کۆتـاکان بـوو، چونکـە ئێمـە و هەمـوو خەڵکـی کوردسـتانیش دەزانیـن، لـە خولـی پێنجەمـی پەرلەمانـدا ململانـێ و کێشـە زۆر بـوو لەسـەر کورسـیی کۆتـاکان، بەتایبەتـی لـە نێـوان پارتـی و یەکێتـی، کـە یەکێتـی پڕوپاگەنـدەی ئـەوەی دەکرد، گوایە کورسـیی کۆتاکان لەناو پەرلەمـان دەنـگ و ڕاوبۆچوونیـان لەگـەڵ پارتییـە، بۆیـە پێویسـتە لـە هەڵبژاردنـی داهاتـوو دابەشـی سـەر شـارەکانی سـلێمانی و هەولێـر و دهـۆك بکرێـن. ئەگەرچـی ئـەو ڕاوبۆچوونـەی یەکێتـی وا نییـە کـە ئێمـەی کۆتـاکان لەگـەڵ لایەنێـك و دژی لایەنێکـی دیکـە بیـن، بەڵکـو لـە هەمـوو دنیـا

**لەو شکایەتەی یەکێتیدا لە دژی کورسیی کۆتاکان، دەستتێوەردانی ئێران و حەشدی شەعبی حاشا هەڵناگرێت**

**نەمانی کورسیی کۆتاکان هیچ سوودێک بە یەکێتی و بە هیچ حزب و لایەنێکی دیکەی کوردستانی ناگەیەنێت**

هاوپەیمانی هەیە لەسەر بنەمای بەرژەوەندی و بەدەستهێنانی ماف، لەلایەکی دیکەوە نەمانی کورسیی کۆتاکان هیچ سوودێك بە یەکێتی و بە هیچ حزب و لایەنێکی دیکەی کوردستانی ناگەیەنێت، بەڵکو ئەو بڕیارە و هەموو ئەو بڕیارانەی بەم دواییانەی دادگای فیدراڵی لە دژی قەوارەی هەرێمی کوردستان بووە و مەبەستیان سیاسییە و تەنیا بۆ لاوازکردنی قەوارەکەیە لەو کاتەی کە قەوارەی هەرێمی کوردستان زیان بکات، واتە یەکێتیش زیانی کردووە، نەك سوود وەربگرێت. دەبێت یەکێتی بگاتە ئەو باوەڕەی کە لەو تانەو شکایەتە و دەرچوونی ئەو جۆرە بڕیارە، هەڵەی کردووە. بۆیە پێویستە یەکێتی پێداچوونەوەیەك بە خۆیدا بکات .

*** لەگەڵ یەکێتیدا چەند حزبی دیکەش پاڵپشتیی بڕیارەکەی دادگایان کردووە بۆ نەهێشتنی کورسیی پێکهاتەکان، بۆچی ئەو حزبانە دژی کۆتای پێکهاتەکانن لە پەرلەمانی کوردستاندا؟**

- پێویست بوو لەو بارەوە یەکێتی و پارتی ڕێککەوتن لەسەر کورسیی کۆتاکان بکەن، تاوەکو نەگاتە ئەو بارودۆخە ناخۆش و نەویستراوە کە لە دەرەوەی هەرێم و پەرلەمانی کوردستانەوە دادگایەکی وەکو دادگای فیدراڵیی عیراق بڕیار لەسەر کورسیی کۆتا بدات. بە تێڕوانینی من، ئەو جۆرە شکایەت و بڕیارانە کە تەشریعیین پەیوەندی بە دادگاوە نییە، لەلایەکی دیکەوە پێویست نەبوو ئێمە وەکو پێکهاتە و کورسیی کۆتاکان بهێنرێنە ناو سیاسەت و ململانێ، بەڵکو کاری ڕاستەقینەی ئێمە دەرچوواندنی یاسا و بڕیارەکانە لە پەرلەماندا و بەدواداچوونی کاری حکومەت و دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان و ئەو پڕۆژانەیە کە لە بەرنامە و پلان دادەنرێن و جێبەجێ دەکرێن. لە هەموو دنیا بۆ پێکهێنانی هەموو حکومەتێك لەنێوان لایەنە سیاسی و پێکهاتەکان هاوپەیمانی لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی هاوبەش دروست دەکرێت، ئێمەش لە کابینەی نۆیەمدا هاوپەیمانیمان لەگەڵ پارتی هەبووە، وەکو ئەو هاوپەیمانییانەی لە نێوان یەکێتی و پارتی و گۆڕان و لایەنی دیکە کراون، لەناو پەرلەمانیش ئێمە هەمیشە لەگەڵ پارتی نەبووین، بەڵام لە هەموو کار و پڕۆژە و یاسا و بڕیارێکدا کە لە بەرژەوەندیی پێکهاتەکان بووە، ئەوە پارتی ئەو لایەنە سەرەکی و متمانە پێکراوە بووە کە داکۆکی لە ماف و بەرژەوەندییەکانی پێکهاتەکان کردووە، لایەنەکانی دیکە بەتایبەتی یەکێتی بەو جۆرە خوێندنەوەی بۆ کردووە، تا گەیشتە ئەو حاڵەتەی کە مەترسییەکی زۆر گەورەی بە نەمانی کورسیی کۆتاکان هێنایە سەر قەوارەی هەرێمی کوردستان. لەکاتی دەنگدان لەسەر یاسا، یان پڕۆژەیەکی ستراتیژی کە ئێمە دەنگ دەدەین، ئەوە مانای وانییە ئێمە دەنگمان تەنیا بە پارتی داوە، بەڵکو ئێمە دەنگمان لە بەرژەوەندیی کوردستان داوە و لەو کاتەدا، ئەوە دەنگمان لەگەڵ دەنگی هەموو لایەنەکانی کوردستان و لەگەڵ یەکێتیشە، هاوکات کە یەکێتی کێشە و ململانێی سیاسی لەگەڵ پارتی هەیە، دەتوانن لە دەرەوەی پەرلەمان گفتوگۆ و چارەسەری بکەن، بۆچی دەیهێننە ناو پەرلەمان هەموو لایەنەکانی دیکەش پێوە سەرقاڵ دەکەن؟ ئەوەی لەو بڕیارەوە زیانی زۆری بەر کەوتووە قەوارەی هەرێمی کوردستانە، چونکە پێکەوەژیانی هەرێمی کوردستان زیاتر بەو کورسیی کۆتا و نوێنەرەکانی پێکهاتەکان بەهێز بوو، چ لە ناو پەرلەمان و چ لەناو حکومەتی کوردستان، هەروەها ئەو پێکەوە ژیانەی کوردستان کە سەرنجی هەموو دنیای ڕاکێشابوو، لە سایەی ئەو بەشداری و هاوبەشیە بوو کە لە ڕێگای کورسیی کۆتاکانەوە بوو، بەڵام لە کاتێکدا کورسیی کۆتا نەمێنێت، چۆن دەتوانرێت بە پەرلەمانەکانی ئەورووپا، یان وڵاتێکی وەکو ئەڵمانیا بگوترێت پێکەوە ژیان لە هەرێمی کوردستان زۆر بەهێز و پتەوە و هەنگاوی گەورەتر و باشتریش دەهاوێت؟ لە ئێستادا پڕۆسەی دیموکراتی لە هەرێمی کوردستان زۆر بەرەو دواوە هەنگاو دەنێت و پێکەوەژیانیان ناشیرین کردووە و مەبەستی دادگای فیدراڵی و ناحەزانی هەرێمیش هەر ئەوەیە. هەر بۆیە یەکێتی ئێستا شەرم لەو بارودۆخە دەکات و دەڵێت، ئێمە مەبەستمان لادانی کورسیی کۆتاکان نەبووە. بەڵام من لێرەدا دەڵێم، نەخێر یەکێتی لەو شکایەتەدا مەبەستی ڕاستەقینەیان

**لە هەموو دنیا بۆ پێکهێنانی هەموو حکومەتێک لەنێوان لایەنە سیاسی و پێکهاتەکان هاوپەیمانی لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی هاوبەش دروست دەکرێت**

**پارتی ئەو لایەنە سەرەکی و متمانە پێکراوە بووە کە داکۆکی لە ماف و بەرژەوەندییەکانی پێکهاتەکان کردووە**

**کە یەکێتی کێشە و ململانێی سیاسی لەگەڵ پارتی هەیە، دەتوانن لە دەرەوەی پەرلەمان گفتوگۆ و چارەسەری بکەن، بۆچی دەیهێننە ناو پەرلەمان هەموو لایەنەکانی دیکەش پێوە سەرقاڵ دەکەن؟**

**ئەو پێکەوە ژیانەی کوردستان کە سەرنجی هەموو دنیای ڕاکێشابوو، لە سایەی ئەو بەشداری و هاوبەشیە بوو کە لە ڕێگای کورسیی کۆتاکانەوە بوو**

نەمان و سڕینەوەی کورسیی پێکهاتەکان بوو لە هەرێمی کوردستاندا.

*** چۆن سەیری هەڵوێستی سەرۆك بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەن، کە زۆر بە جددی دژی ئەم بڕیارە ڕاوەستاوەتەوە و ڕەتی دەکاتەوە؟**

- هەموو کاتێك سەرۆك بارزانی پاڵپشتی و داکۆکی لە پێکهاتەکان کردووە، چونکە جەنابیان باش دەزانن، ئەو پێکەوەژیانەی لە هەرێمی کوردستان هەیە، جوانیەکی هەمەڕەنگ و ئاسوودەیە بۆ هەموو لایەك، هەر بۆیە لە هەموو کار و پرۆژە و بڕیارەکاندا بەتایبەتی لەسەر ماف و بەرژەوەندیی پێکهاتەکان، جەنابیان داکۆکیکارێکی سەرسەخت بووە، لەلایەکی دیکەوە کە پارتی دیموکراتی کوردستان دژی ئەو بڕیارە وەستاوەتەوە و داکۆکی لە کورسیی کۆتاکان دەکات، ئەمەش بە گران لەسەری وەستاوە، چونکە لایەنەکانی دیکە بەتایبەتی یەکێتی پڕۆپاگەندەی وا دەکات، کە کورسی کۆتاکان لە بەرژەوەندیی پارتی بووە، پێویستە هەموو حزبەکانی دیکەش بە یەکێتیشەوە ئەو بڕیارەیان لا قبووڵ نەبێت و نەمانی کورسیی کۆتایان پێ خۆش نەبێت، چونکە کاریگەریی ڕاستەوخۆ و گەورە لەسەر قەوارەی هەرێمی کوردستان دروست دەکات. لەلایەکی دیکەوە داکۆکیی پارتی لە کورسیی کۆتاکان پشتگیری و داکۆکیکردنە لە وجوود و کەلتوور و زمان و مێژوو و مانەوەمان لەو هەرێمەدا، لە کاتێکدا کورسیی کۆتاکان نەمێنێت، چۆن دەتوانرێت بەرگری و پاڵپشتیی پێکهاتەکان بکرێت کە لەو هەرێمی کوردستانە بمێنن؟ هەر بۆیە لێرەدا سوپاس و ستایشی خۆمان ئاراستەی جەنابی سەرۆك بارزانی و پارتی دەکەین. هەر چەندە لایەن و حزبە کوردستانییەکانی دیکەش بە قسە و دروشم دەڵێن، دژی ئەو بڕیارەی دادگای فیدراڵین، بەڵام لە هەقیقەتدا بە عەمەلی لەگەڵ بڕیارەکەدان، تەنیا بە دروشم و قسە لەبەر شەرمەی خۆیان دەڵێن دژی بڕیارەکەین.

*** زۆر لە یاساناسان تەفسیریان بۆ ئەم بڕیارەی دادگای فیدراڵی بەو شێوەیە کە بڕیاری لەو شێوەیە لە دەسەڵاتی دادگاکە نییە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە دادگای فیدراڵی خۆی خستووەتە جێگەی دەستوور، نەك تەفسیرکردنی ماددەکانی دەستوور. راتان لەو بارەیەوە چییە؟**

- ئەو بڕیارەی دادگای فیدراڵی چەند ڕەهەند و چەمکێك لەخۆ دەگرێت. یەکەم: بڕیارەکە لە دەسەڵاتی دادگای فیدراڵی نییە، بەڵکو کاری دەزگای تەشریعی و پەرلەمانی کوردستانە و ئەوەی دادگای فیدراڵی کردوویەتی، دەستتێوەردانە بە مەبەستی سیاسی. دووەم: دادگای فیدراڵی لە دەرەوەی یاسا و دەستوور بە مەبەستی لاوازکردنی قەوارەی هەرێمی کوردستان ئەو بڕیارەی داوە. سێیەم: عێراق بەگشتی و دادگای فیدراڵی بەتایبەتی، دەستی دەرەکیی لە پشتە و چاویان بەو پێکەوەژیانە جوان و سەرکەوتووەی هەرێمی کوردستان هەڵنایەت و دادگای فیدراڵی بۆ تێکدان و نانەوەی پشێوی و بارودۆخی نەخوازراو، ئەو بڕیارەی دەرکردووە، هەر چەندە ئەوەش تاوانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە کە سکاڵای کردووە .

*** ئایا بەنیازن ڕێوشوێنێك بگرنەبەر کە کاریگەریەکی هەبێت و دادگاکە بە بڕیارەکەی خۆیدا بچێتەوە؟**

- بێگومان، لەگەڵ دەرچوونی بڕیارەکە ئێمە وەکو نەتەوەی تورکمان و لایەنە تورکمانییەکان لەگەڵ پێکهاتەکانی دیکە، چەندین کۆبوونەوە و گفتوگۆمان کرد و لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و مەدەنی و کونسوولخانەی وڵاتانیش کۆبوونەوەمان ئەنجام دا و، دەنگ و دژایەتیی خۆمان بەرانبەر ئەو بڕیارە و پێشێلکردنی مافەکانمان دەربڕیوە و گەیاندوومانەتە زۆر لایەن و شوێن و جەنابی بارزانی لەگەڵ ئێمەن و هاوهەڵویستن دژی بڕیارەکە و ڕەتیان کردووەتەوە. لە لایەکی دیکەوە ئێمە وەکو نەتەوەی تورکمان و لایەنەکانی تورکمان زۆربەمان ڕامانگەیاندووە کە بایکۆتی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان (٢٠٢٤/٦/١٠) دەکەین. چونکە ئێمە وەکو نەتەوەی تورکمان لە هەرێمی کوردستان ئەو ئیمکانیاتە دارایی و سەربازی و ڕێکخستنەمان نییە کە بتوانین لە هەڵبژاردنی گشتی بەبێ کۆتا ئەو ژمارە دەنگە بهێنین کە پێویستە بۆ هەر کورسییەك.

**لە کاتێکدا کورسیی کۆتا نەمێنێت، چۆن دەتوانرێت بە پەرلەمانەکانی ئەوروپا، یان وڵاتێکی وەکو ئەڵمانیا بگوترێت پێکەوە ژیان لە هەرێمی کوردستان زۆر بەهێز و پتەوە و هەنگاوی گەورەتر و باشتریش دەهاوێت؟**

**لە ئێستادا پرۆسەی دیموکراتی لە هەرێمی کوردستان بەرەو دواوە هەنگاو دەنێت و پێکەوەژیانیان ناشیرین کردووە و مەبەستی دادگای فیدراڵی و ناحەزانی هەرێمیش هەر ئەوەیە**

**هەموو کاتێک سەرۆک بارزانی پاڵپشتی و داکۆکی لە پێکهاتەکان کردووە، چونکە جەنابیان باش دەزانن، ئەو پێکەوەژیانەی لە هەرێمی کوردستان هەیە، جوانیەکی هەمەڕەنگ و ئاسوودەیە بۆ هەموو لایەک**

**وەکو نەتەوەی تورکمان و لایەنەکانی تورکمان زۆربەمان ڕامانگەیاندووە کە بایکۆتی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان (٢٠٢٤/٦/١٠) دەکەین**



# کەشێکی نوێی هەڵگێران
# لە نێوان بەغداو هەولێردا





**فەیسەڵ دەباغ**

بۆ گوڵانی نووسیوە

پاش بڕیارە نادەستوورییەکانی دادگای فیدراڵ، خەریکە پەیوەندیی نێوان بەغدا و هەولێر ڕوو لە بەهارێکی گەرم دەکات و، وا چاوەڕوان دەکرێت، هەرێمی کوردستان هەنگاوی دیکە بهاوێژێت دژ بە دەسەڵاتی بەغدا، بەتایبەتی پاش کشانەوەی ئەندامێکی کوردی ئەو دادگایە.

بەر لە ساڵانێکی کەم، هەولێر تاکە یاریزان بوو لە عێراقدا، زۆربەی ناکۆکییەکانی نێوان کورد و لایەنە سیاسییەکانی شیعە، بەتایبەتی حزبی دەعوە سیاسی بوون، بەر لەوەی بکرێتە یاسایی و دەستووری.

مانۆڕە دەستوورییەکانی ئێستای بەغدا

**مانۆڕە دەستوورییەکانی ئێستای بەغدا دژ بە هەرێمی کوردستان وای لە هەولێر کردووە، ئەویش دەست بە چەند مانۆڕێکی دژ بکات**

**هەڵوەشاندنەوەی کۆتای تورکمان و کریستیانەکان لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان، مەترسیدارترین و عەیبدارترین بڕیاری ئەو دادگایە بوو**

**دادگای فیدراڵ بووەتە ئامرازێک بە دەست لایەنە سیاسییەکانی شیعە و ئەو میلیشیانەی کە سەر بە ئێرانن و سەرۆک کۆماریش کە گوایە پارێزەری دەستوورە، لە بێدەنگییەکی سەیردایە**

**هەرێمی کوردستان ئامرازێکی زۆری بە دەستەوەیە کە دەتوانێت دژ بە بەغدا بەکاریان بهێنێ، بەڵام دابەشبوونی سیاسی توانای هەرێمی سنووردار کردووە**

دژ بە هەرێمی کوردستان وای لە هەولێر کردووە، ئەویش دەست بە چەند مانۆڕێکی دژ بکات، کە یەکەمیان خۆی لە کشانەوەی ئەو ئەندامە کوردە دەبینێتەوە، ئەویش وەك هەلێك بۆ پەکخستنی ئەو پرەنسیپەی کە دادگای پێ پێك هێنراوە، واتە هاوسەنگییە ئەتنی و نەتەوەییەکەی.

هەر چەندە سەرۆکی دادگای فیدراڵی دەڵێت: «ئەم هەنگاوە بەهیچ شێوەیەك کار ناکاتە سەر کاری دادگا، چونکە سێ ئەندامی یەدەگی هەیە و، یەك لەوانە جێی ئەندامە دەست لەکار کێشاوەکە دەگرێتەوە»، بەڵام سەرۆکی دادگا لەبیر خۆی دەباتەوە، کە ئەو سێ ئەندامە یەدەگە، لە ڕەگەزی عەرەبن و دانانی یەکێکیان لە جێی کورد، بە هیچ شێوەیەك لاسەنگییەکەی دادگای فیدراڵی ڕاست ناکاتەوە.

بە دەرچوونی یاسای ئیدارەدانی دەوڵەت لە ساڵی ٢٠٠٤دا، عێراق بووەتە دەوڵەتێکی فیدراڵ و لە دەستووری ساڵی ٢٠٠٥دا، ددان بە هەرێمی کوردستان و دەسەڵاتەکەیدا نراوە.

بەپێی ئەو دەستوورە، ئەوەی لە دەسەڵاتی فیدراڵدا نەبێت لە دەسەڵاتی هەرێمدایە، هەتا ئەو دەستوورە یاساکانی هەرێمی بە پێش یاساکانی بەغدا خستووە، سەبارەت بە دەسەڵاتە هاوبەشەکان، هەروا مافی داوەتە هەرێم بە هەموارکردنی هەر یاسایەکی فیدراڵ، ئەگەر دژ بە یاسایەکی هەرێم بێت و، پێشبەندیش بۆ یاساکەی هەرێمە.

هیچ دادگایەك بۆی نییە دەستکاریی مادده دەستوورییەکانی بکات، جا بە هەر هەنجەت و بیانوویەك بێت، چونکە ماددەی دەستوورین و هەموو لایەك دەبێ پێوەیان پابەند بن، بە دادگای فیدراڵیشەوە.

دادگای فیدراڵ بەو بڕیارانەی کە دەرهەق بە هەرێمی کوردستان داویەتی، دەسەڵاتە یاساییەکانی خۆی تێپەڕاندووە و مافی داوەتە خۆی دەست لە هەموو شتێکی گەورە و بچووکی هەرێم وەربدات، وەك هەڵوەشاندنەوەی کۆتا لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا.

ئەم بڕیارە پێچەوانەی دەستوورە، کە پێشبەندی داوە بۆ یاساکانی هەرێمی کوردستان، ئەگەر ناکۆك بن لەگەڵ یاسا فیدراڵەکاندا.

دادگای فیدراڵ بەم بڕیارانە خۆی بە یاسادانەر داناوە، کاتێ کورسییەکانی پەرلەمانی کوردستانی بۆ سەد کورسی کەم کردووەتەوە، هەروا لە هەموارکردنی یاسای کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکاندا.

دابەشکردنی ناوچەکانی هەڵبژاردن لە دەسەڵاتی پەرلەمانی کوردستانە و، دادگای فیدراڵ نە لە نزیك و نە لە دوور هیچ پەیوەندییەکی بەو بابەتەوە نییە.

ئێمەی کورد دەبێ لەوە تێبگەین کە شتێك نەماوە پێی بگوترێ هاوپەیمانیی ئیدارەدانی دەوڵەت، بەتایبەتی پاش بڕیاری هێزەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی، بە لابردنی بەهێزترین نوێنەری سوننە و بەردەوامی هەڕەشەکانیان بۆ سەر هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان.

بێدەنگیی بەغدا بەرانبەر زەبرە ناوخۆ و دەرەکییەکانی سەر هەولێر لەلایەن پاسداران و میلیشیاکانیانەوە، کوردی تووشی بێ هیوایی کردووە، نەك هەر لە بەغدا، بەڵکو لە ئەمریکاش کە تا ئێستا ئەویش بێدەنگە لەوەی بەرانبەر بە هەرێمی کوردستان دەکرێ، بەتایبەتی لە هەوڵی سیاسەتکارانی شیعە بە گەڕاندنەوەی عەقڵی سیاسیی ناوەندەکی، ئەو عەقڵەی نەك دژی کوردە، بەڵکە دژی سوننە و تورکمان و کریستیانەکانیشە.

هەموومان گوێمان لە لێدوانەکەی سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای قەزا بوو، دەربارەی فیدراڵییەتی ئەنبار، کاتێ گوتی: «ڕێ نادەم فیدراڵییەتێکی دیکە لە عێراق دروست ببێت»، ئەم لێدوانە خۆی لە خۆیدا دژی دەستوورە، کە لە ماددەیەکیدا مافی داوەتە هەر پارێزگایەك، یان چەند پارێزگایەك قەوارەیەکی فیدراڵ پێك بهێنن.

ئەگەر ئەمە هەڵسوکەوتی باڵاترین قەزا بێ لە وڵاتێکدا، دەبێ چ چاوەڕوانییەك لە دادگایەکی فیدراڵ بکەین؟

هەڵوەشاندنەوەی کۆتای تورکمان و کریستیانەکان لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان، مەترسیدارترین و عەیبدارترین بڕیاری ئەو دادگایە بوو، بێ ئەوەی حیسابی

ئەوە بکات کە کریستانەکان لە دەرەوەی سنووری هەرێم کۆتایان هەیە، کە ئەمەش بێجگە لەوەی بڕیارێکی نایاساییە، هەرێمی کوردستانی بە بەشێك لە عێراق دانەناوە، کەواتە بڕیارەکەی دادگا سیاسییە، نەك یاسایی و ئامانجیش تەنیا لێدانی هەرێمی کوردستانە.

دادگای فیدراڵ بووەتە ئامرازێك بە دەست لایەنە سیاسییەکانی شیعە و ئەو میلیشیانەی کە سەر بە ئێرانن، هیچ کارێکی نییە تەنیا هەرێمی کوردستان نەبێت و، گشت بڕیارەکانیشی پێچەوانەی دەستوورن و سەرۆك کۆماریش کە گوایە پارێزەری دەستوورە، لە بێدەنگییەکی سەیردایە.

هەرێمی کوردستان ئامرازێکی زۆری بە دەستەوەیە کە دەتوانێت دژ بە بەغدا بەکاریان بهێنێ، بەڵام دابەشبوونی سیاسی توانای هەرێمی سنووردار کردووە، خۆ ئەگەر سکاڵاکانی هەندێ لایەنی سیاسیی هەرێم نەبوایە، دادگای فیدراڵییش نەیدەتوانی ئەو بڕیارانە بدات.

هەندێك وایان دەزانی سەبارەت بە پرسی کۆتا، دادگای فیدراڵ کورسییەکان دابەش دەکاتە سەر سێ پارێزگای هەرێم، هەندێکیش هانی خەڵکیان دەدا ڕاستەوخۆ داوای مووچە لە بەغدا بکەن، هەندێکی دیکەش سکاڵایان لەسەر درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان تۆمار کرد، ئەنجامەکەش ئەوە بوو دادگای فیدراڵ کۆتاکەی هەڵوەشاندەوە و، پەرلەمانیش پەکی کەوت و، حکومەتیش بوو بە کاربەڕێکەر و، بەغداش هەموو ڕۆژێ سەبارەت بە پرسی مووچە تەشقەڵە بە هەرێم دەکات.

پرسیار ئەوەیە: ئەو لایەنانە لەو هەموو سکاڵایە چ قازانجێکیان کرد، بێجگە لە باڵاکردنی دەستی بەغدا و وڵاتێکی هەرێمی بەسەر هەرێمدا، ئەو هەرێمەی کە بە خوێنی هەزاران شەهید هاتووەتە دی؟

من هیچ ناڵێم، بەڵام سەرنجی خوێنەران بۆ چاوپێکەوتنێکی ڕەیان کلدانی ڕادەکێشم لە کەناڵی (الغد)دا، کە چۆن لەگەڵ لایەنێکی کوردی توانییان کەرکووك ئازاد و ڕزگار بکەن و، چۆنیش ئێستا کار بۆ کەمکردنەوەی دەسەڵاتی هەرێم دەکەن و بەپێی قسەشی هەنگاوی گەورە بەڕێوەن!!

هەرێم دەبێ زۆر بە وشیارییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم دۆخەدا بکات و سوود لەو پەیوەندییانە وەربگرێت کە لەگەڵ وڵاتانی جیهاندا هەیەتی، بۆ فشار خستنە سەر بەغدا لە زۆربەی فایلەکاندا.

کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی باش ئاگادارە کە کارەکتەری سیاسیی شیعی، بەتایبەتی ئەوانەی سەر بە ئێرانن، بە تەواوی دەسەڵاتی عێراقیان قۆرخ کردووە و، لە هەوڵیشدایە حاکمیەتێکی ڕاستەقینە بسەپێنێ لە ڕێی بەرپاکردنی کودەتایەك بەسەر دەستووردا، بەڵام بەشێوازێکی بەرنامەکراو، بۆ ئەو مەبەستەش دادگای فیدراڵ و قەزا بەکار دەهێنێ.

گیروگرفتی عێراق خۆی لە جێبەجێکردنی سازاندا دەبینێتەوە، کە بەپێی پێوەری ئەو جۆرە حوکمە نییە، ئەمە سەرەڕای جێبەجێ نەکردنی فیدراڵییەت و قەتیسدانی بە هەرێمی کوردستان، کە ئەمەش بووەتە هۆی تێکدانی هاوسەنگیی کردەکی لە نێو هێزە سیاسییەکاندا.

سیاسەتی ناهاوسەنگ وای کردووە کە لایەنی بەهێز (لە ڕووی دەسەڵات و پارە و چەك)ـەوە، هەنگاو بەرەو بەتاڵکردنی کرۆکی بیرۆکەی سازان و، فیدراڵیەت بنێت، بە مەبەستی بەناوەندکردنی دەسەڵات و گوتاری زۆرینە، ئەمە سەرەڕای دەستکاریکردنی تەداروکی پێکهاتەکان لە ڕێی تێکدانی ڕیزیان، جا بە دەمچەورکردن بێ، یان بە پەراوێزخستن.

بەهەر حاڵ کشانەوەی ئەندامێکی کوردی دادگای فیدراڵ، هەنگاوێکی هەڵگێرانە بوو، لەوانەشە هەنگاوی دیکەشی بە دواوە بێت، لە بارێکدا ئەگەر ئەو دادگایە، یان وەزارەتی دارایی عێراق ڕاددەیەك بۆ هەڵسوکەوتەکانیان دانەنێن، وەك کشانەوەی ئەندامانی کورد (پارتی) لە ئەنجومەنی نوێنەران و هەڵواسینی بەشداریی وەزیرەکانی لە حکومەتی فیدراڵدا.

هەرێم لەوانەیە بەرەو ڕووبەڕووبوونەوەیەکی دەستووری هەنگاو بنێ، لە ڕێی ڕەتکردنەوەی تەواوی بڕیارەکانی دادگای فیدراڵ و، لەوانەش بەرەو بە دەوڵەتکردنی پرسی هەرێم هەنگاو بنێ و، داوای جیاکردنەوەی بەشە بودجەی خۆی بکات لە داهاتی نەوتدا، ئەمە ئەگەر ئەمریکا تۆزقاڵێك وەفای بۆ کورد هەبێ.

**ئەو لایەنانە لەو هەموو سکاڵایە چ قازانجێکیان کرد، بێجگە لە باڵاکردنی دەستی بەغدا و وڵاتێکی هەرێمی بەسەر هەرێمدا، ئەو هەرێمەی کە بە خوێنی هەزاران شەهید هاتووەتە دی؟**

**ئەو سێ ئەندامە یەدەگە، لە ڕەگەزی عەرەبن و دانانی یەکێکیان لە جێی کورد، بە هیچ شێوەیەک لاسەنگییەکەی دادگای فیدراڵی ڕاست ناکاتەوە**

**دادگایەک بۆی نییە دەستکاریی مادده دەستوورییەکانی بکات، جا بە هەر هەنجەت و بیانوویەک بێت، چونکە ماددەی دەستوورین و هەموو لایەک دەبێ پێوەیان پابەند بن، بە دادگای فیدراڵیشەوە**

**ئێمەی کورد دەبێ لەوە تێبگەین کە شتێک نەماوە پێی بگوترێ هاوپەیمانیی ئیدارەدانی دەوڵەت، بەتایبەتی پاش بڕیاری هێزەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی**



**د. ئەحمەد سەفاڕ**

بڕیاردەری لیژنەی دارایی لە خولی پێشووی پەرلەمانی عێراق بۆ گوڵان:

# دادگای فیدراڵی پێچەوانەی ئەرک و پسپۆڕایەتیی خۆی بڕیار لە دژی هەرێم دەردەکات

# لە ناو بودجەی عێراقدا پشکی هەرێم لە بودجەدا هەیە، نەک مووچەکانی فەرمانبەران

**بڕیارە نادەستوورییەکانی دادگای فیدراڵی، دادگاکە دەخاتە بەردەم پرسیارەوە، بەوەی ئەویش تێکەڵ بە ئەجندەی دەرەکی بووە بۆ لاوازکردنی قەوارەی هەرێمی کوردستان، سەبارەت بە دوا بڕیاری دادگاکە لەسەر مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان، چەند پرسیارێکمان ئاراستەی د. ئەحمەد سەفار بڕیاردەری لیژنەی دارایی لە خولی پێشووی پەرلەمانی عێراق و، شارەزا و پسپۆڕی دارایی کرد و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**

*** بڕیارە نادەستووری و سیاسییەکانی دادگای فیدراڵی دژ بە هەرێمی کوردستان و، دانانی کۆت و بەربەست لە بەردەم ناردنی پشکی هەرێم لە بودجە و مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان، چی لێ دەخوێندرێتەوە؟**

- زۆربەی کێشەکانی عێراق و گرفتەکانی نێوان هەرێم و بەغدا بۆ ئەو لێکتێنەگەیشتن و عەقڵییەتە دەگەڕێتەوە، کە لە ناو زۆر لە سیاسەتمەدار و پەرلەمانتار و تەنانەت بەرپرسە حکوومییەکانیشدا هەیە، بەوەی بڕوایان نەك تەنیا بە فیدراڵییەت نەماوە و لێی پەشیمان بوونەتەوە و ئارەزووی دەسەڵاتێکی مەرکەزیی توندیان هەیە، بەڵکو بڕوایان بە شتێك نییە بە ناوی هەرێمی کوردستانەوە بێت. ئەوان وا لە فیدراڵییەت گەیشتوون کە سەربەخۆیی و جیابوونەوەیە، لە کاتێکدا پێچەوانەکەی ڕاستە و بەپێی دەستوور مانەوەی یەکپارچەیی خاکی عێراق بەو فیدراڵییەتەوە بەستراوەتەوە، لەلایەکی دیکەوە دەستتێوەردانی دەرەکییش هەیە و فشار لەسەر هێزی سیاسی دەکەن، ئەوانیش فشار لەسەر حکومەت و پەرلەمان و دادگای فیدراڵی زیاتر دەکەن، لەگەڵ هەڵکشانی گرژی و ئاڵۆزییەکانی نێوان ئەمریکا و ئێران و بوونی گرووپی چەکداریی توندڕەوی دەستڕۆیشتوو لە ناو حکومەت و پەرلەمانی عێراقدا، ئەمانیش ڕێگر دەبن لە چارەسەرەکان و بارودۆخەکە ئاڵۆزتر دەکەن، تەنانەت گرفت و کێشە بۆ حکومەتەکەی محەمەد شیاع سوودانییش دروست دەکەن، لێناگەڕێن کەسە تەکنۆکرات و شارەزاکانی ناو لیژنە تەکنیکی و پسپۆڕییەکانی حکومەت بەکاری خۆیان هەڵسن. لە ناو ئەم بارگرژی و بێ سەروبەرییەی عێراقدا ماوەی دوو ساڵە دادگای فیدراڵیی عێراقیش بەمەبەستی لاوازکردنی قەوارەی هەرێمی کوردستان و دوور لە دەسەڵاتەکانی خۆی، بڕیاری تەشریعی و سیاسی و دەستتێوەردان دژی هەرێمی کوردستان دەردەکات، تەنانەت محەمەد شیاع سوودانی لەگەڵ بڕیارەکەی ئەم دواییەی دادگای فیدراڵیدا نەبوو، لەبەر ئەوەی لە بودجەدا شتێك نییە بەناوی مووچەکانی فەرمانبەرانی هەرێمەوە، بەڵکو لە ١٢،٦٧٪ی بەشە بودجەی هەرێم هەیە، بۆ دانانی ئاستەنگیش لەسەر ئەم پشکەی بودجە، هاتوون بابەتی ئینفاقی فعلییان داهێناوە، ئەمەش بیدعەیەکە پێشتر هەبووە، کەچی لە ئێستادا وەکو ئاستەنگ زیندوو کراوەتەوە. باشە ئەگەر مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم داخلی ئەو هەموو ناکۆکی و ئاڵۆزی و کێشە سیاسییە بکرێت، چۆن دەتوانرێت لەکاتی خۆیدا مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم بدرێت،؟ ئەوەتا بەم ڕەمەزانە و لەگەڵ گرانبوونی نرخی شمەك و مادده سەرەکییەکانی خۆراك، دواکەوتنی دابەشکردنی مووچەکان قورساییەکی

**ئەگەر نییەتی بەغدا بەرانبەر هەرێم باش بێت، کێشەی مووچە بە ئاسانی چارەسەر دەبێت**

**ئەوان وا لە فیدراڵییەت گەیشتوون کە سەربەخۆیی و جیابوونەوەیە، لە کاتێکدا پێچەوانەکەی ڕاستە و بەپێی دەستوور مانەوەی یەکپارچەیی خاکی عێراق بەو فیدراڵییەتەوە بەستراوەتەوە**

زۆری خستووەتە سەر خێزانە هەژار و مووچەخۆرەکان، بۆیە دەبێت دادگای فیدراڵی کاروبارەکانی پەیوەندییان بە دەستوورەوە هەبێت، ئەرکی دادگاکەیە خۆی لەو بڕیارانە بەدوور بگرێت کە ناچنە ناو پسپۆڕایەتیی ئەوەوە و پێچەوانەی دەستوورە و زیان بە بەرژەوەندیی گشتی دەگەیەنێت، کەچی دادگای فیدراڵی دژی هەرێمی کوردستان و بۆ لاوازکردنی قەوارەی هەرێم بڕیار دەردەکات و، ئیستغلالی نەبوونی یەکدەنگیی نێوماڵی کورد دەکات.

*** ئەگەر لەسەر بابەتی پابەندکردنی هەرێم و حکومەتی فیدراڵی بوەستین، بەوەی دەبێت مووچەکانی فەرمانبەرانی هەرێم لەگەڵ مووچەی فەرمانبەرانی عێراق بدرێت، ئایا تاچەند وەزارەتی دارایی حکومەتی فیدراڵی جددییە لە جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە؟**

- وێڕای هەموو ئەو سەرنج و تێبینییانەی هەمانە بەرانبەر بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی، بەڵام لەم بڕگەیەدا بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی بۆ پێدانی مووچەکانی مووچەخۆرانی هەرێم یەکلاکەرەوەیە و قابیلی تانە نییە، دەبێت هەردوو حکومەتی ناوەند و هەرێم پابەند بن بەوەی مووچەکانی فەرمانبەرانی هەرێم لەگەڵ مووچەی فەرمانبەرانی عێراق لەکاتی خۆیدا بدرێت، چونکە فەرمانبەران گرێبەستێکیان لەگەڵ حکومەت هەیە، مادام دەوامی خۆیان دەکەن و ئەرکەکانی سەرشانیان ڕادەپەڕێنن، ئەوا ئەرکی حکومەتە مووچەکانیان لەکاتی خۆیدا بداتێ، بەڵام دادگاکەی فیدراڵی خاڵێکی دیکەشی زیاد کردووە بۆ کردنەوەی هەژمارێکی بانکی بۆ هەموو مووچەخۆرێك لە ڕێگەی بانکە حکوومییەکانی عێراقەوە، ئەمە وەکو ئیجرائێکی بانکی و دارایی کارێکی باشە، چونکە لە ئێستادا لە دنیای پێشکەوتوودا مامەڵەکان ئەلیکترۆنین و مامەڵەی کاش نەماوە، ئەم کاشە گرفت بۆ بانکی ناوەندی لەسەر کوتلەی نەختی و کەمیی سیولەی نەختی دروست کردووە. وەزارەتی دارایی حکومەتی فیدراڵیش دەڵێت: بۆ مانگی ئادار مووچەکان بە ڕێگای هەژماری بانکی دەدرێت. ئالێرەدا گرفت ڕوو دەدات، وەکو ئاشکرایە هەردوو بانکی ڕافیدەین و ڕەشید لقەکانیان لە هەرێمدا نییە، تەنیا بانکی بازرگانیی (تی بی ئای) هەیە، بۆیە دەبێت بەدیل هەبێت، بۆ جارێکی دیکە وەزیری دارایی کێشەی دروست کردەووە، چونکە ئەم پرۆسەیە کاتی دەوێت، تاوەکو تەواو دەبێت، بۆیە دەبێت لە نێوان هەرێم و ناوەند جۆرێك لە لێکتێگەیشتن هەبێت و نییەتپاکی هەبێت. لەم حاڵەتەدا چارەسەری کێشەکە زۆر ئاسانە، دەکرێت ئەو ٢٥٠ هەزار فەرمانبەرەی هەرێم کە هەژماری هەیە لەگەڵ بانکەکانی دیکەی عێراق، ڕێککەوتن بکرێت و ماوەکەشی کەمێك درێژ بکرێتەوە، ئەو کات ئەم کێشەیە چارەسەر دەبێت، لەولاشەوە سیاسییەکان لەگەڵ محەمەد شیاع سوودانی دانیشن و لەسەر جێبەجێکردنی یاسای بودجە ڕێك بکەون، ڕاستە نازانیت لە بەغدا بڕیار لای چ لایەنێکی سیاسی و کەسایەتییەکە، ئاخۆ بڕیارەکانی عێراق لە نێوخۆدا دەدرێت، یان لە دەرەوەی سنوورەکانەوە بۆیان دێت؟ نازانرێت بڕیار لای پەرلەمانە، یان حکومەتەکەی سوودانییە، یانیش لای سیاسییەکانە. من ئەمە هەمووی بە فشاری سیاسی دەزانم، هەروەکو چۆن لە هەرێمیش حزبەکان هەریەك بۆ خۆی کار دەکات، لەگەڵ نزیکبوونەوەی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی هەرێمیش، لێرە و لەوێ موزایەدەی سیاسی دەست پێدەکات و بە دروشمی بریقەداری بێ کردار خەڵکی فریو دەدرێت، ئەمە مەترسییە لەسەر قەوارەی هەرێمی کوردستان هەروەکو چۆن من چارەنووسی دارایی و ئابووریی عێراقیش بە نادیار دەزانم، ئەمە حاڵ و چارەنووسی هەر ئابوورییەکی ڕەیعی و پشتبەستووە بە داهاتی فرۆشتنی نەوت. ساڵ لە دوای ساڵ قەبارەی فەرمانبەران و مووچەخۆرانی عێراق و هێزی سەربازی و حەشدی شەعبی لە هەڵکشانێکی گەورەدایە، بۆیە چارەسەرەکان وا ئاسان و نزیك نییە، بەتایبەتی کە لایەنی بڕیاربەدەست و جێبەجێکار لە بەغدا دیار نییە. ئەو شاندانەی دەچنە بەغدا دەبێت لەگەڵ کێدا گفتوگۆ و دانوستاندن بکەن؟ زۆربەی جار لە گفتوگۆکاندا هیچ کێشەیەك نییە و گەیشتوونەتە لێکتێگەیشتن، کەچی بۆ ڕۆژی دوایی هەزار و یەك ئاستەنگ و گرفت و بیانووی نوێ دروست دەبێت، بۆیە نازانرێت کێ بڕیاربەدەستە.

*** لەکاتێکدا عێراق بەم عەقڵییەتەوە**

**بەم ڕەمەزانە و لەگەڵ گرانبوونی نرخی شمەک و ماددە سەرەکییەکانی خۆراک، دواکەوتنی دابەشکردنی مووچەکان قورساییەکی زۆری خستووەتە سەر خێزانە هەژار و مووچەخۆرەکان**

**دادگای فیدراڵی دژی هەرێمی کوردستان و بۆ لاوازکردنی قەوارەی هەرێم بڕیار دەردەکات و، ئیستغلالی نەبوونی یەکدەنگیی نێوماڵی کورد دەکات**

**دەبێت هەردوو حکومەتی ناوەند و هەرێم پابەند بن بەوەی مووچەکانی فەرمانبەرانی هەرێم لەگەڵ مووچەی فەرمانبەرانی عێراق لەکاتی خۆیدا بدرێت**

**لەگەڵ نزیکبوونەوەی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی هەرێمیش، لێرە و لەوێ موزایەدەی سیاسی دەست پێدەکات و بە دروشمی بریقەداری بێ کردار خەڵکی فریو دەدرێت**

**هەڵسوکەوت و ڕەفتار بکات و دادگای فیدراڵی بەدەر لە پسپۆڕایەتیی خۆی بڕیار دژی هەرێمی کوردستان دەربکات، ئەی چارەسەر چییە؟**

- بەداخەوە، حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق نەیانتوانیوە کێشە هەڵپەسێردراوەکان چارەسەر بکەن. ئەوەتا لەبری چارەسەر کێشە و گرفتی دیکەشیان دروست کردووە. لە ئێستادا بارودۆخەکە زۆر ئاڵۆز و دژوارە و ناکۆکیی قووڵ لەسەر دۆسیێ نەوت و داهاتی نانەوتی و ناوچە جێناکۆکەکانی ماددەی ١٤٠ی دەستووری و پشکی هەرێم لە بودجە و ئینفاقی فعلی و مووچەی مووچەخۆران و شێوازی پێدانی مووچەکان و پلەبەرزکردنەوە و دەیان بابەتی دیکە هەیە، کە هەموویان وایان کردووە، حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەوێتە بارودۆخێکی زۆر دژوارەوە، چونکە لە عێراقەوە فرۆشتنی نەوتی هەرێمیان بڕیوە و، پشکی هەرێم لە بودجە بە پاساوی ئینفاقی فعلی کەم کراوەتەوە، دادگای فیدراڵییش بەردەوام لەبری ئەوەی دۆخەکە باشتر بکات، ئاڵۆزتری کردووە و دوور لە پسپۆڕایەتیی خۆی بڕیار دەردەکات و، پەرلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاکان و کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی کوردستانی هەڵوەشاندووەتەوە، حزبەکانی کوردستانیش ناکۆك و ناتەبان و بۆ چارەسەری دۆخەکە و فریاکەوتنی فەرمانبەران و مووچەخۆران لەسەر هێڵ نین و خەریکی موزایەدەن، ئەم هەڵاوسان و دواکەوتنی پێدانی مووچەیە، زیانێکی گەورەی بە هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان گەیاندووە، چارەسەر سەرەتا بە یەکدەنگی لە ناو هەرێم و دواتر بەهێزیی پێگەی ناوخۆی کوردستان دەست پێدەکات، وەك دیارە ئاراستەکان بەرەو ئەوە دەچن، کە نەیارانی کورد لە بەغدا تا دێت کێشە و ئاستەنگی نوێ دروست دەکەن.

*** گرفتێکی دیکە کە پەیوەندی بە ژمارەی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستانەوە هەیە، ئەوان بەپێی ئامار و داتاکانی مووچەخۆران بڕە پارەی پێویستیان نەناردووە، ئەمەش بە بیانوو و پاساوی جۆراوجۆر، ئایا بۆچی بەغدا لەکاتێکدا خۆی ئەو ژمارە زۆرەی مووچەخۆرانی هەیە، کەچی ئەم کێشەیە بۆ هەرێمی کوردستان دروست دەکات؟**

- کاتێك من لە بەغدا بووم، پەرلەمانتارەکانی عێراق دژی بوونی ئەو ژمارە مووچەخۆرانەی هەرێم ڕاوەستابوونەوە. ئەوان بڕوایان بەو ژمارانەی مووچەخۆران نییە، لەکاتێکدا هەرێم لیستی مووچەخۆرەکان و داتا و زانیارییەکانی بۆ ناردوون و هەر دوو دیوانی چاودێریی دارایی وردبینییان تێدا کردووە. واتا ئەگەر مووچە لە بەغداش بێت بڕە پارەی پێویست بۆ ئەو ژمارەیەی (١،٢٥٠،٠٠٠) مووچەخۆر نایەت، ئەمە لەکاتێکدا لە بەغدا ژمارەی مووچەخۆرانی بندیوار و دوو مووچە و دامەزراندنی هێزەکانی حەشدی شەعبی زۆر زۆرە، کەچی هاتوون و باسی هەرێمی کوردستان دەکەن. لە ئێستادا داوای لیستی تەواو و وردبینی ناو و ناونیشان و مووچە و پسپۆڕایەتی و زانیاری لەسەر هێزی پێشمەرگە و هێزەکانی ناوخۆ دەکەن، بۆیە من پێم وایە ئەمەش کێشەیەکی دیکەیە کە بڕە پارەی پێویست بۆ هەموو مووچەخۆرانی هەرێم نانێرن. بەشێوەیەکی گشتی کێشە هەڵپەسێردراوەکان و دواخستنی چارەسەری کێشەکان هەر لەسەردەمی عادل عەبدولمەهدییەوە تاوەکو ئێستا بارودۆخەکەی ئاڵۆزتر کردووە، بەتایبەتی لە غیابی یەکدەنگی و یەکڕیزیی نێوماڵی کورد لە بەغدا، کار وای لێ هاتووە، هەر حزب و لایەنی سیاسی و کەسایەتییەك بە ئارەزووی خۆی دژی هەرێم مەلەف زیندوو دەکاتەوە، تەنانەت لە دادگای فیدراڵی شکات دژی هەرێم دەکەن، ئێستا ئەوانەی ئۆپۆزسیۆنن هەموو ڕۆژێك لە بەردەم دەرگای دادگای فیدراڵین، لەبری ئەوەی چارەسەری کێشەکانی مووچەخۆران بکەن، دۆخەکە ئاڵۆزتر دەکەن و بگرە لە دادگای فیدراڵییەوە کار بۆ بڕیار دەرکردنی خراپتر دەکەن، لەگەڵ ئەمەشدا لە ناو هەموو ئەم ڕەشبینییەدا نییەتپاکی و ئارەزووی محەمەد شیاع سوودانی جێگەی ئومێدە بۆ دەربازبوون لەم هەموو ئاستەنگ و بەربەستانەی دەخرێتە بەردەم ناردنی پشکی هەرێم لە بودجە و دابینکردنی مووچەکانی فەرمانبەرانی هەرێم.

**چارەنووسی دارایی و ئابووریی عێراقیش بە نادیار دەزانم، ئەمە حاڵ و چارەنووسی هەر ئابوورییەکی ڕەیعی و پشتبەستووە بە داهاتی فرۆشتنی نەوت**

**ساڵ لە دوای ساڵ قەبارەی فەرمانبەران و مووچەخۆرانی عێراق و هێزی سەربازی و حەشدی شەعبی لە هەڵکشانێکی گەورەدایە**

**چارەسەر سەرەتا بە یەکدەنگی لە ناو هەرێم و دواتر بەهێزیی پێگەی ناوخۆی کوردستان دەست پێدەکات، وەک دیارە ئاراستەکان بەرەو ئەوە دەچن، کە نەیارانی کورد لە بەغدا تا دێت کێشە و ئاستەنگی نوێ دروست دەکەن**

**لە بەغدا ژمارەی مووچەخۆرانی بندیوار و دوو مووچە و دامەزراندنی هێزەکانی حەشدی شەعبی زۆر زۆرە، کەچی هاتوون و باسی هەرێمی کوردستان دەکەن**



ئازاد حەمید شەفی
بەرپرسی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستووری لە ناوچەی مەندەلی، بۆ گوڵان:

# مەلا مستەفا بارزانی سیمبول و مەرجەعی نەتەوەیی و ئایینی بووە و ڕابەرێک بووە ڕێز و تەقدیری هەموو پێکهاتەو هۆزە کوردییەکانی گرتووە

# بێسەروشوێنکردنی گەنجە کوردەکان و بە زۆر ڕاپێچکردنی خێزانەکانیان بۆ ئێران بە قێزەوەنترین جینۆسایدی دژ بە کورد دادەنرێت

# کورد لە حەفتاکاندا لە مەندەلی ٨٤ ئاواییان وێران کرا و خاکەکەیان لەلایەن وەزارەتی داراییەوە دەستی بەسەردا گیرا

**جینۆسایدی کوردانی فەیلی، مێژوویەکی ڕەشی ڕژێمەکانی عێراقە، کە دەرهەق بە پێکهاتەیەکی ڕەسەنی کورد لە بەردەم بێدەنگیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا ئەنجام دراوە، هەروەکو چۆن دەیان کۆمەڵکوژیی دیکە دەرهەق بە گەلی کوردستان لە ئەنفال و کیمیاباران و تەعریب و تەرحیل و بێسەروشوێنکردنی گەنجەکان جێبەجێ کراون، ئەمەش هەمووی لە پێناو گۆڕینی دیمۆگرافیا و کەمکردنەوەی ڕێژەی کورد بووە. لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس، خێزانە کوردەکان بە کوردە فەیلییەکانیشەوە قەرەبوویەکی وا نەکرانەوە کە پێویست بوو. لەسەر ئەم پرسە، گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ ئازاد حەمید شەفی، کەسایەتیی کوردی مەندەلی و بەرپرسی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستووری لە شاری مەندەلی سازدا، لێرەدا پوختەی وتەکانی بڵاو دەکەینەوە.**

*** بەو پێیەی پێشتر سەرۆکی شارەوانی مەندەلی و بەرپرسی ماددەی ١٤٠ی ئەو شارە بوویت، شارەزاییت لە کەیسی جینۆسایدی کوردانی فەیلی و گۆڕینی دیمۆگرافیای ناوچەکەدا هەیە، ئایا دەکرێت سەرەتا باسێکی شێوازی ئەو جینۆسایدەمان بۆ بکەیت، کە کوردی فەیلی لە سەرەتای ساڵانی هەشتاکانەوە تووشی بوون؟**

- جینۆسایدی کورد بەگشتی و کوردانی فەیلی بەتایبەتی، لە ساڵانی شەستەکانەوە دەستی پێکردووە، دواتر لە ساڵانی حەفتاکانەوە دوای ئەوەی کوردەکانی بەغدا و ڕۆژهەڵاتی دیجلە پاڵپشتی شۆڕشەکەی مەلا مستەفا بارزانی-یان کرد و، لە ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری مێژووییدا کە لە نێوان مەلا مستەفا بارزانی و حکومەتی ناوەند واژوو کرا، کوردەکان بۆ پاڵپشتی ئەم ڕێککەوتنە ڕژانە سەر شەقامەکانی بەغدا، کە بە ڕێپێوانە مێژووییەکەی ناو جەرگەی بەغدا ناسرا. ڕژێمی بەعس و سەرانی ئەو کاتەی

**ساڵی ١٩٧٢ سوپای عێراق هەموومانیان خستە ناو ئۆتۆمبێلی زیلی سەربازییەوە و بە زۆرەملێ کۆچیان پێ کردین و گوندەکەمانیان بە بێڵدۆزەر تەختی زەوی کرد**

**نازم گزار لە هەڵمەتێکی قێزەوەندا زۆرترین کەسایەتیی کورد، کە لە ناویشیاندا زۆرینەی کوردانی فەیلی بوون، ڕاپێچی زیندانەکان کرد و ئەشکەنجەیەکی زۆری دان**

**ئەو سەردەمانەی جینۆسایدی کورد و کوشتارەکانی تێدا ڕووی داوە، ڕژێمەکانی عێراق پاڵپشتییەکی گەورەی نێودەوڵەتییان هەبووە، بۆیە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەرانبەر ئەم جینۆسایدە بێدەنگ بوون و هەڵوێستیان نەبووە**

**ڕژێمەکانی عێراق هەرگیز مامەڵەیان لەگەڵ کورد باش نەبووە و بەردەوام وەکو هاووڵاتی پلە دوو سەیریان کردوون، بۆیە کوردە فەیلییەکانی بەغدا و مەندەلییش، پاڵپشتییەکی زۆری مەلا مستەفا بارزانی و شۆڕشەکەیان دەکرد**

ڕژێمی عێراق مەترسییەکی گەورەیان لا دروست بوو، بەتایبەتی کە کوردەکان لە بەغدا و لە ناویشیاندا کوردی فەیلی کەسانی دەستڕۆیشتووی ناو توێژەکانی بازرگان و پیشەوەر و فەرمانبەرانی میری بوون و، بە هەرە ڕۆشنبیر و کەسایەتییە ناسراوەکانی ناو جەرگەی پایتەختی عێراق دادەنران. لەلایەکی دیکەوە لە دیوی ڕۆژهەڵاتی بەغدا و ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی دیجلە، کوردە فەیلییەکان چڕییەکی زۆری دانیشتووانەکەیان پێك دەهێنا، ئا لێرەوە سەرەتای تەرحیل و تەعریبی کوردان وەکو پرۆسەیەکی شۆڤێنی دەستی پێکرد، سەرەتا بە جەنگێکی ئابووری دەستی پێکرد، بەوەی ناسنامەی بازرگانی و زەوی و زاری کوردانی فەیلی دەستی بەسەردا گیرا، دواتر بە کۆچکردنی زۆرەملێ بۆ ئێران و نەفیکردنی فەرمانبەرە کوردەکان بۆ شارەکانی خواروو و ناوەڕاستی عێراق، لە ساڵی ١٩٧٢ سوپای عێراق هەموومانیان خستە ناو ئۆتۆمبێلی زیلی سەربازییەوە و بە زۆرەملێ کۆچیان پێ کردین و گوندەکەمانیان بە بێڵدۆزەر تەختی زەوی کرد. لەگەڵ ئەم کۆچکردنە بەزۆرەملێیەشدا، هەڵمەتێکی ناشیرین و قێزەوەنی ڕاوەدوونان و بێسەروشوێنکردن و کوشتنی کوردەکان دەستی پێکرد، بەتایبەتی ئەو کوردانەی دوای پرسی نەتەوەیی کەوتبوون و پشتگیریی مەلا مستەفا بارزانی-یان دەکرد، کە ژمارەیەکی زۆری کوردانی فەیلی تێدا بوو. ئەوە بوو نازم گزار لە هەڵمەتێکی قێزەوەندا زۆرترین کەسایەتیی کورد، کە لە ناویشیاندا زۆرینەی کوردانی فەیلی بوون، ڕاپێچی زیندانەکان کرد و ئەشکەنجەیەکی زۆری دان، لەم هەڵمەتەدا بە دەیان کوردی لە سێدارە دا و زۆربەشیان تا ئەمڕۆ ئێسك و پروسکیان دیار نییە، هەرچەندە ئامارێکی ورد لەم بارەیەوە نییە، چونکە ئەو سەردەمانەی جینۆسایدی کورد و کوشتارەکانی تێدا ڕووی داوە، ڕژێمەکانی عێراق پاڵپشتییەکی گەورەی نێودەوڵەتییان هەبووە، بۆیە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەرانبەر ئەم جینۆسایدە بێدەنگ بوون و هەڵوێستیان نەبووە. هەندێك سەرچاوە باس لە ٢٠ بۆ ٢٢ هەزار بێسەروشوێنی گەنجی کورد دەکەن، من پێم وایە ئەگەر لە حەفتاکانەوە تاوەکو هەشتاکان هەژماری ئەو بێسەروشوێنکردن و لە سێدارەدانانە بکەین، لەم ژمارەیە زۆر زیاترە، دەستبەسەرداگرتنی ماڵ و حاڵ و زەوییەکانیانی کورد و بە زۆر ڕاپێچکردنیان لە مەندەلی و شێنەکانی دیکە بۆ ئێران و سەندنەوەی ڕەگەزنامە و، دواتر گرتن و بێسەروشوێنکردنی گەنجەکانیان، بە قێزەوەنترین جینۆساید دژ بە کورد دادەنرێت، کە لەو سەردەمەدا پیاوانی ڕژێم دژی میللەتی کورد جێبەجێیان کردووە.

*** باسی ئەوەت کرد، هۆکاری سەرەکیی جینۆسایدی کوردە فەیلییەکان بۆ پرسی نەتەوەیی و کوردبوونیان دەگەڕێتەوە. ئایا پەیوەندیی کورد بە سەرکردەی نەتەوەیی مەلا مستەفا بارزانی-یەوە چۆن بوو؟**

- ڕژێمەکانی عێراق هەرگیز مامەڵەیان لەگەڵ کورد باش نەبووە و بەردەوام وەکو هاووڵاتی پلە دوو سەیریان کردوون، بۆیە کوردە فەیلییەکانی بەغدا و مەندەلییش، پاڵپشتییەکی زۆری مەلا مستەفا بارزانی و شۆڕشەکەیان دەکرد و، وەکو ئەرکێکی نەتەوەیی دوای شۆڕشی ئەیلوول کەوتن. ئەوان نەك تەنیا بە ڕۆح و گیان پاڵپشتیی شۆڕشی مەزنی ئەیلوولیان دەکرد، بەڵکو دەوڵەمەند و کەسە بەتواناکانیان بە کۆمەکی دارایی هاوکاریی شۆڕشی ئەیلوولیان دەکرد، هەر خۆیان کوردە فەیلییەکان لە دامەزرێنەری پارتی دیموکراتی کوردستان بوون لە بەغدا، جەعفەر محەمەد کەریم ئەندامی دەستەی دامەزرێنەر بوو، براکەشی (حەبیب محەمەد کەریم) سکرتێری پارتی بوو، هەروەها یەدوڵڵا فەیلی و دەیان سەرکردە و شۆڕشگێڕی دیکەی کورد لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانی بوون، هەروەها لەناو ڕیزەکانی قوتابیان و لاوان و ئافرەتانیشدا کوردە فەیلییەکان سکرتێری ئەو ڕێکخراوە گرنگانە بوون، تەنانەت دوای پیلانی جەزائیر و کۆتاییهاتنی شۆڕش و هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی گوڵان و لە سەردەمی هەشتاکانیشدا، کوردەکانی ئەم ناوچانە و بەغدا لەناو ڕیزەکانی پێشمەرگەدا مانەوە و درێژەیان بە شۆڕش دا. مەلا مستەفا بارزانی بەردەوام مەدح و باسی کوردی ئەو ناوچانەی کردووە، بە کوردانی فەییلیشەوە، لە چەندین بۆنەشدا باسی ئازار و مەینەتییەکانی کوردەکانی مەندەلیی کردووە. یەکێك لە شەهیدەکانی کوردانی فەیلی عەباس تۆفیق بوو، تەنانەت لە یەکێك لە دانوستانەکاندا مەلا مستەفا بارزانی داوای ئازادکردنی عەباس تۆفیقی کردووە، بەڵام پێیان گوتبوو پێش چەند ڕۆژێك لە سێدارەمان داوە،

مورتەزا ڕەزا و لەیلا قاسم و دواتر لە ساڵی ١٩٧٩ مولازم جوامێر و دەیان شەهیدی دیکە ڕەمزی موقاوەمە و گیانفیداییی کوردانی ئەم ناوچانە بوون، کە لە پێناو ئازادی و سەربەستیدا گیانیان فیدای کورد و کوردستان کردووە. پاڵپشتیی مەلا مستەفا بارزانی هەر بە ڕۆح و گیان نەبووە، بەو پێیەی زۆربەی بازاڕە گەورەکانی بەغدا لەو سەردەمەدا وەکو بازاڕی شۆڕجە و شەقامی کیفاح بەدەست کوردانی فەیلییەوە بووە، بۆیە هاوکاری و کۆمەکی ماددیی زۆری شۆڕشیان کردووە، تەنانەت ئێزگەی دەنگی کوردستان لەلایەن کوردانی فەیلییەوە بۆ مەلا مستەفا بارزانی دابین کرا، ئەمە وێڕای ئەوەی کوردەکانی بەغدا بە پارە و چەك پاڵپشتیی شۆڕشی ئەیلوولیان دەکرد. سەرۆك مەسعود بارزانی هەرگیز ڕۆڵی کوردانی فەیلی لەبیر نەکردووە و لە چەندین بۆنەدا و ڕۆڵی ئەوانی لە پاڵپشتیی مەلا مستەفا بارزانی بەرز نرخاندووە و ستایشی کردوون.
مەلا مستەفا بارزانی سیمبولی نەتەوەیی و ئایینی و مەرجەعی نەتەوەیی بووە و، پیاوێك بووە ڕێز و تەقدیری بۆ هەموو پێکهاتە و هۆزە کوردییەکانی هەرچوارپارچەی کوردستان هەبووە و دەستپاك و بوێر بووە. ئەو سەردەمە کورد هەمووی یەکدەنگ و یەکگرتوو بووە و لە دەوری مەلا مستەفا بارزانی کۆبوونەتەوە و پاڵپشتیی شۆڕشەکەیان کردووە.

*** لە ناوچەی مەندەلی ڕێژەیەکی زۆری کورد تووشی هەڵمەتەکانی جینۆسایدی دژ بە کورد بوونەوە، لە ناویشیاندا کوردانی فەیلی، بەو پێیەی ماوەیەکی زۆر لە جێبەجێکردنی کەیسی ماددەی ١٤٠ی دەستووردا کارت کردووە، دەکرێت پێمان بڵێیت، لە دوای ڕووخانی ڕژێمەوە تا چەند کوردەکان قەرەبووی ئەو هەموو زوڵم و کۆمەڵکوژی و داگیرکردنی ماڵ و حاڵیان کراونەتەوە؟**

- سەبارەت بە قەرەبووی شەهید و بێسەروشوێنکردنی گەنجەکان و لەسێدارەدان و ئەشکەنجەدانی کوردەکان، هەرچی بکرێت، هێشتا قەرەبوو ناکرێنەوە، بەڵام ئەوەی پەیوەندی بە تەرحیل و دەرکردن و زەوتکردنی زەوی و ماڵ و حاڵەوە هەیە، ئەوە بەشێکی زۆر کەمی ئەو قەرەبووە و تەنانەت ماددەی ١٤٠ی دەستوور جێبەجێ کراوە. ساڵی ١٩٧٥ لە مەندەلی ٨٤ ئاوایی کورد هەموویان وێران کران و دانیشتووانە ڕەسەنەکەی کۆچیان پێ کرا و زەوی و باخەکانیان و تەواوی خاکەکانیان لەلایەن وەزارەتی داراییەوە دەستیان بەسەردا گیرا. لە سەرەتای ساڵی هەشتاکان تاوەکو ساڵی ١٩٨٩ بە سەدان کورد لە مەندەلی بە زۆرەملێ ڕاپێچی ئێران و ناوچەکانی دیکەی عێراق کران، لە مەندەلی ئاواییەکان تێك دران و دەستیان بەسەردا گیرا، لە ساڵی ١٩٨٥ نزیکەی ١٠٠ ئاوایی خانەقین کە موڵکی هۆزە کوردەکانی سوورەمێری و ئەرکەوازی بوون، وێران کران و خەڵکەکەی تەرحیلی ناوچەکانی دیکەی عێراق کران، لە مەندەلییش بەهەمان شێوە، واتە کوردە فەیلییەکانی مەندەلی ڕەمزی موقاوەمەی کورد بوون لە ناوجەرگەی بەغدا و لە ڕۆژهەڵاتی دیجلە و دەستبەرداری ناوچەکانی مەندەلی و خانەقین و زورباتییە و بەدرە و تەواوی ناوچەکانیان نەبوون، هەر بۆیە ڕژێمەکانی عێراق شاڵاوی جینۆسایدیان دژ بە کورد لەم ناوچانەدا دەست پێکرد و کۆمەڵکوژیان کردن.
سەبارەت بە جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ کە لە ساڵانی ٢٠٠٧ و ٢٠٠٨ـەوە جێبەجێ نەکرا و دژایەتی کرا، کوردانی ئەم ناوچانە نە قەرەبوو کرانەوە و نە زەوی و خاکەکەیان درایەوە، تەنانەت ئەو گوندە کوردانەشی کە لەسەر خەرجیی خۆیان ناوچەکەیان ئاوەدان کردەوە، ڕووبەڕووی هەڵمەتێکی دڕندانە بوونەوە و پێیان چۆڵ کرایەوە.

*** وەك ئاماژەت پێ دا، دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس کوردانی ڕۆژهەڵاتی دیجلە و بەغدا قەرەبووی ئەو جینۆسایدە نەکرانەوە، ئایا ئەمە بۆ چ هۆکارێك دەگەڕێتەوە و پێشنیار و بۆچوونت لەم بارەیەوە چییە؟**

- لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ و ڕووخانی ڕژێمی بەعس، پرۆسەی تەعریب و تەرحیل و کوشتنی کورد لەسەر دەستی داعش و میلیشیا چەکدارەکان زیاتر بووە، پێویستە بە هەموو توانامانەوە هەوڵی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ و ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکانی خانەقین و بەدرە و ناوچە کوردنشینەکان بدەین. بەداخەوە ئەمڕۆ لەبەر ئەوەی حزبە کوردییەکان لە دەوری سەرۆك بارزانی کۆ نەبوونەتەوە و دەستی وڵاتانی دەرەکییان لەپشتە و دژی پرۆسەی نەتەوەیی و نیشتمانیی کوردستان کار دەکەن، بارودۆخەکە زۆر هەستیار و مەترسیدار بووە، لەگەڵ ئەمەشدا من ئومێدم بە سەرۆك بارزانی زۆرە کە وەکو سەرۆکی کوردان مافی خوراوی کورد بگەڕێنێتەوە.

**زۆربەی بازارە گەورەکانی بەغدا لەو سەردەمەدا وەکو بازاڕی شۆڕجە و شەقامی کیفاح بەدەست کوردانی فەیلییەوە بووە، بۆیە هاوکاری و کۆمەکی ماددیی زۆری شۆڕشیان کردووە**

**سەرۆک مەسعود بارزانی هەرگیز ڕۆڵی کوردانی فەیلی لەبیر نەکردووە و لە چەندین بۆنەدا و ڕۆڵی ئەوانی لە پاڵپشتیی مەلا مستەفا بارزانی بەرز نرخاندووە و ستایشی کردوون**

**کوردە فەیلییەکانی مەندەلی ڕەمزی موقاوەمەی کورد بوون لەناو جەرگەی بەغدا و لە ڕۆژهەڵاتی دیجلە و دەستبەرداری ناوچەکانی مەندەلی و خانەقین و زورباتییە و بەدرە و تەواوی ناوچەکانیان نەبوون**

**کوردەکانی ئەم ناوچانە نە قەرەبوو کرانەوە و نە زەوی و خاکەکەیان درایەوە، تەنانەت ئەو گوندە کوردانەشی کە لەسەر خەرجیی خۆیان ناوچەکەیان ئاوەدان کردەوە، ڕووبەڕووی هەڵمەتێکی دڕندانە بوونەوە و پێیان چۆڵ کرایەوە**



دکتۆر جیهاد حەسەن دۆسکی
سەرۆکی یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلام لقی دهۆک و پسپۆڕ لە مێژووی مەزهەبەکانی ئیسلام بۆ گوڵان:

# لە هەر شوێن و وڵاتێک ئیسلامی سیاسی هەبێت، ئەوە شوێنێکە بۆ لەدایکبوونی فەوزا و کێشە و گرفت لەو کۆمەڵگەیەدا

**ئیسلامی سیاسی پەیڤێکی سحرییە و بازرگانیکردنە بە دین و هەڵخەڵەتاندنی موسڵمانانە**

**گەلی کورد لەو کاتەی بووە بە ئیسلام، پابەندی بنەماکانیەتی و بە پاکی خزمەتی ئیسلامی کردووە، بەڵام لە دوای ڕووخانی خەلافەتی ئیسلامی لە ئەستەنبوڵ، فۆڕمێکی تازە لە جیهانی ئیسلامیدا دروست بوو، بەمەش موسڵمانان تووشی دابەشبوون هاتن و گرووپ و کەسانێك پەیدا بوون کە دەیانەوێت جارێکی دیکە گەلی کوردستان وەك ئەوەی موسڵمانان نەبێت، موسڵمانی بکەنەوە، لایەن و کەسانێك هەن ڕێز لە نەتەوە و خاك و پیرۆزییەکانی نیشتمان ناگرن. بۆ تاوتوێکردنی ئەو پرسیارانە و چەندین پرسی دیکە، گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ دکتۆر جیهاد حەسەن دۆسکی پسپۆڕ لە مێژووی مەزهەبەکانی ئیسلام و سەرۆکی یەکێتیی زانایانی ئایینیی ئیسلام / لقی دهۆك ئەنجامدا**

*** لە دوای ڕووخانی خەلافەتی ئیسلامی لە ئەستەنبوڵ، ڕێکخراوی ئیخوان موسلمین لە میسر دامەزرا، بۆ دووبارە گێڕانەوەی خەلافەتی ئیسلامی، ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی ئیسلام دابەش ببێت بۆ سیاسی و عیبادەت، ئایا ئەم دابەشکردنەی ئیسلام بۆ ئیسلامی سیاسی تا چەند خزمەتی بە ئیسلام کردووە؟**

- ئیسلامی سیاسی پەیڤێکی سحرییە و بازرگانیکردنە بە دین و هەڵخەڵەتاندنی موسڵمانانە بۆ مەبەستی تایبەتی و بەرژەوەندیی ئەو کەسانەی کە بەو ناوە کاردەکەن و، دابەشکردنی موسڵمانان و تەوزیفکردنی ئایینە، نەك بۆ ئەو مەبەستەی کە خودای گەورە دەیەوێت و ناردوویەتی بۆ مرۆڤایەتی، بەڵکو تەوزیفرکردنە بۆ شتێك کە خوای میهرەبان حەزی پێ ناکات. لەو کاتەی پێناسەی تەواوی ئیسلام و سیاسەت زانرا، دەردەکەوێت کە ئیسلام هیچ پەیوەندیی بە سیاسەتەوە نییە، چونکە ئیسلام مەنهەجێکە بۆ کاروبار و بەڕێوەچوونی ژیانی مرۆڤ و مامەڵەکردنی مرۆڤەکان لە نێوان خۆیان و لەگەڵ خودا، کە دروستی کردووین بۆ بەندایەتی و عیبادەتکردنیش، هاوکات ئادەمیزاد نازانێت دەوروبەر و کات و سەردەم دروست بکات، کە چۆن تێیدا بژیت، تەنیا خودای گەورە نەبێت، وەکو دەفەرموێت (أَلَا يَعْلَمُ مَنْ خَلَقَ وَهُوَ اللَّطِيفُ الْخَبِيرُ). خودای گەورە کە ئەو گەردوونەی بۆ دروست کردووین، تەنیا ئەویش دەزانێت چی بۆمان باشە یان خراپە، بەڵام سیاسەت گرێ دراوە بە مرۆڤەوە کە چۆن لەگەڵ خێزان و کۆمەڵگە و دەوروبەریدا هەڵسوکەوت بکات، واتە بۆ کاروباری دنیایی و بەڕێوەبردنی کاری ڕۆژانەی مرۆڤەکانە، بەڵام وەکو دین و ئیسلام، ئەوە پەیوەندیی نێوان خودا و بەندەکانیەتی و مرۆڤ لەگەڵ مرۆڤ و ئەوەی لە بەرژەوەندیی بەندەکان و مرۆڤە، ئەوە لە ئیسلامدا هاتووە. هەروەها دەستەواژەی سیاسەت لە قورئاندا بە هیچ جۆرێك نەهاتووە و تا ئێستاکەش لە قورئانی پیرۆزدا نەهاتووە کە دین و ئیسلام بە سیاسەت بکەیت. دین شتی هەق و دروست دیاری دەکات، بەڵام سیاسەت هونەرێکە بۆ گەڕان بە دوای شتێکدا کە بەرژەوەندیی کۆمەڵێك، یان گرووپێك لەخۆ بگرێت، واتە سیاسەت ١٠٠٪ لەسەر بەرژەوەندی ڕادەوەستێت و وەك ئایین نییە، هەر بۆیە دین دەزانێت چی لە بەرژەوەندیی ئێمەیە و بۆی دیاری کردووین.

**دەستەواژەی سیاسەت لە قورئاندا بە هیچ جۆرێک نەهاتووە و تا ئێستاکەش لە قورئانی پیرۆزدا نەهاتووە کە دین و ئیسلام بە سیاسەت بکەیت**

دین بە سرووشتی خۆی، هیدایەتی مرۆڤەکانە و عیبادەتە و پەیوەندیی مرۆڤەکانە لەگەڵ خودای گەورە، ئەگەرچی سیاسەت بەرژەوەندی و ململانێی تێدایە، بۆیە دەتوانین بڵێین سیاسەت و ئایین هەر یەکەی لە لە دۆڵێکدایە. لێرەدا چاوپێکەوتنێکی جەنابی سەرۆك بارزانی دەهێنینەوە کە فەرمووی ململانێی لایەن و حزبە علمانییەکان لەسەر کورسی و دەسەڵاتە و ململانێی نێوان حزبە ئیسلامییەکانیش بۆ کورسی و دەسەڵاتە و ململانێ و سیاسەتەکەیان لەسەر ئایەت و فەرموودەیەکی پێغەمبەر (د.خ) نییە، بەڵکو تەنیا لەپێناو بەرژەوەندی و گەیشتنە بە دەسەڵات.

**دین شتی هەق و دروست دیاری دەکات، بەڵام سیاسەت هونەرێکە بۆ گەڕان بە دوای شتێکدا کە بەرژەوەندیی کۆمەڵێک، یان گرووپێک لەخۆ بگرێت**

**سیاسەت دروستکردنی جیاکاری و دژایەتییە لە نێوان کۆمەڵگەدا، ئەگەرچی ئایین و ئیسلام مەنهەجێکە بۆ ئاسوودەیی و سەرکەوتنی مرۆڤ لە کاروباری ڕۆژانە و دنیادا بەگشتی و بوونی یەکسانی و دادپەروەری لە نێوان ئادەمیزاد و کۆمەڵگەکاندا**

بە شێوەیەکی دیکە، سیاسەت دروستکردنی جیاکاری و دژایەتییە لە نێوان کۆمەڵگەدا، ئەگەرچی ئایین و ئیسلام مەنهەجێکە بۆ ئاسوودەیی و سەرکەوتنی مرۆڤ لە کاروباری ڕۆژانە و دنیادا بەگشتی و بوونی یەکسانی و دادپەروەری لە نێوان ئادەمیزاد و کۆمەڵگەکاندا. هەر بۆیەش لە زۆربەی وڵاتانی موسڵمانان کە سیاسەت، بەتایبەت بیروباوەڕی ئیخوان موسلیمین لە ناویاندا هەیە، بە نموونە وەکو میسر، کێشە و فەوزای زۆری تێدایە، واتە لە هەر شوێن و وڵاتێك ئیسلامی سیاسی هەبێت، ئەوە شوێنێکە بۆ لەدایکبوونی فەوزا و کێشە و گرفت لەو کۆمەڵگەیەدا.

*** بەپێی ئەم مێژووەی ئیخوان موسلمین، ئەوە دەرکەوتووە کە فیکری ئیسلامی سیاسی، بایەخ بە پرسی خاك و نەتەوە نادات و، پیرۆزییەکانی نەتەوە بێ بەها دەکەن. ئایا سڕینەوەی ئینتیما و پیرۆزییەکانی نیشتمانی چ کارەساتێکی لێ دەکەوێتەوە؟**

- بیری لایەنە سیاسییەکانی ئیسلامی هەر لەسەر ئەوە دروست بووە، وەك دەڵێن: «ئەگەر تۆ لەگەڵ من نەبیت، ئەوە من دژی دینی تۆشم»، نەك دژی خاك و نیشتمان و ئینتیمای نەتەوەیی و بەرژەوەندییە باڵاکانی نیشتمان، بەڵکو بە شێوەیەکی وای دەچوێنن کە کوفرە، بەڵام من دەڵێم: بە هیچ ڕەنگێك ئەحزابی ئیسلامی بەتایبەتی ئیخوان موسلیمین کە ئەزموون هەیە و خۆیان گەیاندووەتە دەسەڵات لە میسر و تونس، یان لە فەلەستین (لە بەشی زەفەی ڕۆژئاوا) نەیانتوانیوە کۆمەڵگە و خاکەکەیان بپارێزن، تاوەکو ببنە خاوەن دامەزراوە و دەوڵەتیش، چونکە مەنهەجی ئەوان ئەوە نییە کە لەسەر ئینتیمای نیشتمان بێت، بەڵکو مەنهەجی ئەوان بەپێی قسەیان گەیشتنە بە دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی، ئەگەرچی لەسەر ئەو بیروباوەڕە بە هیچ جۆرێك ناتوانن گیانفیدایی بکەن و پارێزگاری و داکۆکی لە وڵات بکەن، لەلایەکی دیکەوە هەر لە ناو خۆیاندا ئیخوان موسلیمین تەفریقە و دژایەتی یەکتر و ململانێیان هەیە، تا ئاستێك هەموویان وەکو یەك تا دواخاڵ ئینتیمایان بۆ حزبەکەی خۆیان نییە و زیاتر بۆ بەرژەوەندیی کەسی و تاقم تاقم کار دەکەن. من زانیاریم لەسەریان وەرگرتووە، لە ئێستادا جەمەعاتەکانی ئیخوان موسلیمین لە نێوان خۆیاندا ململانێ و دژایەتیی زۆر و گەورەیان کەوتووەتە نێوان، بەتایبەت لەسەر بەرژەوەندی و دەسەڵات و کورسی، هەموو ئەوانە دەری خستووە کە ئینتیمایان بە جددی بۆ بیروباوەڕ و حزبەکەشیان نییە، بەڵکو وەکو هۆکارێك بیروباوڕ و حزبەکە بەکار دەهێنن بۆ گەیشتن بە دەسەڵات، لەلایەکی دیکەوە هەموو ئەو لایەن و حزبە ئیسلامییە سیاسییانە ئامادە و پێگەیشتوو نین بۆ سەرکردایەتی و بەڕێوەبردنی وڵات، لە کوردستانی خۆشمان من نەمدیتووە کە ئەو حزبە ئیسلامییانە (یەکگرتوو، کۆمەڵ، یان بزووتنەوە و..هتد) بێن بەرگری و پارێزگاری لە وڵات بکەن، یان لەپێناو ئەو هەرێمی کوردستانە یەك شەهید بدەن، هەر بۆیەش ئەو لایەنانەش ئینتیمای نیشتمان لەبەر چاوی خەڵك بچووك دەکەنەوە و کار و هەوڵیان بۆ ئەوەیە کە خەڵك هەڵخەڵەتێنن و وا بکەن کە بەرگری لە خاك و نیشتمان و نەتەوە نەکەن و نەهێڵن و ڕێز لە پیرۆزییەکانی نیشتمان و گەل بگیرێت، لە عێراقیش من دیتم، ئەو حزبە ئیسلامییانە لەگەڵ لایەن و حزبی نیشتمانی نەبوون، بەڵکو لەگەڵ دوژمن بوون و ئامانجی سەرەکییشیان شکاندن و لەناوبردنی بەرانبەرە، هاوکات سایت و سۆشیال میدیای سێبەری ئەو حزبە ئیسلامییانە بەردەوام بۆ شکاندن و نەهێشتنی ئینتیمای نیشتمان و نەتەوە و خاك کار دەکەن، بەڵام خەڵك کە دەبینێت لایەنێکی وەکو پارتی دیموکراتی کوردستان بەدرێژایی تەمەنی ڕووبارێك خوێنی داوە و هەزاران شەهیدیان هەیە لەپێناو پاراستنی خاك و گرنگیدانی بەردەوامیان بۆ ئینتیمای نیشتمان و نەتەوە، ئەوە هیچ دەست و توانایەك نییە، بتوانێت ئەو بیر و عەقیدەیە لەلای ئەو حزبە پێشڕەو و سەرکردەیەی گەلی کوردستان لەبیر کەس بباتەوە. ئەگەرچی دەزانین، ئەو حزبە ئیسلامییانە زۆر پیلان و هەوڵی بەردەوام و کاری دژیان ئەنجام داوە، بۆ کاڵکردنەوەی ئەو ئینتیمایە و بە هەڵە تێگەیاندنی خەڵك لە سیاسەت و ئەو حوکمڕانییە ڕاست و دروستەی کە پارتی و حکومەتی کوردستان پیادەی دەکات.

*** ئێمە وەك گەلێکی موسڵمان (گەلی کورد)**

**هەر لە ناو خۆیاندا ئیخوان موسلیمین تەفریقە و دژایەتی یەکتر و ململانێیان هەیە، تا ئاستێك هەموویان وەکو یەك تا دواخاڵ ئینتیمایان بۆ حزبەکەی خۆیان نییە و زیاتر بۆ بەرژەوەندیی کەسی و تاقم تاقم کار دەکەن**

**سایت و سۆشیاڵ میدیای سێبەری ئەو حزبە ئیسلامییانە بەردەوام بۆ شکاندن و نەهێشتنی ئینتیمای نیشتمان و نەتەوە و خاک کار دەکەن**

**خاوەنی مێژوویەکی پاکی موسڵمانیەتی و کوردایەتین و چەندین زانای گەورەی ئیسلامیمان هەیە، هەر لە ئەحمەدی خانییەوە تا دەگاتە مەولەوی و نالی، بۆچی ئیسلامی سیاسی ئەم مێژووە فەرامۆش دەکات؟**

- سرووشتی ئەحزابی ئیسلامی سیاسی ئاوایە، هەر کاتێك لایەنێك، یان حزبێك هەندێ ڕاستی دەربخات، ئەوان لیستێکی پڕ لە بێبەختی و شتی خراپ و درۆ و نەگونجاو بڵاو دەکەنەوە، تاوەکو خەڵك لەو ڕاستییانەی هەیە، دوور بکەونەوە و بەرەو ئەو لایە بڕۆن کە ئەوان مەبەستیانە. بەپێی ئەو زانیارییانەی من هەمە لەسەر ئەو لایەنە ئیسلامییە سیاسییانە، نەك تەنیا لە کوردستان، بەڵکو لە وڵاتانی دیکەش بە هەموو شێوەیەك هەوڵ دەدەن، سەرکردەی وڵاتەکە بشکێنن و شتی زۆر نەشیاوی بۆ دروست بکەن، وەکو ئەوەی کە موسڵمان نین، یان لەگەڵ دین نین. پڕۆپاگەندەی وا دروست دەکەن کە کار و بەرنامەی نائیسلامییان لە وڵاتەکە بڵاو کردووەتەوە و لەسەری دەڕۆن، ئەمەش زیاتر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە سیاسەتی ئیخوان موسلیمین زیاتر بڵاوکردنەوەی بیر و هزری عروبەیە. لێرەدا نموونەیەك دەهێنمەوە لەو بارەوە کە حەسەن بەننا پێش ئەوەی ئیخوان موسلیمین دابمەزرێنێت، ئەوە چەندین دەستە و ڕێکخراوی دینیی وەکو (جەمعیەت ئەخلاق ئەدەبی ) یان (جمعیەت موحرەمات) و چەندانی دیکە و، دواتر ئیخوان موسلیمین کە لە ساڵی ١٩٢٨ لە شاری ئیسماعیلیە دروستی کرد، پاشان بارەگاکەی ئیخوانی لە ساڵی ١٩٣٢بۆ قاهیرە گواستەوە، کە خەڵك بە دوایان کەوت، بەو مەبەستەی کە دوای ڕووخانی خەلافەتی ئیسلامی کار بۆ گەڕاندنەوەی خەلافەتەکە دەکات، چونکە تەنیا ئیسلامە چارەسەری کێشە و گرفتەکان دەکات، ئەگەرچی ئەوەی ئەوان پیادەیان دەکرد، زیاتر بۆ گەیشتن بە دەسەڵات و بەرژەوەندییەکان بوو، نەك بۆ ئیسلامی ڕاستەقینە و تەواو. ئێمە دەزانین کە حەسەن بەننا، زانیاریی تەواو باشی لەسەر دین نەبووە و کەسیش نەبووە تێیان بگەیەنێت کە (ئیسلام دینە، نەك دەوڵەت) و (عیبادەتە، نەك سیاسەت) و (عەقیدەیە نەك شەریعەت).

بە شێوەیەکی دیکە دەیانویست وا لە خەڵك بگەیێنن کە لەسەر دەستی حەسەن بەننا، ئەو وڵاتە ئیسلامییانەی لەژێر دەستی وڵاتانی داگیرکەر و غەیرە ئیسلامین، ڕزگار بکرێن و دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی دابمەزرێت. لەلایەکی دیکەوە ئیخوان موسلیمین وا نیشان درا، کە دەعوەیەکی سەلەفییە و ڕێگەیەکی سوننەیی و سۆفییە و دەستەیەکی سیاسییە و کۆمەڵەیەکی وەرزشییە و ڕابیتەیەکی زانستی و ڕۆشنبیرییە و کۆمپانیایەکی ئابوورییە و بیروباوەڕێکی کۆمەڵایەتییە، ئەوە هەمووی بۆ سەنجراکێشانی خەڵك و موسڵمانانان بوو، کە ئیخوان موسلیمینیان بەو شێوەیە پیشان دا و، بۆ ئەوەی حەسەن بەننا خۆی لە بیری تەسك ڕزگار بکات، تا زیاتر گشتگیر و نیشتمانی و نەتەوەیی بێت، ئەگەرچی لایەنی عروبە زیاتر بەسەریدا زاڵ بوو. چۆن دەبێت لە ناو وڵاتێکی عەرەبیدا نەبێت و کێشەت لەگەڵ عەرەب و عروبە هەبێت و، عروبە دوژمنی ئەو گەلە بێت؟ ئەو هەموو دەربەدەری و جینۆساید و خوێنڕشتنەی بەسەر میللەتی کورددا هاتووە، بەدەستی عەرەب بووبێت، چۆن لەو وڵاتەدا حزبێك دروست دەکەیت، ئەساس و هەموو بنەماکانی لەسەر عروبە بێت، کە بتەوێت لە ناو گەلی کورد و لە کوردستان لەو هەرێمەدا جێبەجێی بکەیت؟ دیارە ئەو حزبە بە هیچ جۆرێك بۆ کوردایەتی کار ناکات. ئەگەرچی میللەتی کورد هەموو سەرکردە و پێشەوایەکانی موسڵمانان بوون و عیبادەت و ڕێبازێکی جوانی ئیسلامیان پەیڕەو کردووە و کار و هەموو هەوڵەکانی گەلی کورد و سەرکردەکانی بۆ پێکەوەژیان و ئاشتی و لێبوردەیی بووە. بۆیە ئەو بیر و هزرە جوان و پێشکەوتووە لەگەڵ حزبێکی ئیسلامی و عروبەدا ناگونجێت، چونکە ئەو حزبە ئیسلامییە هەموو کات پیلان و کاری بۆ ئەوەیە کێشە بۆ ئەو وڵاتە و ناشیرینکردنی سەرکردەکانی دروست بکات.

*** حزبە ئیسلامییەکان پرۆسەیەك بەڕێوە دەبەن، وەك ئەوەی بیانەوێت سەرلەنوێ کۆمەڵگەی کوردستان ئیسلام بکەنەوە، ڕاشکاوانەتر وەك ئەوەیە میللەتی ئێمە موسڵمان نەبووبێت و ئەوان بیانەوێت موسڵمانی بکەن.**

**ئەو لایەنە ئیسلامییە سیاسییانە، نەک تەنیا لە کوردستان، بەڵکو لە وڵاتانی دیکەش بە هەموو شێوەیەک هەوڵ دەدەن، سەرکردەی وڵاتەکە بشکێنن و شتی زۆر نەشیاوی بۆ دروست بکەن، وەکو ئەوەی کە موسڵمان نین، یان لەگەڵ دین نین**

**میللەتی کورد هەموو سەرکردە و پێشەوایەکانی موسڵمانان بوون و عیبادەت و ڕێبازێکی جوانی ئیسلامیان پەیڕەو کردووە و کار و هەموو هەوڵەکانی گەلی کورد و سەرکردەکانی بۆ پێکەوەژیان و ئاشتی و لێبوردەیی بووە**

**ناتوانرێت لە ناو ئیسلامدا ئیسلامێکی دیکە دروست بکرێت، بەڵام ئەو حزبە ئیسلامییە سیاسییانەی ئێستا، چەند ئیسلامێکیان لە ناو ئیسلامدا دروست کردووە**

**ئایا دەکرێت ئیسلامەتی تەنیا ئەو ئیسلامە بێت کە حزبە ئیسلامییەکان پێناسەی دەکەن؟**

- حزبە ئیسلامییە سیاسییەکان دەیانەوێت ئیسلامێك دروست بکەن کە خۆیان دەیانەوێت، ئەگەرچی ئیسلام ئەو دینەیە کە هەموو موسلمانان کۆ دەکاتەوە و ناتوانرێت لە ناو ئیسلامدا ئیسلامێکی دیکە دروست بکرێت، بەڵام ئەو حزبە ئیسلامییە سیاسییانەی ئێستا، چەند ئیسلامێکیان لە ناو ئیسلامدا دروست کردووە. خودای گەورە ئەمرمان پێ دەفرموێت کە ئیسلام یەکە و یەك ئامانجی بۆ هەموو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی هەیە. واتە ئیسلام دەبێ یەك بێت و ناکرێت ئیسلامێك دروست بکەیت کە خۆت دەتەوێت و ئەو ئیسلامە خودای گەورە دروستی کردووە ڕەتی بکەیتەوە، خودای گەورە دەفەرموێت: «إِنَّ هَـٰذِهِ أُمَّتُكُمْ أُمَّةً وَاحِدَةً وَأَنَا رِبُّكُمْ فَاعْبُدُونِ». خودای گەورە وای کردووە کە میللەت هەمووی یەك بێت، تۆ ناتوانیت ئیسلام بەپێی ویست و حەزی خۆت بەڕێوە ببەیت، چونکە بەو شێوەیە زۆر جیاوازی و ناکۆکی لە نێوان موسڵماناندا دروست دەبێت و ژیان زۆر ناخۆشی و زەحمەتیی بۆ دروست دەبێت. لەو بارەوە خودای گەورە دەفەرموێت: «وَلَا تَكُونُواْ كَٱلَّذِينَ تَفَرَّقُواْ وَٱخْتَلَفُواْ مِنۢ بَعْدِ مَا جَآءَهُمُ ٱلْبَيِّنَـٰتُ ۚ وَأُوْلَـٰٓئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ». خودا ئەو ئیسلامەی لەکاتی پێغەمبەر (د.خ) تا ئێستا هەمووی بۆ ئێمە دیاری کردووە و یەك جۆر و شێوە لە ئیسلام هەیە، بەڵام ئەو ئیسلامەی کە هەندێ مرۆڤ، یان ئیسلامی سیاسی بە حەز و ویستی خۆیان بیانەوێت تەفسیری بکەن، ئەوە کێشە و گرفت و دژایەتی و ململانێ لە نێوان موسڵمان و هەموو مرۆڤایەتیدا دروست دەکات و موسڵمانان بەو جۆرە سەنگیان نامێنێت. وەکو خودا دەفەرموێت (وَلَا تَنَازَعُوا فَتَفْشَلُوا وَتَذْهَبَ رِيحُكُمْ). مادام خودای گەورە ئەو دینەی بۆ ئێمە ناردووە کە خۆی دەیەوێت، ئەو کتابە کە قورئانە مەنهەجە و دەستوورە و ئێمە وەکو ئیسلام مامەڵەی لەگەڵ دەکەین، ناکرێت بۆ کاروباری دنیا و سیاسەت و بەڕێوەبردن، بە ویستی خۆت بەکاری بهێنیت.



مەلا مستەفا بارزانی فەرمووی:

## «ترسی ئەوەم هەیە، ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەو کەسانە لەیاد بکرێن کە زەحمەت و ماندووبوونێکی زۆریان بینیوە»

# سەیدا مەلا عەلی دۆسکی کێیە و ئێستا لە کوێیە؟

ساڵی (٢٠٢٤) لە ڕۆژێکی زستانیدا لە شوێنی کارکردنم لە لقی سۆرانی یەکێتیی زانایان، کورتە ڤیدیۆیەکم لەسەر مۆبایل بینی، کە پەیجێکی سنووری دهۆك سەردانی ماڵی کوڕەکانی (سەیدا مەلا عەلی یێسفکی- دۆسکی )یان کردووە، لەژێر ناونیشانی «چاوپێکەتن لەگەڵ کەسوکاری پێشمەرگەیەکی شۆڕشی ئەیلوول و قازیی لە شۆڕشی گولان».

بۆ من ئەو دیدارەیان ناخهەژێن بوو. کەوتمە بیری ئەو ڕۆژانەی بۆ یەکەم جار لە ساڵی (١٩٨٣) بە خزمەتی گەیشتم و پێی ئاشنا بووم. ڕۆژە سەختەکانی شۆڕشی گولان و ئاوارەیی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، هەروەها شوێن و پێگەی (سەیدا مەلا عەلی دۆسکی) هاتەوە یادم، کە لە لە تەمەنی هەشتا ساڵی، لە ژوورێکی سێ بە چوار و بە تەنیا دەژیا و خواردن و خۆراکی ڕۆژانەی بۆ خۆی ئامادە دەکرد، دوور لە خێزان و جگەرگۆشەکانی، دوور لە مزگەوت و میحراب و تەدریس و ماڵی گەرموگوڕی خانەوادەی، کە جێی هێشتبوون لەپێناو دۆزی ڕەوای گەلەکەی، هەر لە ئاوارەییشدا سەری نایەوە و بواری ئەوەی نەبوو، کەسوکار و خێزان و منداڵەکانی ببینێتەوە. گۆڕی پیرۆزیشی لە گۆڕستانی شەهیدانی (زێوە – مەلا باستەك) لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. من شەرەفی ئەوەم پێ بەخشرا، ماوەیەکی زۆر لە خزمەتیدا بخوێنم و لەکاری ئیدارییش بۆ ماوەی شەش ساڵ کاتبی بەردەستی بووم، کە ئەوکات قازیی شۆڕش بوو.

مەبەستم لەم کورتە نووسینە، تەنیا ئەوەیە بپرسم: چ ڕەوای حەقە، کەسانی پلە باڵا و دەستڕۆیشتووی ئەمڕۆ هەر لە دوای ڕاپەڕینەوە تا ئێستا ڕۆژێك ویژدانیان نەجووڵا و، ئەو مرۆڤە تێکۆشەرەیان بەبیر نەهاتەوە، ئاوڕێك لە خانەوادەکەی بدەنەوە، کە تا ئێستاش لەو پەڕی هەژاری و نەداریدا دەژین و، بە چاوی پەشیمانی لە ڕابردووی باوکیان دەنوارن!!

زۆر لە جێی خۆیەتی کە بارزانیی مەزن فەرموویەتی: «ترسی ئەوەم هەیە، ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەو کەسانە لەیاد بکرێن، کە زەحمەت وماندووبوونێکی زۆریان بینیوە. ئەوانە زوڵم و دیکتاتۆریەتیان ڕەت کردەوە و بۆ پارە و سامانی دنیا کاریان نەکرد، خەباتگێڕ و شۆڕشگێڕ بوون و دوای عەقیدە و ڕێبازێکی پیرۆز کەوتبوون».

زۆرن ئەو کەسانەی ڕۆژێك سارد و گەرمیان نەبینیوە، ئێستا خۆیان خانەوادەیان لە ڤێلا و مەزرەعە و گەشتی وەرزیی ئەورووپا بەو پەڕی ڕەفاهییەتەوە دەژین، تەنانەت بۆ حەبێکی ژانە سەر سەردانی گەورەترین نەخۆشخانەکانی دەرەوەی وڵات دەکەن، کەچی هەزارانی وەکو (سەیدا مەلا عەلی) و خێزان و خانەوادەکەی لە بیر کراون و پشتگوێ خراون و بە حەسرەتەوە سەردەنێنەوە!!



مەلا ڕەسووڵ گەزنەیی
کارگێڕی لقی سۆرانی یەکێتیی زانایانی ئاینیی ئیسلامی کوردستان
بۆ گولانی نووسیوە



پرۆفیسۆر دانییێلا ئیرێرا بۆ گوڵان:

# پێویستە سیستەمە جیهانییەکە لەگەڵ هەلومەرجی ئێستادا بگونجێندرێت

# دیمانەی تایبەت

**دانییێلا ئیرێرا، پرۆفیسۆری زانستی سیاسی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە لە سکوولی دیراساتی پێشکەوتووی ئەمنی لە سەنتەری دیراساتی باڵای ئەمنی لە زانکۆی کاتانیا لە وڵاتی ئیتاڵیا، هەروەها پێشتر وانەبێژی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بووە لە بەشی زانستە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لە زانکۆی ناوبراو. بۆ تاوتوێکردنی پێشهات و ئەگەرەکانی پەیوەست بە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا و، شرۆڤەکردنی ڕۆڵی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و پایە و بەهاکانی ئەوەی پێی دەگوترێت «سیستمە جیهانییەکە»، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجام دا.**

*** ئاشکرایە ئەوەی پێی دەگوترا هێرشی پێچەوانە یان دژە هێرشی سوپای ئۆکرانیا بۆ ڕزگارکردنی پانتاییەکی بەرفراوانی خاکەکەی، ئەنجامێکی ئەوتۆی لێ نەکەوتەوە، لە بری ئەوە پەرەسەندنەکانی ئەم دواییە ئاماژەیان بەوە کرد، کە سوپای ڕووسیا توانیویەتی تا ڕاددەیەك گۆڕەپانی شەڕەکە لە بەرژەوەندیی خۆی بگۆڕێت، ئێوە چۆن لەم پێشهاتانە دەڕوانن و پێتان وایە دۆخەکە بە چ ئاراستەیەکدا دەڕوات؟**

- لە ڕاستیدا ئەوە ئاشکرایە کە بارودۆخی گۆڕەپانی شەڕەکە لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا ئاڵوگۆڕ و گۆڕانکاریی بەخۆیەوە بینیوە، لە ئێستاشدا ئاماژەیەکی بنەڕەتی لە ئارادا نییە کە بتوانین لە ڕێگەیەوە پێشبینیی ئەوە بکەین، ئاراستە و ئاقاری دۆخەکە چۆن دەبێت لە داهاتوودا. هەرچەندە دەکرێت لەم ڕووەوە شرۆڤەکار و کەسانی پسپۆڕ و تایبەتمەند و چاودێری ئەم بوارە، دید و تێڕوانینی جیاوازیان هەبێت. هەرچۆنێك بێت، پێم وایە هەڕەشەی پەنابردنەبەر بەکارهێنانی چەکی ناوکی هەندێ کاریگەریی دەبێت و هەندێ دەرهاویشتەی لێ دەکەوێتەوە، ئەویش لە ڕووی دروستکردنی ئەوەی پێی دەگوترێت بەرپەرچدانەوە، بەڵام پێم وانییە جەنگەکە بە ئاراستەی جەنگێکی ناوکی هەڵکشێت. چونکە هیچ هێزێکی سیاسی نییە لە نێویاندا ڕووسیا، بەرژەوەندیی لە هەڵگیرسانی جەنگێکی لەم چەشنەدا بێت.

*** هەر لە پەیوەندی بە توانای شەڕکردنەوە، باس لەوە دەکرێت کە زۆرێك لە چەك و کەرەستە سەربازییەکانی سوپای ئۆکرانیا لەناوچوون و توانا مرۆییەکەشی داکشاوە و کەم بووەتەوە، تەنانەت باس لەوە دەکرێت کە کۆگای چەکی**

**ناتۆ لە کەمیی داوە و پشتیوانیی سیاسییش بۆ ئەم شەڕە بەوەکالەتە بەرەو کزبوون و کەمبوونەوە دەچێت. کەواتە دەکرێت لەم ڕووەوە بڵێین کە بارودۆخەکە مایەی ڕەشبینییەکی تەواوە بۆ ئۆکرانیا؟**

- ئەگەرچی وا دەردەکەوێت کە هێزە سەربازییەکانی ئۆکرانیا تووشی پاشەکشە بوونەتەوە لە گۆڕەپانی شەڕدا، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەوە بەدی دەکرێت کە سەرۆك زینلینسکی بەردەوامە لە بەدەستهێنانی پشتیوانی و پتەوکردنی پێگەی دەسەڵاتی خۆی، هەروەها دەکرێت ئەوە بڵێین ئەگەری ئەوە هەیە کە شەڕەکە بۆ ماوەیەکی درێژ بەم شێوەیەی ئێستا بەردەوام بێت، تا ئەو کاتە دەگاتە دۆخێکی چەقبەستوو و بە بنبەستگەیشتن کە تێیدا تەنیا جەخت لەسەر چەند ناوچەیەك بکرێتەوە، بە چەشنی دۆنباس، کە پتر ئەگەری ئەوەی لێ دەکرێت، ڕووبەڕووی کاری زیاتری دوژمنکاری ببێتەوە. لە هەمان کاتدا، هەر لە ئێستاوە زۆرێك لە هێزەکان بایەخ بەو هەلومەرجە دەدەن، کە لە دوای شەڕەکەوە دروست دەبێت و دێتەئاراوە و ئەو پرۆسەی بنیادنانەوە و ئاوەدانکردنەوەیەی کە جێبەجێ دەکرێت، بەهەرحاڵ، دەکرێت بڵێین بە شێوەیەکی گشتی بارودۆخەکە بە چەشنێکە کە قابیلی پێشبینیکردن نییە.

*** بە تێڕوانینی ئێوە ئایا دەبوو و دەکرا، وڵاتانی ڕۆژئاوا چ شتێکی جیاوازیان ئەنجام بدایە بۆ هاوکاریکردن و یارمەتیدانی وڵاتی ئۆکرانیا، بە شێوەیەك کە ببێتە هۆی ئەوەی ڕووسیا درێژە بە دەستدرێژکاری و داگیرکارییەکەی نەدات؟**

- ئەوەی لەم ڕووەوە ڕوونە، ئەوەیە کە وڵاتانی جیهانی ڕۆژئاوا کاردانەوە و پەرچەکردارییان هەیە لەبارەی هێرشە بەردەوام و یەك لە دوای یەکەکانەوە بۆ سەر سیستمە جیهانییەکە و بۆ سەر سەقامگیری، ئەویش لە ڕوانگەی بەرژەوەندییە سیاسییەکانیان و بایەخپێدانە ستراتیژییەکانیانەوە، لە ڕاستیدا پێویستی ڕێزگرتن لە ڕێسا هەمەلایەنەکان و پاراستنی خەڵکی لە جەنگ و دەرهاویشتەکانی و لە جینۆساید و ڕاگرتن و بەرگرتن بە پێشێلکارییەکانی مافەکانی مرۆڤ، پەیوەستن بە هاوکێشەکانی هێز و پێکهێنانی هاوپەیمانێتییەکانەوە، لەبەر ئەوە زەحمەت بوو، چاوەڕوانی کاریگەری و دەستڕۆیشتوویییەکی زیاتر بکرێت، بەتایبەتی لە پەیوەندی بە ڕۆڵی ڕووسیاوە.

*** بەم دواییە وڵاتانی ڕۆژئاوا ڕێکار و سزای ئابووری و دارایی زیاتریان بەسەر ڕووسیادا سەپاند، بەڵام ئەوەی تا ئێستا بەدی کراوە، ئەوەیە کە ڕووسیا نەك هەر توانیویەتی بەرگەی ئەم سزایانە بگرێت و بەرەنگاری ئەم ڕێکارانە ببێتەوە، بەڵکو هەوڵ و کۆششی کردووە، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی یەکجارەکی ئابوورییەکەی لە ئابووریی ڕۆژئاوا داببڕێت و ئاوێتەی جیهان و وڵاتانی غەیرە ڕۆژئاوایی ببێت. کەواتە ئایا دەکرێت بڵێین ئەم سزایانە ناکارا و ناکاریگەر بوون و تەنانەت کاریگەریی پێچەوانەیان لێ کەوتووەتەوە؟**

- سەرەتا دەبێت ئەوە بڵێین کە سزاکان ئامرازێکن و دەکرێت بە پرۆسەیەکی مەرجداری نەرێنی وەسفی بکەین، کە بە شێوەیەکی دووبارە پەنا بۆ گرتنەبەر و بەکارهێنانیان بردراوە لەلایەن دەوڵەتەکانەوە بۆ ڕێکخستنی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ هەندێ لە هێزەکانی دیکە، یان لە پێناو بەدیهێنانی دەرئەنجامێکی بەهێزتردا، بە تێپەڕبوونی کات و ساڵ لە دوای ساڵی بە شێوە و شێوازی جیاواز و داهێنەرانە، لە هەلومەرج و بارودۆخە جیاوازەکاندا بەکارهێنراون، بەڵام لە هەموو حاڵەتەکاندا جۆرێك لە کاریگەری و دەرهاویشتە دێنەئاراوە. ڕاستە ڕووسیا (وەك ئێوە لە پرسیارەکەتاندا ئاماژەی پێ دەکەن) هەوڵ دەدات، ئابوورییەکەی ئاوێتەی ئابووریی وڵاتان و جیهانی غەیرە ڕۆژئاوا بکات، بەڵام نابێت ئەوەمان لەبیر بچێت کە ڕووسیا لەم ڕووەوە باجێکی گەورەی سیاسیی داوە، کەواتە دەکرێت سزاکان جۆرێك لە کاریگەری و دەرئەنجامیان لێ بکەوێتەوە کە جیاواز بێت لەو دەرئەنجامەی چاوەڕوان دەکرا، بەڵام ناکرێت بە ناکارا و ناکاریگەر وەسف بکرێن.

*** هەروەك ئاشکرایە ئەرکی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە کە کار بۆ پاراستنی ئاشتی و سەقامگیری و ئاسایش بکات لە جیهاندا، بەڵام ئەوەی لەم ڕووەوە ڕوونە، ئەوەیە کە ئەم ڕێکخراوە ڕۆڵێکی ئەوتۆی نەبووە لە کارکردن**

**پێم وانییە جەنگەکە بە ئاراستەی جەنگێکی ناوکی هەڵکشێت. چونکە هیچ هێزێکی سیاسی نییە لە نێویاندا ڕووسیا، بەرژەوەندیی لە هەڵگیرسانی جەنگێکی لەم چەشنەدا بێت**

**ئەنجومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان (کە ئەرکەی بریتییە لە پاراستنی ئاشتی و سەقامگیری و ئاسایش) کەوتووەتە ژێر باری هاوکێشەی هێز و بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتە بەهێزەکانەوە**

**ئەنجامدانی چاکسازی لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا کارێکی پێویستە و دەبێت بکرێت، چونکە ئەم ڕێکخراوە ڕەنگدانەوە واقیعی سیستمێکی جیهانییە کە لە ئێستادا ئەو سیستمە لە ئارادا نەماوە**




**بۆ ڕاگرتن و کۆتاییهێنان بە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا، ئایا ئێوە چۆن لەم ناکاراییەی نەتەوە یەکگرتووەکان دەڕوانن؟ ئایا پێتان وایە لە ئەنجامی ئەم ناکاراییەوە جیهان کەمتر ئاشتیی بە خۆیەوە دەبینێت؟ ئایا پێت وانییە پێویستە ئەم ڕێکخراوە دووبارە ڕێك بخرێتەوە و چاکسازیی تێدا بکرێت؟**

- لە ڕاستیدا ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان هەمان ڕێچکەی هەیە، مەبەستم ئەوەیە کە ئەنجومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان (کە ئەرکەی بریتییە لە پاراستنی ئاشتی و سەقامگیری و ئاسایش) کەوتووەتە ژێر باری هاوکێشەی هێز و بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتە بەهێزەکانەوە، لەم ڕووەوە کارێکی مەحاڵە کە هەنگاوێك هەڵبگرێت کە دژی ئەم ئاراستەیە بێت. لەبەر ئەوە منیش پێم وایە ئەنجامدانی چاکسازی لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا کارێکی پێویستە و دەبێت بکرێت، چونکە ئەم ڕێکخراوە ڕەنگدانەوە واقیعی سیستمێکی جیهانییە کە لە ئێستادا ئەو سیستمە لە ئارادا نەماوە. هەرچۆنێك بێت، هەر چاکسازییەکیش ئەنجام بدرێت، ئەوا جۆری پەیوەندیی نێوان دەوڵەتەکان کاریگەرییان لەسەری دەبێت و لە هەموو حاڵەتەکاندا سنووردار دەبێت بە ویست و ئیرادەی دەوڵەتە بەهێزەکان.

*** لە ڕوانگەی ئەوەی پێتان وایە پێویستە چاکسازی بکرێت لە نێو ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و، پرسی ئەوەی چیتر ئەم ڕێکخراوە ڕەنگدانەوەی سیستمێکی جیاوازە لەوەی ئێستا بەدی دەکرێت، ئایا پێت وایە پێویستە دووبارە سیستمی جیهانی لەسەر بنەمای بەهای جیاواز دابنرێتەوە؟ ئەگەر وایە ئایا پێویستە ئەو پرەنسیپ و بەها جیاوازانە چی بن؟**

- ئێمە دەزانین کە ئەو سیستمە فرەلایەنەی کە لە دوای کۆتاییهاتنی جەنگی سارد هاتە ئاراوە، بە ڕادەیەکی گەورە مژدەبەخش بوو، دەکرا بەکار بهێنرایە بۆ بەرەودان بە یەکسانییەکی زیاتر و ڕێکخستنی ئەدای وڵاتان و کەمکردنەوەی مەیلی هەڵگیرسانی شەڕ و هەڵکشانی توندوتیژی، لە ڕاستیدا لەم ڕووەوە پێویستیان بە کۆمەڵێك بەهای نوێ نییە، بەڵکو ئەوەی پێویستە لەم ڕووەوە ئەنجام بدرێت، ئەوەیە کە پێویستە بە شێوەیەکی کارا ئەو سیستمەی کە ئێستا لە ئارادایە لەگەڵ ئەو هەلومەرجەی هاتووەتە ئاراوە بگونجێنرێت.



**ستیڤن بلانک**
تویژەر و تایبەتمەندی پەیوەندییەکانی ڕووسیا و ئەمریکا بۆ گوڵان:

# پوتین پێی وایە ئەرکێکی مێژوویی لە ئەستۆیە بۆ بنیادنانەوەی ئیمپراتۆریەتی ڕووسیا

# دیمانەی تایبەت

**ستیڤن بلانك، توێژەری باڵایە لە پرۆگرامی ئیرۆئاسیا لە ئەنستیتۆتی توێژینەوەی سیاسەتی دەرەکی، شارەزا و تایبەتمەند و توێژەری چەند بوارێکی گرنگە، وەك پەیوەندییەکانی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ڕووسیا، کاروبارە سیاسی و سەربازییەکانی ئاسیا و ئەورووپا و ئاسایشی نێودەوڵەتی و، لەم ڕووەوە چەندین کتێب و توێژینەوە و وتاری نووسیوە، هەروەها لەلایەن ئاژانسی ناوەندیی هەواڵگریی ئەمریکا و چەندین ناوەندی توێژینەوەوە ڕاوێژی پێ کراوە. بۆ شرۆڤەکردن و تاوتوێکردنی پێشهات و ڕەوتی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا و هەوڵەکانی ڕۆژئاوا بۆ هاوکاریکردنی ئۆکرانیا و چەند بابەتی دیکەی پەیوەندیدار، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجام دا.**

*** شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا دوو ساڵی تێپەڕاند و هیچ ئەگەرێك لە ئاسۆدا نییە بۆ یەکلابوونەوەی ئەم شەڕە لە ڕووی سەربازییەوە، هەروەها هەوڵ و کۆششی جددیی سیاسی و دیپلۆماسییش لە ئارادا نییە بۆ گەیشتن بە چارەسەرێك، ئێوە چۆن لە بارودۆخەکە دەڕوانن، یان چۆن وەسفی ئەم شەڕە دەکەن؟**

- بە تێڕوانینی من دەکرێت ئەوەی دەگوزەرێت بەو شێوەیە وەسفی بکەین، کە ئەمە شەڕێکی دەستدرێژیکارانەیە، کە لەلایەن ڕووسیاوە لە دژی ئۆکرانیا بەرپا کراوە، ئامانج لەم شەڕەش (لە ڕوانگەی سەرۆك ڤلادمیر پوتینەوە) بریتییە لە دووبارە بنیادنانەوەی ئیمپراتۆریەتی ڕووسیا و دروستکردنی دووبەرەکی لە نێو ناتۆ و پتەوکردنی پێگەی تاکڕەوانەی خودی پوتین.

*** هەروەك ڕوونە، ڕووسیا نەیتوانیوە ئەو ئامانجانە بەدی بهێنێت کە خۆی ڕایگەیاندوون، واتە سەرباری دوو ساڵ زیاتر شەڕ و چڕکردنەوەی هەوڵەکانی لە بەرە و گۆڕەپانەکانی شەڕدا، بەڵام هێشتا دەرنجامێکی خوازراوی بەدەست نەهێناوە. پرسیارەکە ئەوەیە، بۆچی سەرباری ئەمەش هێشتا ڕووسیا پێداگری لەسەر درێژدان بە شەڕەکە دەکات؟**

- ئێمە دەبێت لەو ڕوانگەیەوە لەم پرسە بڕوانین کە پوتین کەسێکە ناتوانێت ئیعتیراف بە شکستی خۆی بکات و ڕایبگەیەنێت، چونکە ئەگەر ڕایبگەیەنێت کە شەڕەکەی دۆڕاندووە، ئەوا دەسەڵاتەکەی ڕووبەڕووی مەترسی دەبێتەوە، کە ئەمە هەمیشە ڕاستییەك بووە لە مێژووی ڕووسیادا، واتە دۆڕاندنی شەڕ بووەتە هۆی لاوازکردنی پێگەی ڕژێمە حوکمڕانەکە، خاڵێکی دیکە ئەوەیە کە حکومەتی ڕووسیا

**سەرۆک پوتین پێی وایە شەڕەکە دەباتەوە، چونکە وا وێنای دۆخەکە دەکات، کە ئۆکرانیا لە کێشە و تەنگژەدایە و وڵاتانی ڕۆژئاواش تاسەر بەردەوام نابن لە هاوکاریکردن و یارمەتیدانی ئەو وڵاتە**

**ئەگەر ئۆکرانیا هاوکاریی پێویستی بۆ دەستەبەر بکرێت، ئەوا دەتوانێت بەرەنگاری هێرشەکانی سوپای ڕووسیا ببێتەوە و ڕەوتی ڕووداو و پێشهاتەکانی شەڕەکەش بگۆڕێت**

**یەکێکی دیکە لە کێشەکان کە پەیوەسن بە سزاکانەوە، ئەوەیە کە ڕووسیا دەتوانێت ڕێگەیەک بۆ خۆدەربازکردن و خۆدزینەوە لێیان بدۆزێتەوە**

**چین پشتیوانیی مۆسکۆ دەکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەک و کەرەستەی سەربازی بۆ ڕووسیا دەستەبەر ناکات، چونکە نایەوێت ڕووبەڕووی کێشە ببێتەوە و ئابووربیەکەی لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە تووشی سزا ببێتەوە**

باوەڕی وایە کە وڵاتی ئۆکرانیا بەشێکە لە ڕووسیا و بەکار هێنراوە بۆ هێرشکردنەسەر ڕووسیا، واتە حکومەتی ڕووسیا باوەڕی بەم بانگەشە بێ بنەمایانە هەیە، هەروەها خودی پوتین پێی وایە کە ئەو ئەرکێکی ئاسمانی، یان مێژووی لە ئەستۆیە و دەبێت ئیمپراتۆریەتی ڕووسیا بنیاد بنێتەوە، لەبەر ئەوە ناتوانێت ددان بە شکستی خۆیدا بنێت.

*** واتە هێشتا سەرۆك ڤلادمیر پوتین نەگەیشتووتە ئەو دەرئەنجامەی کە ئەو خۆی لە شەڕێکی دۆڕاو تێوەگلاندووە؟**

- نەخێر، بە پێچەوانەوە، سەرۆك پوتین پێی وایە شەڕەکە دەباتەوە، چونکە وا وێنای دۆخەکە دەکات، کە ئۆکرانیا لە کێشە و تەنگژەدایە و وڵاتانی ڕۆژئاواش تاسەر بەردەوام نابن لە هاوکاریکردن و یارمەتیدانی ئەو وڵاتە، هەروەها پێی وایە ڕووسیا توانای خۆڕاگریی دەبێت و لە کۆتاییدا دەبێتە براوەی شەڕەکە و، باوەڕ و بانگەشەکانی ئەو ڕاست دەردەچن.

*** ئێوە ئاماژەتان بەوە کرد، ڕووسیا پێی وایە ئۆکرانیا لە کێشە و تەنگژەدایە، بەڵام ئەوەی بەدی دەکرێت، ئەوەیە کە ئەوەی پێی دەگوترا «هێرشی پێچەوانەی ئۆکرانیا»، هیچ دەرئەنجامێکی بەرچاوی لێ نەکەوتەوە و ڕووسیا توانی بەرپەرچی بداتەوە، تێڕوانینی ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟**

- بەڵێ، ئەمە ڕاستە کە دۆخەکە لە ئێستادا بە چەشنێکە کە بە گوێرەی خواستی ئۆکرانیا نییە، بەڵام پێم وایە ئەمە دۆخێکی کاتییە.

*** ئەی بە شێوەیەکی گشتی پێتان وایە بارودۆخەکە بە چ ئاراستەیەکدا دەڕوات؟**

- لە ڕاستیدا ئەوە بەندە بەوەی ئایا تا چ ڕاددەیەك ئۆکرانیا دەتوانێت هاوکاری و یارمەتیی پێویست بەدەست بهێنێت لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و وڵاتانی دیکەی ڕۆژئاواوە. واتە من پێم وایە ئەمە پرسیارە بنەڕەتی و ڕاستەقینەکەیە، چونکە ئەگەر ئۆکرانیا هاوکاریی پێویستی بۆ دەستەبەر بکرێت، ئەوا دەتوانێت بەرەنگاری هێرشەکانی سوپای ڕووسیا ببێتەوە و ڕەوتی ڕووداو و پێشهاتەکانی شەڕەکەش بگۆڕێت، ڕەنگە دۆخەکەش بە چەشنێك بگۆڕێت، کە لە کۆتاییدا بتوانێت دەست بکاتەوە بە هێرشەکانی بۆ سەر سوپای ڕووسیا. بە پێچەوانەوە ئەگەر یارمەتیی پێویستی بۆ دابین نەکرێت، ئەوا هەروەك وەزیری بەرگریی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا (لوید ئۆستن) ڕایگەیاند، ئۆکرانیا ڕووبەڕووی مەترسییەکی گەورە دەبێتەوە و خودی سەرۆکی ڕووسیاش (ڤلادمیر پوتین) زۆر باش لەم ڕاستییە تێدەگات، هەر بۆیە هەموو هەوڵێك دەدات، بۆ ئەوەی ئۆکرانیا هاوکاریی پێویستی پێ نەگات.

*** کەواتە لەم ڕوانگەیەوە دەپرسین: ئایا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و وڵاتانی دیکەی ڕۆژئاوا پێویست بوو، یان دەکرا چ شتێکی جیاوازیان ئەنجام بدایە، بۆ ئەوەی کارێك بکەن، کە بەر بە درێژەکێشانی دەستدرێژکاری و داگیرکارییەکەی ڕووسیا بگرن؟**

- من پێم وایە ئەوەی پێویستە وڵاتانی ڕۆژئاوا (لە سەرووی هەموویانەوە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا) ئەنجامی بدەن و هەر لە سەرەتاوە ئەنجامیان بدایە، دەستەبەرکردنی بەردەوامی هاوکاری و چەکی پێویست بوو بۆ ئۆکرانیا، لەبری ئەوەی گلیان بدەنەوە و دەستەبەرکردنیان دوا بخەن، ئێستاش دووبارە خەریکی دواخستنی دابینکردنی ئەم چەك و هاوکارییانەن، مەبەستم ئەوەیە کە بڵێم ناکرێت بەم شێوە و شێوازە شەڕ بکەیت.

*** بەم دواییە وڵاتانی ڕۆژئاوا و بە دیاریکراوی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، چەند ڕێکارێکی دیکەی ئابووری و داراییان گرتەبەر لە دژی ڕووسیا و سزای زیاتریان بەسەر ئەو وڵاتەدا سەپاند، بەڵام ئەوەی تا ئێستا ڕوونە، ئەم سزایانە نەبوونەتە هۆی ناچارکردنی ڕووسیا بە گۆڕینی هەڵوێست و سیاسەتەکانی یان لاوازکردنی توانای شەڕکردنی، ئایا پێت وانییە ئەم سزایانە ناکاران و بگرە دەرئەنجامی پێچەوانە و نەخوازراویان لێ کەوتووەتەوە؟**

- لە ڕاستیدا ئێمە دەزانین کە گرتنەبەری سزا و ڕێکارەکان تا ئاستێکی دیاریکراو کاریگەر و کارا دەبن، هەروەها بۆ ئەوەی ئەم سزا و ڕێکارانە کاریگەر بن، ئەوا پێویستە بە



شێوەیەکی بەربڵاوتر و گشتگیرتر بسەپێندرێن و بگیرێنەبەر، هەروەها بە شێوەیەکی توندتر و تۆکمەتر جێبەجێ بکرێن. هەرچۆنێك بێت، یەکێك لە کێشەکان ئەوەیە کە سەپاندنی سزاکان تێکڕای ستراتیژییەتەکە پێك ناهێنێت، مەبەستم ئەوەیە بڵێم، سزاکان تەنیا ڕەهەند و لایەنێکی ستراتیژیەتەکەن و دەبێت لایەنەکانی دیکەی ستراتیژییەتەکەش لەبەرچاو بگیرێن و جێبەجێ بکرێن، هەروەها یەکێکی دیکە لە کێشەکان کە پەیوەستن بە سزاکانەوە، ئەوەیە کە ڕووسیا دەتوانێت ڕێگەیەك بۆ خۆدەربازکردن و خۆدزینەوە لێیان بدۆزێتەوە.

*** زۆر باس لەوە دەکرێت کە چین هەڵوێستی بێلایەنی هەبووە، بەڵام هەڵسوکەوت و سیاسەتەکانی بە چەشنێکن کە خزمەت بە ڕووسیا دەکەن. خوێندنەوەی ئێوە چییە لەم ڕووەوە؟ ئایا چۆن لە ڕۆڵی چین دەڕوانن لە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا؟**

- ئەوە ڕوونە کە چین پشتیوانیی مۆسکۆ دەکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەك و کەرەستەی سەربازی بۆ ڕووسیا دەستەبەر ناکات، چونکە نایەوێت ڕووبەڕووی کێشە ببێتەوە و ئابوورییەکەی لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە تووشی سزا ببێتەوە. هەرچۆنێك بێت چین لە هەڵمەتەکانی پڕوپاگەندەی خۆیدا خزمەتێکی تەواو بە ڕووسیا دەکات، هەروەها نابێت ئەوەمان لە بیر بچێت، کە چین پشتیوانییەکی گەورە و بەرچاو بۆ ڕووسیا دەستەبەر دەکات بە کڕینی نەوت و غازی ئەو وڵاتە.

*** کەواتە ئایا دەکرێت بڵێین، چین سوودمەندی سەرەکییە لەو بارودۆخەی ئێستا هاتووەتە ئاراوە، بەتایبەتی کە ئەگەر ئەوە لەبەرچاو بگرین کە حاڵی حازر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سەرقاڵە بە دەستەبەرکردنی هاوکاری بۆ دوو وڵات کە لە شەڕدان، ئۆکرانیا لە شەڕەکەیدا لە دژی ڕووسیا، و ئیسرائیل لە شەڕەکەی لە بەرانبەر بزوتنەوەی حەماس؟**

- من پێم وانییە بتوانین بڵێین چین سوودمەندی سەرەکییە، چونکە ئەوە دەرکەوت کە وەك هاوپەیمانێك هێندە جێی پشتپێبەستن نییە و هێندەش بەهێز نییە کە وێنا دەکرا.



**ڕەمەزان محەمەد ئامەدی**
ئەندامی پێشووی پەکەکە بۆ گوڵان:

# هیچ کاتێک چەکدارانی پەکەکە کار و مەرامی باشیان دەرهەق بە هەرێمی کوردستان لێ چاوەڕێ ناکرێت

**پەکەکە لە ساڵی ١٩٩٩ باکووری کوردستانی جێهێشتووە و هاتووەتە قەندیل و چەند ناوچەی سنووری لە باشووری کوردستان داگیر کردووە و، بووەتە هۆکار بۆ پەلکێشکردنی سوپای تورکیا بۆ ناو خاکی هەرێمی کوردستان، تەنانەت ناهێڵن ڕەوشی شنگال ئاسایی ببێتەوە. سەبارەت بەو هاوکێشەیە، گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ ڕەمەزان محەمەد ئامەدی ئەندامی پێشووی پەکەکە ئەنجامدا و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

*** بۆچی پەکەکە باکووری کوردستان کە شوێنی ڕاستەقینەی خۆیەتی بەجێی هێشتووە و هاتووەتە باشووری کوردستان، کە بەم هۆیەشەوە چەندین کێشەی بۆ باشووری کوردستان دروست کردووە؟**

- هاتنی پەکەکە بۆ باشووری کوردستان لەساڵی ١٩٩٩ بە قسە و فەرمانی عەبدوڵڵا ئۆجەلان بوو، چونکە چەکدارانی پەکەکە لەو کات و ساڵە بە تەواوی لە باکووری کوردستان توانای بەرەنگاربوونەوەی هێزە سەربازییەکانی تورکیایان نەمابوو، مەبەستێکی دیکەش لەپشت هاتنی پەکەکە هەبوو بۆ ناو سنووری هەرێمی کوردستان، کە ئەویش نانەوەی پشێوی بوو کە کێشە و گرفت دروست بکەن، بەتایبەتی کە بە هۆی بوونی چەکدارانی پەکەکە لە باشووری کوردستان، هێزی سەربازیی (وشکانی و ئاسمانیی تورکیا) زۆر شوێن و دەڤەریان لە سنووری باشووری کوردستان بۆردومان کردووە، لە ئەنجامدا چەندین کەسی سڤیل شەهید و بریندار بوون. هەر بەم هۆیەوە تا ئێستا زیاتر لە (٦٠٠) گوندی ئەو سنوورانەی باشووری کوردستان ئاوەدان نەکراونەتەوە، کە پەکەکە لەو شوێنانەن. پەکەکە بڕوای بە بیروباوەڕی نەتەوەیی و نیشتمانیی کوردستان نەماوە و دژی سەربەخۆیی کوردستانە، هەر بۆیە دژایەتی و دوژمنایەتی ئەو لایەن و حزبانەش دەکات، کە بۆ ئەو مەبەستە شۆڕش و کار دەکەن، هەر وەکو پارتی دیموکراتی کوردستان کە لەسەر ڕێبازی بارزانیی باوك هەموو تەمەن و هەوڵ و شەهیدانیان لە پێناو سەربەخۆیی و ئازادیی کوردستانە، بۆیە چەکدارانی پەکەکە تا ئەوپەڕی ڕق و قینیان لە پارتییە کە لایەن و حزبێکی دیموکراتییە و ئامانجی سەربەخۆیی کوردستانە، لە ناوچەکەشدا چەکدارانی پەکەکە بوونەتە داردەستی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان، بەتایبەتی ئەوانەی پیلان و جووڵەی دژی هەرێمی کوردستانیان هەیە، بە هاوبەشی و دەست لەپشتدانیان لەلایەن ئێران و ڕژێمی سووریا و حەشدی شەعبی.

**ئەوەی سەرۆک بارزانی لە پرۆسەی ئاشتی بۆ باکووری کوردستان کردی، قەت ناتوانین لەبیری بکەین، چونکە تەنیا بە ئاشتی دەتوانرێت دەستکەوتەکانمان بپارێزین**

*** پاراستنی هەرێمی کوردستان و پشتگیریی ئەزموونەکەیان ڕۆڵێکی گرنگی نەك تەنیا بۆ کوردانی ئەم هەرێمە هەیە، بەڵکو بۆ کوردانی پارچەکانی دیکەی کوردستانیش گرنگە. بۆچی پەکەکە ئەم دژایەتییەی خەڵکی باشووری کوردستانی دەکات؟**

- ئێمەش سەرەتا لەناو پەکەکەدا بەو جۆرە ڕەفتارمان دەکرد، بەوەی هەموو تاکێکی کورد و کوردستان وەکو گیان و دڵ و چاوی خۆی هەرێمی کوردستان و حکومەتەکەی بپارێزێت، چونکە باشووری کوردستان بۆ هەموو تاکێکی کورد و کوردستانی بووەتە چەتر و پەناگە و لانەیەکی هێمن و سەقامگیر و ئازادە و مومارەسەکردنی ژیان و بەدەستهێنانی بژێوی ڕۆژانەی خۆمان و ماڵ و منداڵمان بەتایبەتی لەژێر ئاڵای پارتی کورد و کوردستان بە ئاسانی دەست دەکەوێت، بەڵام پەکەکە کار بۆ ئەجێندای دەرەکی و هەموو ئەو لایەنانە دەکات کە دژی ئەم ئەزموونەن، ئەمەش تەنیا لەپێناو پارە و دەستکەوتی ماددییە.

**هۆی بوونی چەکدارانی پەکەکە لە باشووری کوردستان، هێزی سەربازیی (وشکانی و ئاسمانیی تورکیا) زۆر شوێن و دەڤەریان لە سنووری باشووری کوردستان بۆردومان کردووە**

*** پەکەکە سەرەتا لەسەر بیری نەتەوەیی و بەدەستهێنانی سەربەخۆیی کوردستان دامەزرا، بەڵام بە کردار وا نەبووە، ئەمە تا چەند زیانی بە پرسی نەتەوەیی لە باکووری کوردستان گەیاندووە؟**

- گرفتەکە لەوەدا نییە، تا چەند پەکەکە

**تا ئێستا زیاتر لە (٦٠٠) گوندی ئەو سنوورانەی باشووری کوردستان ئاوەدان نەکراونەتەوە، کە پەکەکە لەو شوێنانەن**



لەسەر بیروباوەڕی کوردایەتی لای داوە، بەڵکو کێشەکە لەوەدایە، پەکەکە بوونەتە گرووپ و وەکو کۆمەڵێك چەتە و گرووپی چەکداریی جیاواز کار دەکەن، هەر سەرکردەیەکی ئەم گرووپانەش بۆ ئەجیندە و بەرژەوەندیی خۆی کار دەکات. ئەوەتا بۆ ماوەی زیاتر لە چوار ساڵ دەبێت، چەکدارانی پەکەکە دابەشی سەر گرووپەکانی جەمیل بایك و موراد قەرەیەلان و دووران قەلقان و سەرکردەکانی دیکە بوون، هەر بۆیە دەبینین، چەکدارانی پەکەکە بە شێوەی گرووپ گرووپی بچووك لە دەڤەری ڕاپەڕین، قەڵادزێ، گەرمیان، کەرکووك و سلێمانی دەردەکەون، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکانی سوپای تورکیا ڕاستەوخۆ هێرش بکەنە سەریان و لە ئەنجامدا خەڵکی سڤیلی باشووری کوردستانیش بەو هۆکارەوە شەهید و بریندار دەبن. ئەوان ئامانجیان دووبارە پەلکێشکردنی هێز و سوپای تورکیایە بۆ ناو قووڵایی سنووری هەرێمی کوردستان بۆ تێوەگلانی هەرێمی کوردستان لەو شەڕە بێسوودەدا.

**پەکەکە بڕوای بە بیروباوەڕی نەتەوەیی و نیشتمانیی کوردستان نەماوە و دژی سەربەخۆیی کوردستانە**

*** پەیوەندیی پەکەکە لەگەڵ حەشدی شەعبی دژی هەرێمی کوردستان لە چ ئاستێکدایە و مەرامیان بەرانبەر کەمپی ئاوارەکانی مەخموور چییە؟**

- پەکەکە لە دوای پەلامارە تیرۆریستییەکەی تیرۆریستانی داعش کە هاتنە شنگال، تا ئێستاکە پەیوەندییەکی توندوتۆڵیی سەربازی و لۆجستیکی و داراییان لەگەڵ حەشدی شەعبی هەیە. ژمارەیەکی زۆر لە چەکدارانی پەکەکە کە زیاتر لە هەزار کەس دەبن، مووچە و یارمەتی لە حەشدی شەعبی وەردەگرن و وڵاتانی ئیقلیمی لە پشت مانەوەی پەکەکەن لە شنگال، کە بوونەتە هۆکاری ئاوەدان نەکردنەوەی و لە هەوڵی ئەوەن، ئیدارە و دەسەڵاتی حکومەتی کوردستانیشی بۆ نەگەڕێتەوە. هاوکات ماوەی نزیکەی ساڵێکە بە فەرمانی حەشدی شەعبی چەکدارانی پەکەکە ماوە ماوە لە سنووری مەخموور دەردەکەون و کێشە دەنێنەوە و دەیانەوێت دەستیان بگاتە ناو کەمپی ئاوارەکان، تا ئەویش تەسلیمی حەشدی شەعبی بکەن.

*** پەکەکە ماوەیەکە جموجوڵە گوماناوییەکانی دژی هەرێمی کوردستان زیاتر کردووە. هۆکاری ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە و ئایا کێ و چ لایەنێك لەپشت ئەم کار و مەرامەیاندایە؟**

- چەکدارانی پەکەکە لەو کاتەوە هاتوونەتە باشووری کوردستان، چەندین شوێنیان داگیر کردووە وەکو قەندیل و مەرام و پیلانیان نانەوەی ناسەقامگیری و کێشە و گرفتە بۆ ئەو ئازادی و دیموکراتییەی لە باشووری کوردستان هەیە، کە لە سایەی حکومەت و پەرلەمانی کوردستان و حزبی دایك و ڕەسەنی کوردستان کە پارتی دیموکراتی کوردستانە و لەسەر ڕێباز و عەقیدەی بارزانیی باوك و سەرکردایەتیکردنی لەلایەن جەنابی سەرۆك بارزانی کە کەسایەتیی شۆڕشگێڕ و کاریزمای گەلی کوردستانە هاتووتەدی، هەر بۆیە پەکەکە بەدەست لەپشتدانی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان هەموو هەوڵ و ستراتیژیەت و تاکتیکی بۆ نانەوەی کێشە و گرفت و لاوازکردنی هەرێمی کوردستانە و بەردەوام وەکو پیشەی سەرەکییان هەموو کات لە دەرفەت دەگەڕێن کە کوڕ و کچانی خوار تەمەنی پێگەیشتوو هەڵخەڵەتێنن و بیانڕفێنن و دوور لە بنەماکانی ماڤی مرۆڤ چەکداریان بکەن و، لە دایك و باوك و خێزانەکانیشیان دایانبڕن. هاوکات پەکەکە لە دەرفەت دەگەڕێت، لە هەر شوێنێك بۆی بگونجێت، کاری قێزەوەنی دوور لە مرۆڤایەتی وەکو کاری تێکدەرانە و تیرۆریستی و تەقاندنەوە ئەنجام دەدات.

*** پەکەکە نەك تەنیا لەناو خاکی کوردستانی تورکیا، بگرە لە هەرێمی کوردستانیش توانای سەربازییان زۆر کەم بووەتەوە، ئایا هۆکاری ئەمە چییە؟**

- چەکدارانی پەکەکە توانای شەڕ و جەنگی بەرەیی و ڕووبەڕوویان لەگەڵ هیچ هێزیك نەماوە، بەتایبەتی لەگەڵ ئەو سوپا بەهێز و گەورەیەی تورکیا و لە ڕووی دارایی و پێداویستیی ڕۆژانەش وەکو چەند ساڵی ڕابردوو نەماون، بەڵام لەڕووی چەکی سووك و مامناوەند تا ڕاددەیەك توانایان هەیە و لە ئێستاشدا بە هۆی وڵاتانی وەکو ئێران و ڕووسیا ئەو چەك و تەفاقانەیان دەست کەوتووە، کە دژی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان بەکاری بێنن، ئەگەرچی ماوەی زیاتر لە سێ مانگە لە بارودۆخێکی زۆر ناخۆش و ناجێگیر ڕۆژ دەبەنە سەر، ئەویش لەترسی ئەوەی کە حکومەتی تورکیا لە پلان و بەرنامەیدایە لە ئایندەیەکی نزیکدا هێرشێکی زۆر چڕ و گەورەی سەربازییان بکاتە سەر.

*** کاتێك حکومەتی هەریمی کوردستان، بەتایبەتی سەرۆك بارزانی ویستی بە ڕێگەی ئاشتی کێشەی پەکەکە لەگەڵ تورکیا چارەسەر بکات، کەچی چەکدارانی پەکەکە ئەم پرۆسەیەیان لەباربرد، هاوکات هەستان بە دانانی کەمین بۆ هیزی پێشمەرگە و چەندین پێشمەرگەیان شەهید و بریندار کرد. ئایا دەبێت چۆن مامەڵە لەگەڵ پەکەکە بکرێت، کە لە زمانی ئاشتی و دیالۆگ تێناگەن؟**

- سەرۆك بارزانی چەند ساڵێك پێش ئێستا هەوڵیدا بە گفتوگۆ و ئاشتی کێشەی کوردی باکور و پەکەکە لەگەڵ تورکیا چارەسەر بکات. ماوەیەکی زۆر بە هەموو توانا و لێبوردەییەوە خۆی بۆ تەرخان کرد. ئەو هەوڵ و کارەی جەنابی سەرۆك بارزانی قەت ناتوانرێت لەبیر بکرێت، بەتایبەت لەلایەن ئێمەی کوردانی باکووری کوردستان. ئەوەی سەرۆك مسعود بارزانی هەوڵی بۆ دا، ئەوە زمان و تێگەیشتنی ئەو سەردەمەیە کە سەردەمی ڕۆشنگەرایی و تەکنەلۆژیا و پێشکەوتن و گفتوگۆیە. بە تەئکید ئەوەی بە ئاشتیی دێتەدی، قەت بە شەڕ و دوژمنکاری بەدی نایەت. سەبارەت بە کوشتن و کاری تیرۆرستیی پەکەکە دژ بە پێشمەرگە، ئەمە بۆ شەڕێکی بەوەکالەت بۆ ئاغاکانیان دەگەڕێتەوە. ئەوە بوو لە چەند ساڵی ڕابردوودا پەکەکە لە چەندین شوێن و ناوچە و دەڤەر کەمین و تەقینەوەی تیرۆریستییان لەسەر ڕێگا و شوێنی پێشمەرگە دانا، کە بووە هۆی شەهید و برینداربوونی چەندین پێشمەرگەی قارمانی کوردستان. بۆیە چەکدارانی پەکەکە هیچ ئومێدێکی باشیان لێ چاوەڕێ ناکرێت و هەموو کارو هەوڵ و پیلانیان نانەوەی گرفت و کێشەیە بۆ ناسەقامگیری لە هەرێمی کوردستان، کە پەکەکە ئەو بەشە ئازاد و سەربەخۆیە، بە دوژمنی سەرەکیی خۆی دەزانێت، بەتایبەتی کە دەبینێت و دڵنیایە کە خاوەنی هەرێمی کوردستان پارتی و بارزانی و هێزی پێشمەرگەی قارەمانی کوردستانە.

**چەکدارانی پەکەکە بوونەتە داردەستی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان، بەتایبەتی ئەوانەی پیلان و جووڵەی دژی هەرێمی کوردستانیان هەیە**

**پەکەکە بوونەتە گرووپ و وەکو کۆمەڵێک چەتە و گرووپی چەکداریی جیاواز کار دەکەن، هەر سەرکردەیەکی ئەم گرووپانەش بۆ ئەجیندە و بەرژەوەندیی خۆی کار دەکات**

**ژمارەیەکی زۆر لە چەکدارانی پەکەکە کە زیاتر لە هەزار کەس دەبن، مووچە و یارمەتی لە حەشدی شەعبی وەردەگرن و ئێران لە پشت مانەوەی پەکەکەیە لە شنگال، کە بوونەتە هۆکاری ئاوەدان نەکردنەوەی**

**پەکەکە لە دەرفەت دەگەڕێت، لە هەر شوێنێک بۆی بگونجێت، کاری قێزەوەنی دوور لە مرۆڤایەتی وەکو کاری تێکدەرانە و تیرۆریستی و تەقاندنەوە ئەنجام دەدات**

# فەلسەفەی بەڕۆژووبوون و ڕۆڵی لە بنیادنانەوەی مرۆڤ

> **ڕۆژووگرتن، باشترین هۆکارە بۆ دروستکردنی گۆڕانکاری و ڕاستکردنەوەی سلووک و کردارەکان، وەک بەخشێشێکی خودایی و قوتابخانەیەکی گەورەی ڕاهێنان و سەر لەنوێ دارشتنەوەی بونیادی کەسی و بەرزکردنەوەی لایەنی ئیمانی و ڕۆحی ئامانجگەلێکی گەورەی لەخۆ گرتووە**

> **ئامانج لە خواپەرستی، چاکبوون و وازهێنانە لە تاوان و هەڵسوکەوتی خراپ، هەروەک یەکێک لە ئامانجی نوێژ و حەج و زەکات، بریتییە لە پاکبوونەوە و دووربوون لە خراپە و کاری ناشیاو**

خوای گەورە ڕۆژووی مانگی ڕەمەزانی لەسەر موسڵمانان فەرز کردووە و، یەکێکە لەو خواپەرستییە جەستەیی و ڕۆحی و ئیمانیانەی، کە کاریگەریی ڕاستەوخۆ و ئەرێنیی زۆری لەسەر لایەنی دەروونی و هزر و هەڵسوکەوت و ڕەفتار و گوفتار و ڕەوشتی تاك هەیە، دواجار هەموو ئەو کاریگەرییانە کاردانەوەی هەمەجۆر و فراوان لەسەر ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی و ئاراستەکردنی کۆمەڵگە دروست دەکەن.

ڕۆژووگرتن، باشترین هۆکارە بۆ دروستکردنی گۆڕانکاری و ڕاستکردنەوەی سلووك و کردارەکان، وەك بەخشێشێکی خودایی و قوتابخانەیەکی گەورەی ڕاهێنان و سەر لەنوێ دارشتنەوەی بونیادی کەسی و بەرزکردنەوەی لایەنی ئیمانی و ڕۆحی ئامانجگەلێکی گەورەی لەخۆ گرتووە. خوای گەورە دەفەرموێت: «يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُتِبَ عَلَيْكُمُ الصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَى الَّذِينَ مِنْ قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ» البقرە:١٨٣. واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە، ڕۆژووی ڕەمەزان لەسەرتان پێویست کراوە، هەر وەکو لەسەر گەلانی پێش ئێوە پێویست کرابوو، بۆ ئەوەی خواناسی و پارێزگاری بکەن.

پارێزکاری (تەقوا) هێزێکی ڕۆحی و ئیمانیی نادیارە و لە ئەنجامی نییەتپاکی و دڵسۆزی و پابەندیی بەندە بە پەرستشەکانەوە وەدەست دێت، کە ئامانجی هەرە گەورەی ڕۆژوو گەیشتنە بەم مەرتەبە ئیمانییە، بۆ ئەوەی مرۆڤ بگەیەنێتە ترۆپکی لەززەتی ئیمانی و ڕەچاوکردنی سنوورەکانی حەڵاڵی و حەڕامی و سوودبەخشی بۆ خۆی و دەوروبەری، چونکە ئامانج لە خواپەرستی، چاکبوون و وازهێنانە لە تاوان و هەڵسوکەوتی خراپ، هەروەك یەکێك لە ئامانجی نوێژ و حەج و زەکات، بریتییە لە پاکبوونەوە و دووربوون لە خراپە و کاری ناشیاو.

ئایینی پیرۆزی ئیسلام هەمیشە مرۆڤ بەرەو باشی ئاراستە دەکات، ئەگەر باش بوو، باشتر بێت، ئەگەریش خراپ بوو، وازی لێ بێنێت و بەرەو چاکە هەنگاو بنێت. لەو سۆنگەوە مەبەستیەتی ڕۆژووگر بە ناوەرۆك و هەقیقەت و ڕۆح بەڕۆژوو بێت، نەك تەنیا بە ناو، یان بۆ ڕووبینیی دونیایی، چونکە ڕۆژوو زیاتر خواپەرستیەکی ڕۆحییە نەك، ڕووکەشی!

ئەگەر وردتر سەیری مەدرەسەی ڕۆژوو لەناو مانگی ڕەمەزان بکەین، دەبینین ڕۆژوو سێ پلەی هەیە:

یەکەم: ڕۆژووی گشتی؛ بریتییە لەو ڕۆژووەی مرۆڤ خۆی دەگرێتەوە لە خواردن و خواردنەوە، کە بەگشتی خەڵکی لە مانگی ڕەمەزان پێویستە خۆیان بگرنەوە لە خورادن و خورادنەوە، بەڵام مەبەست تەنیا خۆبرسیکردن و تێنووکردن نییە، بەڵکو بۆ ئەوەیە بتوانین لە ئەنجامی خۆگرتنەوە لە خواردن و خورادنەوە و هەموو ئەو شتانەی ڕۆژوو بەتاڵ دەکەنەوە، دواجار پەیامێك وەربگرین و خۆمان بگرینەوە لە هەموو خراپە و تاوانێك کە زیان بە خۆمان و دەوروبەر دەگەیەنێت.

دووەم: بەڕۆژووبوونی تایبەت؛ واتە بەڕۆژووبوونی هەموو ئەندامەکانی جەستە لەهەر تاوانێك ببێتە مایەی گرانکردنی باری تاوان و ئازاردانی ئەوانی دیکە، چۆن دەومان دەگرین لە خواردن و خواردنەوە، ئاواش دەست و چاو و گوێ و پێ و هەست و نەست و تەواوی ئەندامەکان بەڕۆژوو بن و نەبنە مایەی ئەنجامدانی خراپە و تاوان.

سێیەم: ڕۆژوی هەرە تایبەت؛ واتە بەڕۆژووبوونی ڕۆح و دڵ و پاکبوونەوەی ناخ لە هەموو دەردە دەروونییەکانی وەك: ڕق و کینە و ئیرەیی و ئەنانییەت و دووڕوویی و نەمیمی و فەسادی و تێکدان و بڵاوکردنەوەی گوتاری ڕقەکاری و پشێوی و...هتد. کە ئامانجی خوای گەورە لە فەرزکردنی ڕۆژووی



**د. عەبدوڵڵا شێرکاوەیی**

ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی و بەرپرسی ڕاگەیاندنی یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان

بۆ گوڵانی نووسیوە

مانگی ڕەمەزان؛ ئەو مەرتەبە گەورە ڕۆحییە ئیمانییەیە، کە مرۆڤ دەگەیەنێتە پلەی بەرزی ئینسانییەت.

ئەگەر توانیمان بەو ئاراستەیە سوود لە مانگی ڕەمەزان وەربگرین، دەتوانین ئەو هێز و وزە و ورە و تێکۆشانەش بەدەست بێنین، کە بە هۆیەوە مرۆڤ ئاسانتر دەتوانێ بەسەر نەفس و ئارەزووەکانیدا زاڵ بێت و خۆی لەسەر چاکە و دووربوون لە خراپە ڕابهێنێت، چونکە هەر کەس خۆی دەناسێ و دەزانێ باری دەروونی چۆنە و لە چ ئاستێکدایە، وەك خوای گەورە دەفەرموێت: «بَلِ الْإِنْسَانُ عَلَى نَفْسِهِ بَصِيرَةٌ) القيامە: ١٤، واتە: بەڵکو ئینسان خۆی شایەتە بەسەر خۆیەوە (ئەندامەکان شایەتن بە سەریەوە).

ڕۆژوو، ئەو قوتابخانەیە فێری خۆگری و خۆڕاگری و ئارامگری و دڵپاکی و دەستپاکی و زمانپاکی و مرۆڤدۆستی و ڕەوشتبەرزی و بیرکردنەوەی ئەرێنی و ئاسوودەیی و میانڕەوی و ئاشتیخوازی و کردەوەی چاکمان دەکات، لەوەشدا هێز و ئیرادەی زاڵبوون بەسەر نەفس و ماددە و دونیاگەرایی لە ناخی مرۆڤ بەرهەم دێنێت، بە شێوەیەك کە بتوانێ هاوسەنگی لە ژیان ڕابگرێت، چونکە هێزی مرۆڤ لە ماددە و دەسەڵات و تافی لاوێتی و هێزی جەستە و پشت و پەنا نییە، بەڵکو لە خۆگرتنەوە و زاڵبوونە بەسەر نەفس و لادانە دەروونی و حەزە شەیتانی و هەڵچوونەکانە، وەك پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) دەفەرموێت: (لَيْسَ الشَّدِيدُ بِالصُّرَعَةِ، إِنَّمَا الشَّدِيدُ الَّذِي يَمْلِكُ نَفْسَهُ عِنْدَ الغَضَبِ) ڕواه البخاری.

ڕۆژوو فێری تێکۆشان و هەوڵ و هیممەتبەرزی و هەڵنان و پاڵفتەی دەروونمان دەکات، بە ئەندازەی ئیخلاس و خۆڕاهێنان و سوودوەرگرتن و تێگەیشتنمان لە مانا و حیکمەتەکانی مانگی ڕەمەزان، دەتوانین لایەنی دەروونیمان ڕێك بخەینەوەو ڕێڕەوی گونجاوی بۆ بدۆزینەوە و لە چوارچێوەی ئەو سنوور و ڕێسایانەی خوای گەورە لێمانی دەوێت، ئاراستەی بکەین، کە ئەمەش جیهاد و کۆششێکی یەکجار گەورە و ویستراو و مەبەستە، وەك پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) دەفەرموێت: (الْمُجَاهِدُ مَنْ جَاهَدَ نفسە للە) ڕواه ابن حبان.

ئەگەر نەتوانرا وەك مەبەستە سوود لە فەلسەفەی ڕۆژوو وەربگیرێت، یان مرۆڤ تەنیا بە ڕووکەش و عادەتی و بێ ناوەڕۆك بەڕۆژوو بوو، ڕەنگە وەك پێویست کاریگەری و کاردانەوە لەسەر تاك و کۆمەڵگە دروست نەکات و، زیاتر ببێتە مەوسمێکی زەمەنی و تێپەڕکردنی کات، لەسەر ئەمەش پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) دەفەرموێت: (مَنْ لَمْ يَدَعْ قَوْلَ الزُّورِ وَالعَمَلَ بِهِ، فَلَيْسَ لِلَّهِ حَاجَةٌ فِي أَنْ يَدَعَ طَعَامَهُ وَشَرَابَهُ) ڕواه البخاری. یان دەفەرموێت: (رُبَّ صَائِمٍ لَيْسَ لَهُ مِنْ صِيَامِهِ إِلَّا الْجُوعُ وَرُبَّ قَائِمٍ لَيْسَ لَهُ مِنْ قِيَامِهِ إِلَّا السَّهَرُ) ڕواه ابن ماجە.

کەواتە ڕۆژوو وێڕای ئەوەی دەرفەت و خولێکی ساڵانەی خواپەرستیی گەورەیە، لە هەمان کات فاکتەری دووبارە داڕشتنەوەی هەڵسوکەوت و لایەنە ئیمانی و ڕەوشتی و دەروونییەکانە و کار لەسەر ڕۆح و ناخی مرۆڤ دەکات و، گیانی مرۆڤ هاوسەنگ دەکاتەوە و ڕێگە نادا، حەزو ئارەزوەکان بەرەو لاسەنگی و هەڵچوون و لادانی بەرێت، ئیرادەی خێر لە ناخیەوە دروست دەکاو ڕەنگدانەوەی ئەرێنی بەسەر کردار و ڕەفتارو گوفتاری مرۆڤدا دێنێت، سۆز و بەزەیی و گیانی هاوکاری و برایەتی بڵاو دەکاتەوە، سەرەنجام ئەو هەنگاوە خێرە بە واتا گشتییەکەی بۆ کۆمەڵگەش بەخێر دەگەڕێتەوە و، ئیرادەی شەڕ و دەرهاوێشتەکانی بەسەر جەستەی کۆمەڵگە کەم دەکاتەوە.

**ئامانجی خوای گەورە لە فەرزکردنی ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان؛ ئەو مەرتەبە گەورە ڕۆحییە ئیمانییەیە، کە مرۆڤ دەگەیەنێتە پلەی بەرزی ئینسانییەت**

**ڕۆژوو، ئەو قوتابخانەیە فێری خۆگری و خۆڕاگری و ئارامگری و دڵپاکی و دەستپاکی و زمانپاکی و مرۆڤدۆستی و ڕەوشتبەرزی و بیرکردنەوەی ئەرێنی و ئاسوودەیی و میانڕەوی و ئاشتیخوازی و کردەوەی چاکمان دەکات**

# ئافرەتان سەرکۆنەی بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی و بڕینی قوتی خەڵک دەکەن



سالّی ٢٠٢٣ کە سەرەتای دەستبەکاربوونی حکومەتەکەی سوودانی بوو، کاری گرنگی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، پەسەندکردنی بودجەی عێراق بوو بۆ ساڵانی «٢٠٢٣و٢٠٢٤و٢٠٢٥» و بە هەماهەنگی و هاوکاریی نێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمی کوردستان، توانرا پڕۆژە یاسایەکی بوودجەی هاوسەنگ و ڕێکوپێك بۆ حکومەتی عێراق دابڕێژرێت و ڕەوانەی پەرلەمان بکرێت، بەڵام لە ناو پەرلەماندا لەلایەن ئەو فراکسیۆنانەی کە هەتا ئێستاش بە ئەقڵییەتی شۆڤێنی سەیری گەلی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن، بە جۆرێك دەستکاریی بڕگە و ماددەکانی ئەم پڕۆژە یاسایە کرا، کە جارێکی دیکە هەرێمی کوردستانی لە شایستە داراییەکانی خۆی و مووچەی فەرمانبەرانی بێبەش کردەوە. لەم ڕاپۆرتەی گۆڤاری گوڵان ئافرەتان ئیدانەی بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی عێراق و بڕینی قوتی خەڵك دەکەن.

گوڵان: کۆمەڵایەتی





تەرزە حوسێن:

**دابەشکردنی مووچەی فەرمانبەران لە دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمە، نەک عێراق. بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی عێراق، بۆ بڕینی قوتی خەڵک، سەلماندی دادگایەکی سیاسییە نەک یاسایی**



هەرمن ئەحمەد:

**مێژووی کۆن و تازە ئەو ڕاستییەی سەلماندووە، کە کورد نەتەوەیەکی پڕ لە وزەو ئیرادەیە، بەرگریکردن لە خاک و نیشتمان و هاووڵاتیانی ماندووی ناکات**

بڕینی پشك و شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە، کارێکی تازە نییە، بەڵکو هەر لە دوای ساڵی ٢٠١٤وە هەتا ئێستا ئەم سیاسەتەی بەغدا لە دژی هەرێمی کوردستان پیادەی دەکات، بەردەوامیی هەیە.

بڕیارە یەك لە دوای یەکەکانی دادگای باڵای فیدراڵی بوونەتە هۆی پێشێلکردنی پرەنسیپی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، بە شێوەیەك دادگا خۆی خستووەتە پێگەی دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن، و هەندێك دەسەڵات و تایبەتمەندی بەخۆی داوە، کە لە دەستووردا بۆی دیاری نەکراوە.

تەرزە حوسێن کارگێڕی ناوچەی ناوەندە ئەکادیمییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی ئەجێندای سیاسییان لەپشتە، چ لە ناوخۆ و چ سیاسەتی دەوڵەتی ئیقلیمی. بڕیارەکانی دادگای فیدراڵیی عێراق، تەنیا لێکەوتەی کارگێڕییان بۆ هەرێم نابێت، بەڵکو خوێندنەوەی جیاواز بۆ بڕیارەکان دەکرێت و بڕیارەکان سیاسین، نەك یاسایی، بەو پێیەی دابەشکردنی مووچەی فەرمانبەران لە دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمە، نەك عێراق. بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی عێراق، بۆ بڕینی قوتی خەڵك، سەلماندیان دادگایەکی سیاسییە نەك یاسایی. بڕیارەکانی بە دڵی لایەنە شیعەکانە و هەموو کات کە دۆخی عێراق تێك چووە، کورد فاکتەرێکی گرنگی هەستانەوەی بووە، بەڵام هەر دوای هەستانەوەی دەسەڵاتی ناوەند پشتی لە کورد کردووە، ئەگەرچی پێش وەخت چەندین بەڵێن بە کورد دراوە». هاوکات دەڵێت: «کورد هەمیشە خۆی گونجاندووە لەگەڵ سیناریۆی کابینەکانی ڕابردووی عێراقدا و هەوڵی گفتوگۆ و جێبەجێکردنی ماددە دەستوورییەکانی داوە، بەڵام بەداخەوە کابینە یەك لە دوا یەکەکانی حکومەتی عێراق، بەرنامە و ئەجێندای سیاسیی وڵاتانی دراوسێ جێبەجێ دەکەن و دەیانەوێت هیلالی شیعە بە تەواوی جێبەجێ بکرێت، هەروەها هەموو ئەو بڕیارانەی کە دادگای فیدراڵیی عێراق دەری کردوون لە دژی هەرێمی کورستان، تەنیا ئامانجی سەرەکییان بچووککردنەوە، یان نەمانی هەرێمی کوردستانە، ئەویش بەداخەوە بە هاوکاریی بەشێك لە لایەنە سیاسییەکانی ناوخۆیە، هەر چەند داواکاری و بیانووەکانیان لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە جێبەجێ کران، کەچی ئەوا چەندین ساڵە بە بەرنامە و پلانی ستراتیژی هەوڵیان داوە، خەڵکی کوردستان برسی بکەن. بەداخەوە مافە شایستەکانی فەرمانبەرانی کوردستانیان بڕیوە و وەك فەرمانبەرانی پارێزگاکانی دیکەی عێراق مووچە نانێرن، ئەم جیاوازییە گەورەیە لێکەوتە و کاریگەریی زۆرخراپی لێ دەکەوێتەوە». گوتیشی: «نزیکەی ١٠ساڵە یەکێك لە کێشە دیارەکانی نێوان هەرێم و بەغدا بریتییە لە کێشەی دارایی و مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم، سەدان جار شاندەکان لەسەر ئاستی جیاواز سەردانی بەغدایان کردووە، سەرەڕای ڕێککەوتن، بەڵام دووبارە هەمان کێشەکان سەر هەڵدەدەنەوە.

بەداخەوە هیچ کات حکومەتی عێراق هەرێمی کوردستانی وەك پارێزگاکانی دیکە سەیر نەکردووە و چاوی بە پێشکەوتنەکانی کوردستان هەڵنایات، بۆیە برسیکردنی هاووڵاتیانی کوردستان یەکێکە لە کارە سەرەکییەکانی دەسەڵاتە یەك لە دوا یەکەکانی عێراق و هیچ کات ئامادە نین، ئەرکەکانیان بەرانبەر مافە شایستەکانی فەرمانبەرانی کوردستان جێبەجێ بکەن».

تەرزە حوسێن جەخت لەوە دەکاتەوە کە «حکومەتی ناوەندی توانی لە ماوەی حەوت ساڵدا حیسابی بانکی بۆ فەرمانبەران بکاتەوە، کەچی ماوەی مانگێکی بە هەرێمی کوردستان داوە، کە هیچ بانك وتیمێك ناتوانن ئەو ئەرکە بە شێوەیەکی پرۆ فیشناڵ جێبەجێ بکەن». گوتیشی: «ئەو لیست و فەرمانبەرە بندیوارانەی کە لەلایەن عێراق مووچە وەردەگرن، بەشێکیان هێزی ئەو لایەنە سیاسییانەن کە مافە شایستەکانیان لە دەرەوەی حکومەتی ناوەندە و تەنیا لایەنی سیاسی بە یەکەوەی بەستوونەتەوە و لە پێناوی بەرژەوەندیی خۆیان کاردەکەن.

دادگای فیدراڵی خۆی خستووەتە پێگەی دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن، هەروەها هەندێك دەسەڵات و تایبەتمەندی بە خۆی داوە، کە لە دەستووردا بۆی دیاری نەکراوە، بەم هەنگاوانەی بووەتە دادگایەکی دژە کوردستانی، قین لەدڵ، بۆیە بڕیارە سیاسییەکانی هیچ نرخێکیان نییە».

هەرمن ئەحمەد، نووسەر و چالاکی سیاسییە و سەبارەت بە هەمان پرس ڕای وایە: مۆدێلێکی نوێی مەترسیدار لای دادگای فیدراڵی عێراق هاتووەتە کایەوە هەمبەر بە کورد و کوردستانییان لە هەرێمی کوردستان. ئەم دژایەتیکردنەی سیاسەتمەدارانی عێراق و هێزە دەرەکییەکان کە هەیانە بەرانبەر بە قەوارەی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی دادگای فیدراڵییەوە ئامانجیان دەپێکن.هاوکات دەڵێت: «ئەو دژایەتییەی بەغدا بەرانبەر هەرێمی کوردستان چەند ئامانجی هەیە، سەرەکیترینیان شاردنەوەی شکستەکانی حوکمڕانیی خۆیانە لە بەغدا و پارێزگاکانی عێراق، چونکە دەبینین گەشەی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لە کەرتەکانی ئابووری و گەشتیاری و گەشەی کۆمەڵایەتی و ژیاندۆستی و مرۆڤدۆستی و پێکەوەژیان لە پێشوەچوونە و پارێزگاکانی عێراقیش لە زۆربەی خزمەتگوزارییەکان بێبەشن، هەر بۆیە چەندین ڕێگە دەگرنە بەر بۆ ئەوەی نێوماڵی کوردی بشێوێنن.

گوتیشی: «هاوکێشەی دۆستایەتی و هاوپەیمانیی عەرەبی شیعە پێچەوانە بووەتەوە، هەر بۆ ئەو مەبەستە دادگای فیدراڵی بە وەکالەت ئەجێندای نەیارانی کورد و کوردستانیان لە دژی قەوارەی هەرێمی کوردستان جێبەجێ دەکات .ئەوان لە فەرهەنگ و مێژووی کورد باش تێنەگەیشتوون، کە کورد سەدان ساڵە شەڕی بەرگری دەکات. مێژووی کۆن و تازە ئەو ڕاستییەی سەلماندووە، کە کورد نەتەوەیەکی پڕ لە وزەو ئیرادەیە، بەرگریکردن لە خاك و نیشتمان و هاووڵاتیانی ماندووی ناکات. ئەوان پێیانوایە بە برسیکردنی تاکی کورد ڕۆحی نیشتمان و خاك، لە ناو هزر و ڕۆحی تاکی کورد دەکوژن، واتە بە عەقڵی بچووکی خۆیان سەیری هۆشیاریی تاکی کورد دەکەن».

ڕاژان عەبدولڕەحمان پیرۆ، چالاکی کۆمەڵی مەدەنییە و سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «دادگای فیدراڵیی عێراق دادگایەکی نادەستوورییە و لەژێر کاریگەریی ئەجێندای سیاسیی دەرەوەدایە واتە ئەم دادگایە خاوەنی ئیرادەیەکی سەربەخۆ نییە و نابێت. ئەو دادگایە پێویستە سەربەخۆ بێت و بە شێوەیەکی سەربەخۆیانە بڕیار دەر بکات و پارێزەری مافە دەستوورییەکانی گشت پێکهاتەکانی وڵات بێت. نابێت بڕیارەکانی پێچەوانەی دەستووری هەمیشەیی عێراق بێت، دەستوورێك کە هەشتا لە سەدی هاونیشتمانییانی عێراق دەنگیان بۆ داوە». گوتیشی: «ئەوەی لە بەغدا دەگوزەرێت، شتێکی ڕوون و ئاشکرایە کە میلیشیاکانی سەر بە ئێران و بەرەی موقاوەمەت و چوارچێوەی هەماهەنگی بە شێوەیەکی نەخشە بۆ داڕێژراو دەیانەوێت قەوارەی فیدراڵیی هەرێم بڕووخێنن، پەرلەمانی عێراق، دەستووری هەمیشەیی، ڕێککەوتننامە سیاسییەکان هیچ نرخ و مانایەکیان نەماوە، گشت دەسەڵاتەکان دراوە بە دادگای بەناو فیدراڵی، بە فەرمانی ئێران هەر چییەك لە بەرژەوەندیی ئەجندای سیاسیی ئێراندا بێت، ئەم دادگایە ئەوە جێبەجێ دەکات. لە کوتاییدا دەڵێین: بەشدارینەکردنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پرۆسەی هەڵبژاردنی عێراق بڕیارێکی بوێرانە و دروستە؛ چونکە ئەم پرۆسەیە بە گشتی لەژێر دەسەڵاتی کۆمیسیۆنی هەڵبژاردن و دادگای فیدراڵیی عێراقدا بەڕێوە بچێت، ئەمە بە مانای سەپاندنی ئەجێندایەکی سیاسیی مەترسیدارە لەپێناو ڕووخاندنی ئەزموونی هەرێمی کوردستان».

شیلان ئاستەیی چالاکی کۆمەڵی مەدەنی سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «پاش ڕووخانی ڕژێمی سەدام و بەپێی دەستوور و یاساکانی پەرلەمانی عێراق و ڕێککەوتنەکانی نێوان لایەنە سیاسییەکانی عێراقی بە کورد، عەرەبی شیعە و سونەوە و کەمە نەتەوەکانی عێراق و کوردستان، لە عێراق دەوڵەتێکی نوێ هاتە کایەوە لە دستوور بگرە بۆ پەرلەمان و دادگای فیدراڵی و تەشکیلەی هەیکەلێکی نوێ بۆ عێراقییەکان بە کوردیشەوە،

کورد بە لێك تێگەیشتن، متمانە و ئەزموونیان لە بەڕێوەبردنی دەوڵەت بەشداری بونیاتنانەوەی عێراقێکی تازە بوون، ئەویش بۆ ئەوەی کە گەلانی عێراقیش وەك هەر گەلێك لەم جیهانە ژیانێکی سادە و ئاساییان هەبێت.

تەشکیلەی دادگای فیدراڵی هەر لە سەرەتای دروست بوونیەوە بەرەی ئێرانی بێ دوودڵی هەژموونی خۆی سەپاند و بووە ئەمری واقع.

لە دەستپێکی دادگای فیدراڵی پشکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کۆی بودجەکە ١٧٪بوو، لە ساڵی ٢٠٠٥ تا ٢٠١٤ تاڕادەیەك باش بودجە بۆ هەرێم ئەنێردرا جار بەجاریش بە بەهانەی جۆراوجۆر دەبڕدرا، بەغدا هەرگیز بەڵێنەکانی سەبارەت بە هەرێمی کوردستانی بەتەوای جێبەجێ نەکردووە جگە لە نەناردنی بودجە کە حەقێکی شەرعی دانیشتووانی هەرێمی کوردستانە، ٥٥ ماددەی دەستووری حکومەتی فیدراڵی پێشێل کردووە، یەك لەو ماددانە بەشە بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان تا وای لێهات لە ١٧٪ کەمی بکەنەو بۆ ١٢،٦٪ و لە ئێستاش دا خەریکە یەکسان دەبێت بە ٠٪،.

ئەمەو چەندان ئاریشە و بەربەستی تر کە دادگای فیدراڵ بە ڕاستەوخۆ و بەهەڵوێستێکی شوڤێنی غەدارتر لە دادگای سەورەی ڕژێمی پێشووتر دژی هەرێمی کوردستان دەردەکات، بێ ئەوەی ڕێز لە سەرووەری هەرێمێك بگرێت کە تەمەنی دوو هندەی تەمەنی ئەو دادگایە و عێراقی فیدڕاڵەیە، کاتێك کوردستان خۆی بەڕێوە دەبرد زۆرێك لەو بەرپرسانەی کە ئێستا لە لوتکەی دەسەڵاتی عیراقدان لەو هەرێمە بە ئازادی و بە ئارامی ژیاون، سەرباری نەبوونی و نەداری، هەرێمی کوردستان شوێنێکێ ئەمن و ئارام بووە بۆیان تا دەرفەتێکیان بۆ ڕەخسا و ئەوانیش توانیان سیستەمی بەعسی و تاکرەوی بۆ خۆیان بگۆڕن بۆ سیستەمی دیموکراسی، بەداخەوە دادگای فیدراڵی نە بەهای دیموکراسی دەزانێت و نە ڕێگا بە دیموکراسیەت دەدات کە دانیشتووانی عێراقی بە کوردستانیشەوە بتوانن وەك هاوڵاتی بژین و ژیان و گۆزەرانیان تێکەڵ بە سیاسەت و بەرژەوەندی حزبەکان نەکرێت، بە بیر و بۆچوونی من دادگای فیدراڵی سەنگ و هەیبەتی خۆی لە دەستداوە و کەوتوتە ژێر ڕکێفی دەرەکی و ملیشیاکان، کە لە هیچ وڵاتێکی دیموکرات ئەو جۆرە دادگایە بوونی نییە و ناشبێت. خەڵکی کوردستان لە ٢٠١٤ وە تا ئەم کات و ساتە لە لایەن دادگای فیدراڵی عێراقی هەدەفی یەکەمە بۆ بێ‌هێز کردنیان لە لایەنی ئابوورییەوە بۆ ئەوەی سەرقاڵی ژیانێکی سەخت بێت و خۆشەویستی خاك و نیشتمانی لە بیر بەرێتەوە.



ڕاژان عەبدولڕەحمان پیرۆ:

**دەیانەوێ پرۆسەی هەڵبژاردن بە گشتی لەژێر دەسەڵاتی کۆمیسیۆنی هەڵبژاردن و دادگای فیدراڵیی عێراقدا بەڕێوە بچێت، ئەمەش بە مانای سەپاندنی ئەجێندایەکی سیاسیی مەترسیدارە لەپێناو ڕووخاندنی ئەزموونی هەرێمی کوردستان**



شیلان ئاستەیی:

**دادگای فیدراڵی نە بەهای دیموکراسی دەزانێت و نە ڕێگا بە دیموکراسیەت دەدات، تا دانیشتووانی عێراق بە کوردستانیشەوە بتوانن وەک هاوڵاتی بژین و ژیان و گۆزەرانیان تێکەڵ بە سیاسەت و بەرژەوەندی حزبەکان نەکرێت**



### شۆخ نەسرین فەتاح:

# شەشەم ڕەمەزانە لەسەر شەقام ناوساجی دەفرۆشم

**شۆخ نەسرین فەتاح، خانمێکی کارامە و بەتوانای شاری سلێمانییە و لەسەر شەقامەکانی شار لە زەرگەتە نانەکانی خۆی لە ڕێگەی ئۆتۆمبێلەکەیەوە دەفرۆشێت. هەر لەسەر شەقام ساڵانە لە مانگی ڕەمەزاندا ناوساجی دروست دەکات. وەك خۆی باسی دەکات، بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیان و پەروەردەکردنی منداڵەکانی چەندین کاری سەربەرزانەی ئەنجام داوە. لەم گفتوگۆیەشی لەگەڵ گۆڤاری گوڵان بەمجۆرە باسی کارەکەی دەکات.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

شۆخ نەسرین فەتاح، ساڵی ١٩٨٥ لە شاری سلێمانی لەدایك بووە، تا پۆلی شەشی سەرەتایی خوێندووە، دایکی چوار منداڵە (دوو کچ و دوو کوڕ) و هەر چواریان قوتابین. وەك خۆی باسی کرد، بەڕێوەبردنی ماڵ و دابینکردنی بژێویی خێزانەکەی لە ئەستۆی خۆیدایە، سەبارەت بە کارکردنیشی دەڵێت: «ماوەی هەشت ساڵە کاری نانکردن دەکەم، ئەم ڕەمەزانە شەشەم ڕەمەزانە لەسەر شەقام ناوساجی دروست دەکەم. ڕۆژانە لە سەعات یەکی دوای نیوەڕۆ تاوەکو سەعات شەش و نیو لەسەر ئەم شەقامەدا نان و ناوساجی، ماست، دۆ، کەرە، خورما و دۆشاوی گەزۆ دەفرۆشم. لە خوا بەزیاد بێت، خەڵکەکە زۆر ڕێزم دەگرن و لە هەر شوێنێك ببینن، دەمناسنەوە.»

سەبارەت بەو کارانەی کە لە ڕابردوودا بۆ پەیداکردنی قوتی خێزانەکەی ئەنجامی داون، دەڵێت: «پێشتر بۆ ماوەی نۆ ساڵ کاری دروومان و چنینم کردووە، بەڵام ئەم کارەم واتە نانکردن، لە سەرەتادا وەك کرێکارێك لە کارگەکاندا کارم دەکرد. یەکێکی دی لە کارەکانم پاککردنەوەی ماڵان بوو، هەروەها هاوەڵی نەخۆشانی دەروونی لە سەنتەری دەروونیی سلێمانی بووم، لەگەڵ ئەوەشدا گوێز شکاندن، جار جارەش دەبوومەوە کرێکاری کارگە و دواتر لە ماڵەکەی خۆمدا ژوورێکی بچووکم هەبوو، هەر خۆم بە سەقفی دار بۆ نانکردنی ماڵی خۆم دروستم کردبوو، ئیتر لەوێوە دەستم بە ئیشەکەم کرد. هاوکات لە چێشتخانەیەك لە بەشی ئامادەکردنی نانی بەیانیان هەفتەی سێ ڕۆژ شێفم، بەڵام مشتەری ماڵپاککردنەوەکانم هەر کارەکەمیان بەدڵە و تێلم بۆ دەکەنەوە، منیش ئەو ماڵانەی کە زۆر لەگەڵم باش بوون، دەچم ماڵیان بۆ خاوێن دەکەمەوە، لە ئێستادا بە بەردەوامی ئەو سێ کارە دەکەم».

ئەو خاتوونە لە بارەی کارەکەیەوە ڕوونکردنەوەی زیاتر دەدات و دەڵێت: «بۆ فرۆشتنی نانەکەم دەچمە سەر جادە و شەقام، وەك ئەو کاسبکارانەی کە ڕۆژانە میوە و شووتی و سەوزە دەفرۆشن، یان کاڵەکیان پێیە لە جادەکان وەستاون. منیش لە شەقامی زەرگەتە و ڕەعایە دەوەستم، لێرەوە داواکاریم ئەوەیە شارەوانی ئەوەندە دەرمان نەکات لەو شەقامەی کاری تێدا دەکەین. ئەگەر ئاسانکاریمان بۆ ناکەن، لانیکەم با ڕێگری لە کاسبیشمان نەکەن».

گوتیشی: «ئێستا زۆر ئاسوودەم، چونکە منەتی کەسم لەسەر نییە. ڕاستە کارەکەم هیلاکیی زۆری تیایە، باس ناکرێت و ناشبیندرێت، بەڵام تا زیاتر هیلاك بم، خۆم بە حەساوە دەزانم، ئەگەر یەك دوو ڕۆژ نەچمە سەر جادە بۆ کارەکەم، وادەزانم شتێکم لێ ون بووە و بیری ماندووبوونەکەم دەکەم».

لە وەڵامی ئەو پرسیارەش کە پەیام و ئامۆژگاریت بۆ ئافرەتان چییە؟ گوتی: «ئامۆژگاریم بۆ ئافرەتان ئەوەیە هەتا دەتوانن لە ڕێگەی هەر کار و پیشەیەکی سەربەرزانەوە بێت، بێنە ناو کۆمەڵگە و کار بکەن. تامی هەزار دیناریيەکی بەرهەمی کاری ئافرەت، زۆر خۆشترە لە یەك ملیۆن دیناری کەسێکی دیکە، بۆیە پێم خۆشە هەموو ئافرەتێك کار بکات و نەترسێت، بۆ چاونەترسیشیان ئاوڕ نەدەنەوە، بەس پێشی خۆیان ببینن، کە چۆن ئامانجەکەیان بپێکن. کاتێك یەکێك ترسی لە شتێك هەیە، زۆر ئاوڕ بەملاو ئەولای خۆیدا دەداتەوە، هەموو ئاوڕدانەوەیەك ترسەکەت زیاد دەکات، ئەم غیرەتەش وەك ئەوە وایە، کاتێك بتەوێت بڕیار بدەی بۆ هاتنەدەرەوە و کارکردن، نابێت حیساب بۆ بەربەستەکانت بکەیت، بەڵکو دەبێت هەنگاوی گەورەتر بنێیت بۆ پەڕینەوە لەو شتانەی کە ڕێگریت لێدەکەن».

**لە ماڵەکەی خۆمدا هۆدەیەکی بچووکم هەبوو، هەر خۆم بە سەقفی دار بۆ نانکردنی ماڵی خۆم دروستم کردبوو، ئیتر لەوێوە دەستم بە ئیشەکەم کرد**

**بۆ فرۆشتنی نانەکەم دەچمە سەر جادە و شەقام، وەك ئەو کاسبکارانەی کە ڕۆژانە میوە و شووتی و سەوزە دەفرۆشن**

**ئامۆژگاریم بۆ ئافرەتان ئەوەیە هەتا دەتوانن لە ڕێگەی هەر کار و پیشەیەکی سەربەرزانەوە بێت، بێنە ناو کۆمەڵگە و کار بکەن**

## محەمەد عەباس بارام:

# شەجەریان گوتی مۆسیقای فارسی هەمووی میلۆدیی کوردییە

لە شێروان کەرکووکییەوە تەلەفۆن هات «دێمە کارێز، میوانێکی ئازیزم لەگەڵدایە، ناوەکەی ناڵێم، با لەگەڵ هاتنم بزانن کێیە و بە دیداری شاد بن.» تازە کۆڕەکەی چوارشەممەی کارێز تەواو بووبوو. نەریت وایە دوای هەر چوارشەممەیەکی کارێز، بەشێکی میوانان دەمێننەوە و دەروازەی گفتوگۆیەکی فراوان و هەمەلایەن لە هەمەجۆر بواری ژیاندا دەکرێتەوە، ئیدی هەر کەس هەگبەی بۆچوون و بیر و ڕای خۆی دەکاتەوە. هێندەی نەبرد، شێروان بە یاوەریی کەسێکەوە پەیدا بوو، کە لە مەزندەی کەسدا نەبوو. محەمەد عەباس بارامی شاعیر و گۆرانیبێژ و ئاوازدانەر خاوەنی گۆرانیی «ئاگرێکی بێ خۆڵەمێش» پەیدا بوو.

قەدەر وا بوو، ساڵی ١٩٥٢ لە کووچە و کۆڵانەکانی کەرکووکدا منداڵێك لە دایك بوو، ئەو منداڵە هەر زوو هۆگری هونەر و کوردایەتی بوو. لە شارەکەی خۆیدا دەست بە خوێندن دەکات، پاشان بەشی مۆسیقا لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغدا تەواو دەکات. لە ساڵی ١٩٦٦ بە دواوە، دوای ئەوەی گۆرانییەك لە هۆنراوە و ئاوازی خۆی لە ئیزگەی کوردیی بەغدا پێشکەش دەکات، ئیدی تێکەڵ بە دنیای هونەر و میدیا دەبێت. دوای ئەوەی لە ساڵی ١٩٧٢ لە ئیزگەی کوردیی بەغدا دادەمەزرێت، ساڵانێك هەر لە شاری بەغدا هەم لە ڕادیۆ و هەم لە تەلەفزیۆندا کار دەکات. دواتر دەبێتە مامۆستای هونەر لە کەرکووك.

لە گەرمەی شەڕی ئێران و عیراقدا، بڕیار دەدات بەرەو هەندەران کۆچ بکات. لە ساڵی ١٩٨٥دا بەرەو تاران پایتەختی ئێران، پاشان بەرەو سووریا کۆچ دەکات، لە درێژەی کۆچەکەی بەرەو شوێنێکی ئارام و دوور لە توند و تیژی، لە شاری ئەدنبرە لە هەرێمی سکۆتلاند لە بەریتانیا دەگیرسێتەوە، تا ئێستاش هەر لەوێیە.

عەباس محەمەد بارام مرۆڤێکی دەنگ خۆش و خۆش مەشرەبە، دڵ و دەروونی ئاوێتە بە دەریای هونەر و وێژەیە. هەر کە لە ژێی یادگارەکانی دەدەیت، بە قسەی خۆش و کوردییەکی پاراو، زۆر بە هێمنی و سوعبەتەوە، بەرەو دەیان ساڵ بەر لە ئێستات دەباتەوە «کە چوومە تاران، خولیای دیتنی ئیرەجی



**«ئاگرێکی بێ خۆڵەمێش. دڵی منە وا سووتاوە.» ئەمە یەکەمین ڕستەی گۆرانییەك بوو کە لە کۆتایی ساڵانی حەفتا و سەرەتای ساڵانی هەشتای سەدەی بیستەم، لەسەر زاری هەموو کەسێك بوو، لە هەموو کووچە و کۆڵانێکی ئەم کوردستانە دەبیسترا. ئەم گۆرانییە بە دەرهێنانێکی زۆر جوانەوە، لە تەلەفزیۆنی کەرکووك، کە یەکەمین کەناڵی تەلەفزیۆنی کوردییە لە مێژووی میدیای کوردستاندا، پەخش دەکرا.**

**تاریق کارێزی**

عەندەلیبی بووم. ئەوم دیت و بە دیداری شەجەریانیش شاد بووم.» هەڵبەت عەندەلیبی و شەجەریان دوو گەورە مەقامخوێنی فارسن، بۆ ئەو نەتەوەیە، هەر یەکەیان چیایەکە لە شکۆ. عەباس محەمەد بارام گوتی «لەگەڵ شەجەرەیان کەوتینە گفتوگۆیەکی فراوان، ئەو کوردی زۆر خۆش دەوێت. شەجەریان گوتی، کورد نەتەوەیەکە خاوەن کولتوورێکی بەهێز، زمانێکی بەهێز و دەوڵەمەندی هەیە، مۆسیقای فارسی هەر هەمووی میلۆدیی کوردییە، فارس تەنیا (چەهچەهە)ی هەیە، تەواوی مۆسیقای فارسی سەرچاوەکەی مۆسیقای کوردییە. بۆیەش کورد ماوەتەوە و نەتواوەتەوە، چونکە کولتوورێکی بەهێزیان هەیە، خۆ ئەگەر ئەم شێوەزارەی کوردی نەمێنێت، شێوەزارەکەی دی جێی دەگرێتەوە، ئەگەر لە شوێنێك کولتوور و هونەری کورد خامۆش بێت، لە شوێنی دیکە گەش و بە تەوژم خۆی دەنوێنێت.» ئەمانە قسەی گەورە مەقامخوێنی فارس شەجەریان بوون.

بە گوتەی مامۆستای بارام زادە، شەجەریان لای وایە هەردوو نەتەوەی فارس و تورك بە مۆسیقا و ئاواز و میلۆدیی کورد خۆیان دەوڵەمەند کردووە، تەنانەت عەرەبیش زۆر شتی لە کورد بردووە. ئەدی ئاخۆ لە بەریتانیا چ دەکات؟ ئەو ڕوونی دەکاتەوە «لەوێ مامۆستای پیانۆم، کتێبێکیشم لە بارەی فێر بوونی پیانۆ بە چوار زمانی کوردی، عەرەبی، فارسی و ئینگلیزی داناوە، مەبەستمە هەر کەس یەکێك لەو چوار زمانە بزانێت، بتوانێت لە ڕێی ئەم کتێبەوە فێری پیانۆ ژەنین ببێت.»

عەباس محەمەد بارام چەندی کە مۆسیقاژەن و گۆرانیبێژە، بارتەقای ئەوە شاعیرە «لە نێوانی ١٧٠٠ تا ١٨٠٠ پارچە شیعرم هەیە، سێ بەشن، نەتەوەیی و دڵداری و سۆفیگەری، سۆفیگەرییەکە هەمووی تەنیا بۆ خۆشەویستیی خودا گوتراون و نووسراون.» ئەو گەنجینەیەکی گەورەی ئاوازیشە «سەرووی ١٤٠٠ ئاوازم داناوە.» بە گوتەی ئەو «کورد خاوەنی ١٥ هەزار میلۆدیی فۆلکلۆرە.» شێروان کەرکووکی کە ئەرشیفێکی دەوڵەمەندی هونەری کوردیی کۆ کردووەتەوە، دەڵێ «ڕاستە مامۆستا عەباس لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆندا تەنیا ٢٠ گۆرانیی تۆمار کراوی هەیە، بەڵام لە ئەرشیفی مندا ٣٥٠ گۆرانیی تۆمار کراوی هەیە و پاراستوومن.» مامۆستای بارام زادە گوتی «تەواوی ئاوازەکانم لە نێو میمۆریدا پاراستووە، نەبادا بفەوتێن.»





### خانمە هونەرمەند دەشنێ بابان بۆ گوڵان:

# کاری هونەری لە ئەورووپا زیاترلە بۆنە و یادەکاندایە

خانمە هونەرمەندی گۆرانیبێژ دەشنێ بابان، خەڵکی شاری سلێمانییە و ماوەی ٢٣ ساڵە لەگەڵ خێزانەکەی لە دەرەوەی وڵات دەژی، دەشنێ ساڵانێکی زۆر تەنیا لە کۆنسێرت و فێستیڤاڵەکاندا بەشداریی دەکرد، بەڵام لە سەرەتای ئەم ساڵەوە بەرهەمێکی تازەی بە ناوی (خۆشم دەوێی) بڵاوکردەوە. لە دەرفەتێکدا بەم شێوەیە وەڵامی چەند پرسیارێکی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.

دیمانە: خەلیل بلەیی

*** سەرەتای کاری هونەریت چۆن بوو؟**

- من خوێندنم لە سلێمانی بووە و لە سەرەتای منداڵییەوە خولیا هونەری گۆرانی بوم، بەشداربووم لە چالاکیی قوتابخانەکاندا، تالە ساڵی ٢٠٠١ کوردستانم بەجێهێشت و لە وڵاتی هوڵەندا دوور لە جیهانی هونەر دەژیام.

*** ساڵانێکە لە دەرەوەی کوردستانیت، کاری هونەری بۆ تۆ چۆن بوو لە دەرەوە؟**

- ئەگەر من وەك دەشنێ بابان وەڵام بدەمەوە، ئەنجامدانی کاری هونەری بۆ ئافرەتێك کە لە ئەوروپا بژی تا بڵێی قورسە، من بۆ ئارەزوو و خواستی دڵی خۆم کاری هونەری ئەنجام دەدەم و هیچ کات بەبیرمدا نەهاتووە بۆ بژێوی ژیانم ئەم کارە بکەم، لەگەڵ ئەوەی ئەو دەرفەتەشم بۆ هەڵکەوتووە! بەڵام بیروبۆچوونی من هەندێك جیاوازە لەو لایەنەوە، لەوانەیە بۆ کەسێکی دیکە وا نەبێت.

*** ئێستا دەرکەوتنی هونەرمەندان زیاتر لە بۆنە و بیرەوەرییەکاندایە، ئەمە نابێتە هۆی ساردکردنەوەی هونەرمەندان؟**

- بێگومان کاری هونەری و کۆنسێرت تەنیا لە بۆنەکاندایە، ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ دووریی هونەرمەندەکان لە یەکتر، سەختیی ژیان و کارکردن وای کردووە تەنانەت بۆ بۆنەکانیش کات و شوێنێکی گونجاو نییە تا ئامادەسازی و پڕۆڤەی تێدا بکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا لە زۆرترین چالاکییەکاندا بایەخ بە شێوازی ئاهەنگ ئامێز دەدرێت، کە شای و هەڵپەڕین دەگرێتەوە، بە بۆچونی من ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێك، لەوانە غوربەت لەو وڵاتانە وا دەکات ساتێك بەدوای کەشێکی ئاهەنگ ئامێزی پتر شادیدا بگەڕێن، ئەمەش وا لە دەنگبێژ و هونەرمەندەکان دەکات کە بەناچاری پەنا بۆ ئەو شێوازە لە هونەر ببات، لەگەڵ ئەمەشدا خۆشبەختانە کەسانێك هەن کە بە جدی هونەردۆستن و مەبەستیانە چێژ لە میوزیك و گۆرانی ببینن و، چەند ساتێکی ئارام گوێگری کۆنسێرتێك بن لە ئاستێکی باڵادا.

*** ئەگەر بەراورد بکرێت لەگەڵ کوردستان، لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی کاری هونەری لە ئەوروپا چین؟**

- وەك ئاماژەم پێ دا، کاری هونەری بۆ من یەکەم شت خولیایە، لە گەڵ کۆمەڵێك خانمی فرە کلتوردا ساڵانێك دەبێت گروپێکمان پێك هێناوە، کە هەریەکەمان لە وڵات و نەتەوەی جیاوازەوە هاتووین، پێکەوە ئاشنا بووین بە فەرهەنگ و کلتووری یەکدی و فێربووین چۆن بە زمانەکانی یەکتر گۆرانی بڵێین، حەز دەکەم ئاماژە بەوەش بکەم کە ساڵانە ئیمە چەندین کۆنسێرت لە جێگەی جیا جیا ئەنجام دەدەین و دەنگی نەتەوە و فەرهەنگ و کلتووری خۆمان بە جلوبەرگی وڵاتەکەمانەوە دەناسێنین و، ئەنامانی ئەو گرووپە تا ئێستا چەند گۆرانییەکی کوردییش فێربوون و لە کۆنسێرەکاندا وتومانەتەوە.

*** جگە لە زمانی کوردی بە زمانەکانی دیکەیش گۆرانی دەڵێیت، چ پەیامێکت هەیە لەو ڕێگەیەوە بیگەیەنیت؟**

- ئارەزووی وتنەوەی گۆرانی بەزمانەکانی دیکە خولیایەکی منداڵیم بووە، وهەڵبەت زمانی عەرەبیش یەکێکە لەو زمانانەی نزیك بووە لە ئێمەوە وەك شوێنی جوگرافی.

*** ئەو گۆرانییانەی بە زمانەکانی دیکە دەیڵێیت، دووبارەن یان گۆرانیی نوێی خۆتن؟**

- سەبارەت بە گۆرانیگوتن بە زمانەکانی دیکە، من چەندین کۆرس و ڕاهێنانی دەنگ بە زمانی هۆڵەندی و بۆ فێربوونی مقاماتی ڕۆژهەڵاتی بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبیم وەرگرتووە، ئامێری پیانۆش یەکێکە لە هاوەڵەکانم بۆ ڕاهێنانی دەنگ. جگە لە کاری کۆڕاڵ لە ماوەی ڕابردوودا، بەشداریی چەندین کۆنسێرت و چالاکیی کوردیم کردووە لە وڵاتەکانی هۆڵەندا و ئەڵمانیا بەلجیکا و لۆکسەمبۆرگ.

*** ئایا ئەو گەنجانەی کورد کە لە ئەوروپان و ئارەزووی کاری هونەری دەکەن، هەوڵ دەدەن زیاتر لە هونەری ڕەسەنی کوردی نزیك ببنەوە یان ئارەزوی هونەری مۆدێرن دەکەن؟**

- سەبارەت بە گەنجانی ئەوروپا دیارە ئەوە دەکەوێتەوە سەر خێزانەکان خۆیان، ئایا تا چ ڕادەیەك کاریگەرن تا هونەر و فەرهەنگی کوردی بەگوێی مناڵەکانیاندا دەبدەن،چونکە منداڵ لەو جێگەیەی لێی گەورە دەبێت کاریگەر دەبێت بەو هونەر و فەرهەنگەی لە دەوروبەریدایە.



### هونەرمەندی مەغریبی ماجدە زەبیتە بۆ گوڵان:

# هونەرمەند زۆر شت دەکاتە قوربانی و تەواوی مافە یاساییەکانی خۆیشی وەرنەگرتووە

**ماجدە زەبیتە هەستێکی هونەری و بەهرەیەکی زۆری هەیە لە بواری نواندن و نووسینی تێکستی گۆرانی و ئاوازدانانەندا، بەڵام ئاواتەخوازە لەبری ئەوەی بەرهەمی دراماتیکیی ئاستنزم پێشکەش بکات، بۆ ماوەیەکی زۆر لەسەر شاشە نەمێنێت،**

**ڕەچەڵەکی خانەوادەی ماجدە مەکسیکین، وەك لە ناوی بنەماڵە ئیسپانییەکەیدا دەردەکەوێت، لە ناوچەی شاخاویی زەبیتە لە باشووری مەکسیکدا بووە، لە تەمەنێکی بچووکەوە دەستی بە نواندن کردووە، لە ڕێگەی قوتابخانە و کۆمەڵە هونەرییەکانەوە، لە خانەوادەیەکی هونەری و میدیاییدا پەروەردە بووە، خوشکێکی ئەکتەرە، یەکێکی دیکەی لە بواری مۆسیقادا کار دەکات، برایەکی لە بواری میدیا لە وڵاتێکی ئەوروپیدا کار دەکات، باوکیشی پێشتر وەرزشوان بووە.**

**ماجدە بەم شێوەیەوەڵامی چەند پرسیارێکی گوڵانی دایەوە.**



*** هۆکار چییە بەشێکی زۆری هونەرمەندان تەنیا گرنگی بە دراماکانی مانگی ڕەمەزان دەدەن؟**

- کاتێك درامای تەلەفزیۆنیی وەرزی ڕەمەزان کاریگەریی لەسەر هونەرمەند دەبێت، ئەوەندە بەس نییە کە داهێنەر بێت و بدرەوشێتەوە و هەموو وزەی ناو خۆی دەربخات، هونەرمەند هەستێکی هونەریی هەیە کە دەبێت لەگەڵیدا بگونجێت، ئەگینا لە ناو جەستەیدا گیری خواردووە، هونەرمەند وەك یاریزانێکی تۆپی پێیە، ئەگەر تۆپەکە نەبات و نەیگەڕێنێتەوە هیچی پێ نادات، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە بەکەم سەیری هونەرمەندان بکرێت.

*** تۆ لە خانەوادەیەکیت کە موزیسیان و میدیاکاری تێدایە، بۆچی نواندنت هەڵبژارد؟**

- بەڵێ من لە خانەوادەیەکی هونەریم، بەڵام نواندن منی هەڵبژارد، لە قوتابخانە بەشداری چەندین بەرهەمی شانۆییم کردووە، دواتر پەیوەندیم بە گرووپێکەوە کرد کە حەزیان لە مۆسیقا و یارییە سێرکەکان بوو، بەڵام ڕۆژێکیان دەرهێنەرێك پرسیاری لێ کردم بۆ ئەوەی لەگەڵیاندا بەشداریی شانۆگەرییەك بکەم، ڕازی بووم و دەستم بە مەشق کرد، دوای هەفتەیەك لە نمایشەکە، دەرهێنەر ڕۆڵی لاوەکیی منی گۆڕی بۆ ڕۆڵێکی سەرەکی، چونکە توانای نواندنی منی دۆزیەوە، ئەمە دەستپێکی من بوو، دواتر بەشداریم لە زنجیرەی (دار گوشە)دا کرد کە سەرەتایەکی ڕاستەقینە و یەکێك بوو لە ڕۆڵە گرنگەکانم، کە بە ڕاستی شانازیی پێوە دەکەم، دەستکەوتێك بوو و سەرەتایەکی سەرکەوتوو بوو.

*** پێوەرەكانی كاری باش چین؟**

- من دەردەكەوم و ون دەبم، چونكە ئەمە كارێكی جوان بەدوای خۆیدا دەهێنێت، هەندێك جار دیارنەمان بە ئارەزووی خۆمە و هەندێك جاریش پێچەوانەی ویستی منە، بەتایبەتی نەبوونی كار كە لەم دواییانەدا ڕووی داوە.

بۆ ئەوەی درۆزن یان ڕووكەش نەبین، پێموایە لە سەردەمی ئێمەدا و ئەوەی كە لە بواری سینەما و دراما هەستی پێ دەكرێت، ئێمە هێشتا دوورین لە سەپاندنی مەرجە سەرەتاییەكانی هونەرمەند، هەندێك مەرج هەیە، بەڵام ئەوان تەنیا وەك مەرجێك دەمێننەوە كە بەهێز نین.

*** ئایا هونەرمەندانی ڕۆژهەڵات مافەكانی خۆیان بەدەستهێناوە؟**

- هەر كارێك هونەرمەند ئەنجامی بدات پێویستە لە هەموو ڕوویەكەوە لێی ورد ببێتەوە، بۆ ئەوەی بتوانێت لە دۆخێكی باشدا كار بكات، وەك دەزانین پاداشتەكە گرنگە، چونكە هونەرمەند بەوەی لە هونەرەكەیەوە دەستی دەكەوێت بژێوی ژیانی پەیدا دەكات، ئەمەش مافی خۆیەتی و دەبێت لەبەرچاو بگیرێت، پێموایە هێشتا هونەرمەند تەواوی مافە یاساییەكانی وەرنەگرتووە بەو پێیەی هونەرمەند زۆر شت دەكاتە قوربانی.

*** دراما توركی و مەكسیكییەكان چ كاریگەرییەكیان لەسەر درامای عەرەبی هەبووە؟**

- هیچ كاریگەرییەك نابینم، چونكە هەر ژانرێكی هونەری بینەرێكی تایبەتی خۆی هەیە، هەر بۆیەش بینەرێك هەیە كە شوێن بەرهەمە مەغریبییەكان دەكەوێت، بینەرێكی دیكەش كە شوێن بەرهەمی عەرەبی، توركی، یان مەكسیكی دەكەوێت، هەروەها بینەرێكیش هەیە كە حەزی لێیە شوێن بەرهەمە ڕۆژئاواییەكان بكەوە.

*** خەون بە چ ڕۆڵێكەوە دەبینیت؟**

- هەر ڕۆڵێك بێت، بە مەرجێك ڕێز لە سەلیقەی بینەر بگرم، بەڵام گرنگترین شت بۆ من ئەوەیە كە كار دەكەم كۆمەڵێك تایبەتمەندیی ئەرێنی لە كاری دراماتیك یان سینەماییدا لە بەرچاو بگرێت، وەك من پێشتر لە سەرەتای هونەریمدا ڕۆڵی (بەدەوی)م پێشكەش كردبوو، و پێی ناسرام، دوای ئەوەش لە زۆر بەرهەمدا دووبارەم كردەوە، دواتر ڕزگارم بوو لێی.

*** ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ڕەگ و ڕیشەی مەكسیكیی خۆت، ئایا دەتوانیت لە درامایەكی مەكسیكیدا ڕۆڵ ببینیت؟**

- تا ئێستا سەردانی مەكسیكم نەكردووە، تاكە شتێك كە من لەگەڵیدا یەك دەخاتەوە، ڕەگ و ڕیشەی خێزانەكەم و لێرەوە ناوی بنەماڵەكەمە، من تا ناخ لەگەڵ دابونەریت و بەرژەوەندییە كلتووری و هونەری و كەسییەكانم، بە شانازییەوە دەڵێم من مەغریبیم.

*** كەسایەتی ماجدە لە دەرەوەی نواندن چۆنە؟**

- حەزم لە گەڕان و بازاڕكردن و ئامادەكردنی خواردنە، بەتایبەتی خواردنە مەغریبییەكان، بە گشتی حەزم لە گەشتكردنە بۆ وڵاتانی وەك توركیا و هیندستان و لوبنان، لەم گەشتانەدا هەوڵ دەدەم بە شانازییەوە نوێنەرایەتیی ئافرەتی مەغریبی بكەم.

*** حەز ناكەی سەردانی كوردستان بكەیت؟**

- بە خۆشحاڵییەوە جارێك سەردانی كوردستانم كردووە، سەردانێكی زۆر بە سوود بوو لەڕووی هونەری و كەسییەوە، وڵاتێكی زۆر سەرنجراكێشە، گەلی كوردستان میواندۆستن و ڕێز لە خەڵك دەگرن بە جۆرێك كە هەست ناكەیت لەو وڵاتەدا بێگانەیت، هونەر دۆستن و حەز لە كاری هونەری دەكەن و هەوڵ دەدەن سوود لە ئەزموونی وڵاتان وەربگرن، بەتایبەتی ئەوانەی كە لە ڕووی كلتوورییەوە نزیكن لە كوردستان.

*** بە نیاز نیت دووبارەی بكەیتەوە؟**

- بێگومان زۆر حەز دەكەم دووبارە سەردانی كوردستان بكەمەوە، هیوادارم ئەو دەرفەتەم بۆ بڕەخسێت و جارێكی دیكە لە جەماوەری شانۆی كوردستان نزیك ببمەوە، بتوانم ئامادە بم لە فیستیڤاڵێكی هاوشێوە كە كلتوور جیاوازەكان كۆ بكاتەوە، كە سەردانی كوردستانم كرد ئەم سەردانە بۆ من ئەزموونێكی نوێ و سەركەوتوو بوو و شانازیی پێوە دەكەم.

*** ئایا هیچ بەشدارییەكت لە كاری كۆمەڵایەتی و مرۆییدا هەیە؟**

- من منداڵم زۆر خۆش دەوێت، هەركاتێك دەرفەتێكم بۆ ڕەخسابێت سەردانی ئەو ناوەندە كۆمەڵایەتییانە دەكەم كە منداڵانی خاوەنپێداویستیی تایبەت، یان منداڵی بێ سەرپەرشت داڵدە دەدەن، پێش ئەوەی هونەرمەند بم، مرۆڤم، هەندێك حاڵەت دەبینم، لە ناوەوە دەڵێم: «مرۆڤ ناتوانێت بیانبینێت» مرۆڤەكان نیگەرانییەكانیان دەهێڵنەوە، ئەمەش لەپێناو خوداداییە.

*** ئاواتەكانت چین بۆ ساڵی نوێ؟**

- هیوادارم ئارامی و ئاسایش لە ناوچە جیاجیاكانی جیهاندا بەرقەرار بێت، كە زەردەخەنە و خۆشگوزەرانی بۆ مرۆڤایەتی بە گشتی بگەڕێتەوە، چونكە ئێمە لە سەردەمێكداین كە نا ئارامیی دەروونی و ئابووری و پەتا و نەخۆشی باڵی بەسەر جیهاندا كێشاوە، بۆ هەموو تاكەكانی وڵاتانی جۆراوجۆری جیهان درێژ دەبێتەوە، هیوادارم ژیان لە وڵاتانی برا و دۆستدا بگەڕێتەوە بۆ سەقامگیری.



بوشرا ڕەئوف

یاریزانی گۆڕەپان و مەیدانی یانەی سیروانی نوێ:

# پێویستە لە کوردستان پاڵەوانێتی زیاتر ئەنجام بدرێت تا ئاستی وەرزشوان پێش بکەوێت

شارەکانی کوردستان خاوەنی چەندین یاریزانی بەتوانان و خاوەن ئاست و ئەنجامی گەورەن لە سەر ئاستی وڵاتەکانیان و دەرەوەش، ڕۆژهەڵاتی کوردستان چەندین کچە یاریزانی بەتوانای لە یارییە جۆراوجۆرەکاندا هەیە کە ئێستا لە یانەکانی دیکەی کوردستان شەڕی بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە دەکەن، یەکێك لە کچە یاریزانە بەتواناکانیش لە یاریی گۆڕەپان و مەیدان (بوشرا ڕئوف)ـە، کە لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٨ی شاری مەریوانە، ئەمساڵ بۆ یانەی سیروانی نوێ یاریی کردووە، پێشتریش لە وڵاتی ئێران بۆ هەریەك لە یانەکانی سلکتور و لیانا یاریی کردووە، پشتگیرییەکانی باوکی گەیاندوویەتی بەم ئاستەی ئێستا، ئێمەش لە نزیکەوە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵی ئەنجام دا.

دیمانە: کارزان کانەبی




*** بە شێوەیەکی گشتی ئاستی یاریی گۆڕەپان و مەیدان چۆن دەبینیت لە شارەکانی کوردستان؟**

- هەرچەندە ئاستی یاریی گۆڕەپان و مەیدان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆر گرنگیی پێ نادرێت، بەڵام وەرزشوانی زۆر باشمان هەیە و مەشقی خۆی دەکات و لە باشترین ئاستدان، هەروەها لە باشووری کوردستان دەبینم کە چەندین ڕاهێنەری بەتوانای هەیە، وەرزشوانەکانیان لە ئاستێکی باش ڕاگرتووە، بەڵام دەبێ گرنگیی زیاتری پێ بدرێت و دەبێ لە قوتابخانەکانەوە یاریزانی باش دەستنیشان بکرێت و، بتوانرێت گرنگییان پێ بدرێت.

*** کەمیی پاڵەوانێتی تا چەند وا دەکات ئاستی ئەم یارییە بەرەوپێش نەچێت؟**

- کاریگەریی خۆی دەبێت بێگومان، بەڵام دەبێت لە کوردستان پاڵەوانێتی پێش بخرێت بۆ ئەوەی وەرزشوانان ئاستی خۆیان پێش بخەن و بۆ پاڵەوانێتییەکان، بەڵام بەبۆچوونی من وەرزشوانان سەدا پەنجا هاوکاری بکرێن، دەتوانن زۆر خۆیان پێش بخەن.

*** چی بکرێت باشە بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە بۆ کچان بەرز بکرێتەوە بچێتە قۆناغێکی باشتر؟**

- لە ڕێگەی قوتابخانەکان و لە چالاکیی وەرزشیی پەروەردەکانەوە وەرزشوانی باش دیاری بکرێت و بۆ ماوەیەك مەشقیان پێ بکرێت، لەگەڵ ئەوەش ڕاهێنەری باشیان بۆ دیاری بکرێت و ئارامییان لەسەر بگرن، بۆ ئەوەی بتوانن ئاستی ڕاستەقینەی خۆیان پێشکەش بکەن، ئەگەر یاریزانان بەشداریی پاڵەوانێتییەکانی دەرەوەیان پێ بکرێت ئاستی ئەم یارییە زۆر بەرەوپێش دەچێت.

*** گرفتی یاریی گۆڕەپان و مەیدان لە چیدا دەبینیت؟**

- من گرفتی ئەم یارییە لە گرنگیپێدانی کەم دەبینم، ئەگە ساڵێك پێش ئێستا ئەو گرنگییەم پێ بدرایە ئێستا لە پاڵەوانێتی ئاسیا ڕکابەریم دەکرد.

***چ هەستێکت هەیە وەکو کچە یاریزانێك وەرزشێکی قورس ئەنجام دەدەیت؟**

-من زۆر دڵخۆشم کە دەتوانم ئەم وەرزشە ئەنجام بدەم لە پاڵ تەواوی یاریزانەکانی

دیکەی ئێران لە چەندین پاڵەوانێتیدا یەکەم بووم، هەوڵیش دەدەم بتوانم بەشداریی پاڵەوانێتیی ئاسیا بکەم بە پاڵپشتی باوکم و ڕاهێنەرەکەم، بەردەوامیشم و هەوڵی خۆم دەدەم بۆ گەیشتن بە ئەنجامی شایستە و پلەی باشتر.

***بە نیازی چیت بۆ داهاتووی خۆت وەکو کچە وەرزشکارێك؟**

-بەنیازی ئەوەم زۆرتر لە جاران هەوڵی خۆم بدەم و باوەڕم بە توانای خۆم هەیە، چونکە لە شاری مەریوان یاریگەی تارتان نییە، دەچمە شارەکانی دیکەی ئێران، یان لە سلێمانی مەشقەکانم دەکەم، بۆیە دەبێت کەسێك هەبێت پاڵپشتیم بکات و سپۆنسەریم بکات بۆ ئەوەی بتوانم لە داهاتوودا مێژوویەکی جوان بۆ کورد و کوردستان بنووسمەوە.

***لەگەڵ ئەوەی یانەکانی کوردستان پشت بە ڕاهێنەری بیانی ببەستن؟**

- ڕاهێنەری کوردستان هەمووی خاوەن ئاستێکی بەرز، ئەگەر خودای گەورە پشتیوان بێ بتوانم ژماری باش تۆماربکەم لەگەڵ یانەکانی ئێران.

***چۆن بوو بڕیارت دا یاری بۆ یانەی سیروانی نوێی بکەیت؟**

- ئێستا من لە سیروانی نوێم، بۆیەکەم جار لە بەر ڕاهێنەری بەتوانا وەکو مامۆستا شەمام هاتم بۆ ئەم یانەیە، ئەو کەسێکی تایبەتە و لە دڵەوە گرنگی بە وەرزش دەدات، حەز دەکەم بۆ کوردستان یاری بکەم، بەڵام لە بەغداد گوتویانە نابێ یاریزانی وڵاتێکی دیکە یاری بکات، ئەوەش بۆ من کێشەیە.

*** خەونی وەرزشیت چییە وەکو کچە یاریزانێك؟**

-خەونی من ئەوەیە بتوانم بچمە دەرەوەی وڵات بۆ بەشداریکردن لە پاڵەوانێتییەکانی دەرەوە لە پاڵ یاریزانە بەناوبانگەکان، براوەبم و ناوی کوردستان بەرز بکەمەوە.

***یانەکانی وڵاتی ئێران داوای گرێبەستیان لێ نەکردویت؟**

-گرێبەستەکان لە وڵاتی ئێران هەمووی بۆ چەند مانگێکە، ئەمساڵیش گرێبەستم ئازاد بوو بەناوی کوردستان بەشداری پاڵەوانێتیم کرد، لە هەوڵی ئەوەدام لەگەڵ یەکێك لە باشترین یانەکانی وڵاتی ئێران گرێبەست بکەم.

***پاڵەوانبوون لای تۆ چی دەگەینێ؟**

-پاڵەوانبوون لای من بەمانای ئەوەیە کە تۆ یەکەم جار پشت بەخوای گەورە ببەستیت، پاڵەوان بوون سەبری دەوێت لە شکست نەترسیت، من زۆریش زۆر سەبرگرم بۆ بەدەستهێنانی هەرشتێك.

*** بە چ یاریزانێك سەرسامیت لە گۆڕەپان و مەیدان؟**

-یاریزانێکی کورد لە یارییەکانی ئاسیا لە نزیکەوە بینیم، ئەویش کاك حوسێنی کیهانی بوو زۆر سەرسامم پێی، سیفا حەسەنیش حەز دەکەم ڕۆژێك یارییان لەگەڵ بکەم.

***وەرزشی گۆڕەپان و مەیدان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە چ ئاستێکە؟**

-لە ئاستێکی زۆر باشدایە، چەندین یاریزانی بەتوانا هەیە ئەگەر گرنگییان پێ بدەن دەگەنە ئاستێکی بەرز، شارێکی وەکو مەریوان چەندین یاریزانی بەتوانای تێدایە، من لەپاڵ یاریزانیدا خەریکی کاری ڕاهێنەرییشم بۆ پلە دووی ئێران، بۆ ئەوەی بتوانم خەڵکانێکی باش بۆ ئەم یارییە دیاری بکەم.

***ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

- زۆر سوپاس بۆ گۆڤارەکەتان کەوا پشتگیریی یاریزانەکانی کوردستان دەکەن بەبێ جیاوازی، نموونەتان زۆر بێت.






# کۆرتوا تووشی پێکانێکی تربووه

تیبۆ کۆرتوا گۆڵپارێزی بەلژیکی یانەی ڕیاڵ مەدرید دووبارە تووشی پێکانێکی قورس بوو و ئەم وەرزە هیچ چانسێکی بۆ گەڕانەوەی نەما.

ڕۆژنامەی مارکا بڵاویکردەوە تیبۆ کۆرتوا گۆڵپارێزی بەلژیکی یانەی ڕیاڵ مەدرید بەو هیوایە بوو کۆتاییەکانی ئەم وەرزە لەو پێکانە قورسەی، کە سەرەتای ئەم وەرزە بەرۆکی گرتووە ڕزگاری بێت و دووبارە بگەڕێتەوە و دەست بە یاریکردن بکاتەوە، بەڵام ئەو گۆڵپارێزە نەهامەتیەکی دیکە و ئەمجارەیان لە ڕاهێنانەکانی یانەکەی لە ئەژنۆی ڕاستی تووشی پێکان بووە.

ڕۆژنامەکە بڵاویشی کردەوە کۆرتوا، کە نزیکەی هەفتەیەکە گەڕاوەتەوە و دەستی بە ڕاهێنانەکانی کردووە بەهۆی ئەم پێکانەی ناچارە نەشتەرگەرییەکی تربکاتەوە هەربۆیە ئەم وەرزە بۆ ئەو تەواوبووە و هیچ چانسێکی بۆ گەڕانەوە نەماوە.

لە لایەکی ترەوە سەرچاوەکانی ئیسپانیا بڵاویان کردووە ئەگەر گۆڵپارێزە بەلژیکەیەکە بە چارەسەری سروشتی لەو پێکانەی ڕزگاری بێت ڕەنگە چانسێکی کەمی هەبێت بۆ گەڕانەوە.



# یانە گەورەکانی ئەورووپا چاویان لە ئەستێرەیەکی بایرن میونیخە

یانەی بایرن میونیخ بیر لە فرۆشتنی ئەستێرەیەکی دەکاتەوە و چەند یانەیەکی گەورەی ئەورووپا ڕکابەری لەسەر گواستنەوەی دەکەن.

بەپێی هەواڵەکانی رۆژنامەکانی ئەڵمانیا یانەی بایرن میونیخ ئامادەیە بیر لە فرۆشتنی جۆشوا کیمیچ ئەستێرەی هێڵی ناوەڕاستی یانەکەی دەکاتەوە ئەگەر لە گواستنەوەی هاوینی داهاتوودا ئۆفەرێکی باشی پێشکەش بکرێت. هەریەکە لە یانەکانی ڕیال مەدرید و بەرشلۆنە و لیڤەرپوول و مانچستەر سیتی و ئەرسناڵ لە نزیکەوە چاودێریی دۆخی ئەو یاریزانە دەکەن و دەیانەوێت ڕکابەری لەسەر بەدەستهێنانی تواناکانی بکەن.

بەپێی ڕاپۆرتی سکای نیوز، کیمیچ بیر لەوەدەکاتەوە بچێتە یەکێک لە یانەکانی ڕیال مەدرید یان مانچستەرسیتی پەیوەندیکردنی بە یەکێک لە یانەکانی مانچستەر یۆنایتد و چێڵسی یان پاریس سانت جێرمان لە پلانەکانی ئەو یاریزانەدا نییە.

ماوەیەکی زۆرە ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانییەکان باس لەوەدەکەن جۆشوا کیمیچ لە گواستنەوەی هاوینی داهاتوودا یانەکەی بەجێدەهێڵێت.

کیمیچ تەمەنی ٢٩ ساڵە گرێبەستەکەی لەگەڵ یانەی بایرن لە هاوینی ٢٠٢٥ تەواو دەبێت، نرخەکەی لە بازاڕی گواستنەوەی یاریزاناندا بە ٧٥ ملیۆن یۆرۆ دەخەملێندرێت.

# هەوڵی مانەوەی زاڤی دەدرێت

ئەنجامە باشەکانی ئەم دواییەی بەرشلۆنە، بەرپرسانی ئەو یانەیەی ناچار کردووە واز لە هەوڵەکانیان بۆ دۆزینەوەی شوێنگرەوەی زاڤی ڕاهێنەری یانەکەیان بێنن، هەوڵەکانیان بۆ ڕازیکردنی ڕاهێنەرەکەیان بۆ مانەوە چڕکردووە. زاڤی پێداگیرە لەسەر بڕیارەکەی دوای تەواوبوونی ئەم وەرزە یانەکە جێبهێڵێت، بەڵام مانەوەی لە یانەکە بە کراوەیی هێشتووە و لە هەر کاتێکدا ئامادەیە گفتوگۆی نوێ لەگەڵ بەرپرسانی یانەکەی بکات هەربۆیە چاوەڕێ دەکرێت لاپۆرتا سەرۆکی یانەی بەرشلۆنە دێکۆ بەڕێوەبەری وەرزشی ڕاسپێرێت هەوڵی هێشتنەوەی راهێنەرەکەیان چڕبکاتەوە.

ڕۆژنامەی سپۆرتی کەتەلۆنی بڵاویکردووە چەند سیناریۆیەک هەن، کە وادەکەن زاڤی وەکو ڕاهێنەری بەرشلۆنە لە کارەکەی بەردەوام بێت، یەکەم سیناریۆ ئەو یانەیە تاوەکو کۆتایی ئەم وەرزە، لەسەر ئاست و ئەنجامە باشەکانی بەردەوام بێت.

سیناریۆی دووەم لە یارییەکەی بەرامبەر ڕیاڵ مەدرید لە یاریی کلاسیکۆ ئەگەر زاڤی توانی ئەنجامە دڵخوازەکەی هاندەرانی بەدەست بێنێت دەبێتە هۆکارێکی بەهێز بۆ مانەوەی لە پۆستی ڕاهێنەرایەتی یانەکەیان ڕەنگە هەر ئەو کاتە خودی هاندەران بەرپرسانی یانەکەیان ناچار بکەن ڕێگە بە ڕۆیشتنی نەدەن.

سیناریۆی سێیەم ئەگەر ئاست و ئەنجامی یانەکەی لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا بەرشلۆنە ئەم وەرزە لە کاتێکدا گەیشتووەتە قۆناغی چارەکی کۆتایی پاڵەوانتیەکە، دەرفەتێکی باشی بۆ درووستبووە، کە بە ئاسانی خۆی بگەیەنێتە یاری کۆتایی.

یەکێک لە گەورەترین بەربەستەکانی مانەوەی زاڤی وەکو ڕاهێنەری بەرشلۆنە، بارودۆخی دارایی یانەکەیەتی لەبەر ئەوەی لەو ماوەیە، کە ڕاهێنەرایەتی بەرشلۆنەی کردووە کارگێری یانەکەی نەیانتوانیوە لە ئاست داواکارییەکانی ئەو یاریزانانەی، کە پێویستە بۆی بگوازنەوە.





# کۆسرەت بایز لەگەڵ یانەی گەرمە ئاسوودەیە

یانەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق بەردەوام چاویان لەوەیە کە یاریزانە بەتوانا کوردەکان ببەنە ڕیزی تیپەکانیان، بە ئامانجی بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە و کێبڕکێ لە سەر بەدەستهێنانی ئەنجامی گەورە لە خولە جیاوازەکان، کۆسرەت بایز ئەستێرەی پێشووی یانەی هەولێر و نەورۆز، ئەم وەرزە لە خولی پلە نایابەکانی عێراقی گرێبەستی لەگەڵ یانەی گەرمە کردووە، تا خۆی بگەیەنێتەوە خولی پیشەگەرەکانی یانەکانی عێراقی، لەم بارەشەوە کۆسرەت بایز بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «هەڵبژاردنی یانەی گەرمە بۆ من زۆر قورس بوو، یانەی گەرمە یەکێکە لەو یانانەی هەوڵی ئەوە دەدات خۆی بگەیەنێتە خولی ئەستێرەکانی عێراقی، ئەوەش وای لە من کرد دوای بیرکردنەوە و گفتوگۆکردن لەگەڵ ڕاهێنەر و سەرۆکی یانە، گەیشتمە ئەو بڕیارەی کە لەگەڵ ئەو یانەیە یاری بکەم، تیپەکە کۆمەڵێك یاریزانی پیشەگەر و یاریزانی ناوداری عێراقی بانگێشت کردووە، ئەوەش هەوڵێکی باشە و دەمانەوێ ئامانجەکەمان بپێکین، ئامانجمان گەیشتنە بە ڕیزی خولی پیشەگەرانی عێراقی بە هیمەتی هەموو لایەك، بۆمنیش دەبێتە دەستکەوتێك کە پێشتر لەگەڵ یانەکانی سلێمانی و هەولێر توانیومە تیپەکان بگەیەنینە ڕیزی یانە نایابەکانی عێراقی»، سەبارەت بە گرێبەستی دیکەیش کۆسرەت گوتی: «بەڵێ چەندین گرێبەستم هەبووە، بەڵام بەهۆی پەیوەندیی بەهێزی من لەگەڵ سەرۆکی یانە و ستافی ڕاهێنەران، وای کرد کە سەرجەم گرێبەستەکانی دیکە ڕەت بکەمەوە، لەم یانەیەدا بەردەوام بم تاکو کۆتایی ئەم وەرزە».

# زانکۆی جیهان
# خەونی گەیشتنە بە ڕیزی یانە پلە یەکەکان



تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشی زانکۆی جیهان ئەم وەرزە بە پێکهاتەیەکی تۆکمە و ستافێکی ڕاهێنەرانی تازەوە دەستیان بە ئامادەکارییەکان کردووە بۆ بەشداریکردن لە یارییەکانی وەرزی نوێی خولی یانە پلە دووەکانی کوردستان، هەوڵی بەدەستهێنانی پلێتی گەیشتن بە ڕیزی یانە پلە یەکەکان دەدات، لەم بارەشەوە مامۆستا زیاد کەریم بەڕێوەبەری تیپی تۆپێی پێی وەرزشی زانکۆی جیهان، بۆ گۆڤاری گولآن گوتی: «بۆ ئەم وەرزە ستافێکی تازەی ڕاهێنەرانمان دەستنیشان کردوە بە ئامانجی بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە لەم وەرزەی خولی پلە دووەکانی کوردستان، جگە لەوەش تیپەکەمان سەرلەنوێ دروست کردووەتەوە و تیپێکی تەواو گەنجانەیە و پشتمان بە یاریزانانی تازە بەستووە لەم وەرزەدا، جگە لەوەش چوار یاریزانی وەرزی ڕابردوو لە تیپەکەماندا ماون لەگەڵ پێکهاتەیەکی گەنج تیپێکی بەهێزمان دروست کردووە بۆ ئەم وەرزە»، لەبارەی هێنانی یاریزانی پیشەگەریش گوتی: «ژمارەیەك یاریزانی دەرەوەی هەرێممان هێناوەتە ڕیزی یانەکەمان، بۆ ئەوەی بتوانین سوود لە تواناکانیان وەربگرین و بتوانین ئەم ساڵ ئامانجی گەیشتنەوەمان بە ڕیزی یانە پلەیەکەکان بەدی بهێنین، سوپاسی سەرۆکی یانە و سکرتێری یانەکەمان دەکەین کە پاڵپشتی تەواوی تیپەکەمانن و سەرجەم پێداویستییەکانی تیپەکەیان دابین کردووە، ستافی ڕاهێنەرانیش بەردەوامن لە مەشقەکان، بۆ ئەوەی بتوانین بە بەهێزییەوە بچینە نێو یارییەکانی وەرزی نوێی خولی پلە دووەکانی کوردستان».

# ئیدارەی سەربەخۆیی سۆران پێویستی بە کۆمەڵگەیەکی وەرزشییە

دوای ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیای دا بە دەستنیشان کردنی سۆران بە ئیداری سەربەخۆ، لەم ناوەشدا چەندین بەڕێوەبەرایەتی بۆ شارەکە دەمەزرا، وەکو بەڕێوەبەرایەتی وەرزش و بەڕێوەبەرایەتی لاوان لە ئێستادا بەشێوەیەکی باش کار لە سەر پرسی وەرزشی دەکرێ لەم دەڤەرە، گەشە شێرزاد سەرپەرشتیاری چالاکییە وەرزشییەکانی ڕێکخراوی ڕۆژی وەرزشی، بۆ گۆڤاری گولآن گوتی: «دوای دامەزراندنی هەردوو بەڕێوەبەرایەتیی وەرزش و لاوانی ئیدارەی سۆران چەندین چالاکی گرنگمان ئەنجام داوە، کە بۆ یەکەم جارە لە سنوورەکەماندا بەڕێوە بچێت، وەك: دروستکردنی فێرگەی تۆپی پێ و پاڵەوانێتی مەلەوانی و لەشجوانی و هێزی لەش و خولی ڕۆژنامەنوسیی وەرزشی و پانێڵی وەرزش و خولی فێرگەکان و چەندین خولی دیکەی جۆراوجۆر، بەڵام کێشەمان نەبوونی یاریگەیە، چونکە دوو یاریگە لە ئیدارەی سۆراندا هەیە، یەکێکیان تایبەتە بە یانەی سۆران، ئەوەی تدیکەیش هی تیپە میللییەکانە، ئەمیش گرفتی هەیە و بۆیاریکردن ناشێت، زیاتر لە هەزار یاریزان لەسەر ئەم یاریگەیە مەشق دەکەن، ئێستا یانەی ئافرەتانی سۆران دامەزراوە، بۆیە داوا دەکرێت کۆمەڵگەیەکی وەرزشی دروست بکرێت، بۆ ئەوەی وەرزشی ئافرەتان زیاتر بەرەوپێش بچێت، ژێرخانی وەرزشی بۆ شارەکە زۆر پێویستە، بۆیە نوژەنکردنەوەی یاریگەی سەروچاوە، یان دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی وەرزشیی داخراو بۆ ئەنجامدانی چالاکییەکانمان زۆر پێویستە».



# ڕێنمایی نووستن لە مانگی ڕەمەزاندا

تەرخانکردنی کاتی تەواو بۆ خەو زۆر گرنگە بۆ پاراستنی تەندروستی و نوێبوونەوەی تواناکانی جەستەیی و دەروونی. لە مانگی ڕەمەزاندا گەلێك جار خشتەی نووستنی سرووشتیمان گۆڕانی بەسەردا دێت، زیاتر لەبەر مانەوە تا درەنگانی شەو، کە لەوانەیە کاریگەریی نەرێنی بکاتە سەر ڕیتمی کاتژمێری بایۆلۆژی لەش و، گۆڕان لە کاتەکانی دەردانی هۆرمۆنی خەو کە بە میلاتۆنین Melatonin ناسراوە، ئەمەش لەوانەیە گەلێك جار ببێتە هۆی خەوزڕان. ڕێنماییەکان بۆ خەوێکی دروست لە مانگی ڕەمەزاندا:

- تەرخانکردنی یەك ماوەی نەپچڕاو یان دوو ماوەی کاتی بۆ کۆی کاتژمێرە پێویستەکانی نووستن کە لە حەوت کاتژمێر کەمتر نەبێت، بۆنموونە شەوانە چوار کاتژمێر لە ماوەی نێوان ژەمی فتار وپارشێودا، ئینجا دووبارە چوونە خەو بۆ ماوەی سێ کاتژمێری دیکە.
- ڕێکخستنی کاتەکانی خەو، بۆنموونە نووستنی یەکەم لە کاتژمێر ١١ی شەو تا کاتژمێر سێی بەیانی و ماوەی نووستنی دووەم لە کاتژمێر چوار تا حەوتی بەیانی، واتە بە تێکڕا حەوت کاتژمێر نووستن لە ماوەی ٢٤ کاتژمێردا. نووستنی پاش نیوەڕۆ کە هەرگیز لە ٢٠ خولەك زیاتر نەبێت، چونکە زیاد نووستنی پاش نیوەڕۆ هۆکارە بۆ هەستکردن بە هیلاکیی جەستەیی و هەستکردن بە بۆرژان.
- دوورکەوتنەوە لە خۆراکی زۆر چەور و بڕی زیادی شیرینی لە ژەمی فتاردا هاوکات لەگەڵ کەمکردنەوەی تیژی و بەهارات، هەروەها دوورکەوتنەوە لە شلەمەنییە کافائینییەکانی وەکو چای و قاوە، چەند کاتژمێرێك پێش ساتی تەرخانکراو بۆ نووستن.
- تەرخانکردنی شوێن و دەروبەرێکی گونجاو بۆ نووستن، واتە شوێنێکی هێمن و تاریك هاوکات لەگەڵ دوورکەوتنەوە لە بەکارهێنانی شاشە شینەکانی ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان پێش کاتی نووستن.



# نیشانەکانی بەرزبوونەوەی ئاستی شەکری خوێن

بەرزبوونەوەی ئاستی شەکری خوێن Hyper-glycemia لەبەر گەلێک هۆکار ڕوودەدات، بەڵام بەگشتی زیاد خواردنی کاربۆهیدراتە سافکراوەکان هۆکارێکی باوە. بەرزبوونەوەی ئاستی شەکری خوێن بەمە پێناسە دەکرێت کە شەکری خوێن بەرزتر بێت لە ١٨٠ملگم/ دێسیلیتر. لەکاتی خواردنی کاربۆهیدراتەکاندا، لەش دەیانگۆڕێت بۆ شەکری سادەی گلوکۆز، کە دێتە ناو خوێن، ئەمەش هانی گلاندی پەنکریاس دەدات بۆ دەردانی هۆرمۆنی ئینسولین بەمەبەستی دابەزاندنی شەکری خوێن. بەبێ ئینسولین، ئاستی بەرزی شەکری خوێن زیاتر بەرزدەبێتەوە و گرفتی گەورەی تەندروستی پەیدا دەکات، بۆنموونە نەخۆشی لە کۆئەندامی دڵ و سووڕان و نۆرەی دڵ، نەخۆشیی گورچیلە، هەوکردنی دەمارەکانی دەوروبەر، نەخۆشیی تۆڕەی چاو، دواکەوتنی چاکبوونەوەی برین، هەروەها جەڵتەی مێشک Stroke. بەگشتی نیشانەکانی بەرزبوونەوەی ئاستی شەکری خوێن لە ١-٢ کاتژمێری پاش خواردندا سەرهەڵ دەدەن و بریتین لە: لێڵبوونی بینین، وشکبوونی دەم، هەستکردن بە ماندووبوون، زیاد هەستکردن بە تینووبوون، زیاد میزکردن. هەندێک جار بەرزبوونەوەی ئاستی شەکری خوێن هەستی پێناکرێت، تا کاتی دابەزینی توندی شەکری خوێن کە هاوکات دەبێت لەگەڵ چەند نیشانەیەکی وەکو: پەستی، شێوان، نارەحەتیی دەروونی، تووڕەبوون، سەرسووڕان، هەستکردن بە برسیبوون، لەرزین، لەگەڵ ئارەقەکردن.

# خۆراکی گرنگ بۆ تەندروستی قژ

ڕەگی قژ جگە لە ئۆکسجین، پێویستی بە ماددەی خۆراکی تایبەت هەیە بۆ گەشەکردن و پاراستنی لە هەڵوەرین، نموونەی ئەو خۆراکانەی کە ماددە پێویستەکان بۆ پاراستنی تەندروستیی قژ لەخۆدەگرن ئەمانەن: ماسی بەتایبەتی ماسیی سالمۆن، ساردین یان ماکاریل کە دەوڵەمەندن بە ترشی چەورییەکانی ئۆمیگا٣ ڕۆڵی بەرچاویان بۆ تەندروستیی قژ هەیە، بەتایبەتی هێشتنەوەی چڕی و بریقەی قژ، ماستی گریکی Greek yogurt کە دەوڵەمەندە بە پرۆتین و پێکهاتەی گرنگی دیکە، بەتایبەتی ڤیتامین B5 کە هاندەرن بۆ باشترکردنی هاتووچۆی خوێن لەپێستی سەر و هاندانی گەشەی قژ و خۆپاراستن لە تەنکبوونی، سپێناغ کە دەوڵەمەندە بە ڤیتامین A، B9، C، لەگەڵ کانزای ئاسن و بیتاکارۆتین، کە دژەئۆکسانێکی بەهێزە و ڕۆڵیان هەیە بۆ پاراستنی قژ لە موخۆرکە و پچڕانی قژدا، هەروەها گۆشتی پەلەوری کەم چەوری کە دەوڵەمەندە بە پرۆتین و ڕۆڵی هەیە لە گەشەی قژ و ڕێگرتن لە هەڵوەرینیدا، پەتاتەی شیرین بەهۆی ڕێژە بەرزەکەی دژەئۆکسانی بیتاکارۆتین کە لە لەشدا دەگۆڕێت بۆ ڤیتامین A و ڕۆڵی گرنگی هەیە بۆ پاراستنی قژ لە وشکبوون بە هاندنی گلاندەکانی چەوریی پێست، بۆ دەردانی ماددەی سرووشتیی چەورکردنی پێست و قژ، کە بە (سیبەم Sebum) ناسراوە، دارچین کە هانی سووڕی خوێن لە پێستی سەر و ڕەگەکانی قژ دەدات بۆ گەیاندنی زیاتری ئۆکسجین و ماددە خۆراکییە پێویستەکان، هێلکە بەهۆی ڕێژە بەرزەکەی پرۆتین و ئاسن و ڤیتامینەکانی B کە گرنگن بۆ هاندانی گەشەی قژ، مەحار Oyster کە دەوڵەمەندە بە کانزای زینک، کە ڕۆڵی هەیە بۆ پاراستنی قژ لە هەڵوەرین، گوێز بەهۆی ڕێژە بەرزەکەی پرۆتین، کانزای کۆپەر، ڤیتامین E و ئۆمیگا٣، ئینجا کوولەکەی زستانە کە دەوڵەمەندە بە ئاسن و زینک و ڤیتامینەکانی A، C، E.







# هۆکاری سەرئێشە لە مانگی ڕەمەزاندا

سەرئێشە حاڵەتێکی باوە لە مانگی ڕەمەزاندا لەگەڵ گۆڕان لە کاتەکانی خواردن و خواردنەوەی شلەمەنییەکان، هەروەها گۆڕان لە کاتەکانی حەسانەوە و خەوتندا، ئەمە جگە لە چەند هۆکارێکی دیکەی پەیوەست بە جۆری خۆراك و دابەزینی ئاستی شەکری خوێن... تاد. بەگشتی زۆربەی ڕۆژووەوانان پاش ١٦ کاتژمێر لە ژەمی پارشێو هەست بە سەرئێشە دەکەن، کە هەموو سەر، یان لایەکی سەر دەگرێتەوە، هەروەها توندییەکەی لە نێوان سووك و مامناوەند دایە، کە هەندێگ جار هاوکات دەبێت لەگەڵ نارەحەتیی دەروونی و هەستکردن بە هیلاکی لەگەڵ سەرسووڕاندا، بەڵام بەگشتی پاش فتارکردنەوە سەرئێشە سووك دەبێت و نامێنێت. هۆکارەکانی سەرئێشە لە مانگی ڕەمەزاندا: دابەزینی ئاستی شەکری خوێن، کەمبوونەوەی ڕێژەی شلەی لەش Dehydration بەتایبەتی لە کەشی گەرمدا، زیاد خواردنی خۆراکی چەور و قورس لەگەڵ کەم خواردنەوەی ئاو یان شلەمەنی لە ماوەی نێوان ژەمی فتار و پارشێودا، زیاد خواردنەوەی شلەمەنییە کافائینییەکانی وەکو چای و قاوە لەکاتی شەودا، لەکاتی ڕۆژیشدا وەکو کاردانەوە بۆ دوورکەوتنەوە لە کافائین یان خواردنەوەی چای و قاوە، ڕۆژووەوان تووشی سەرئێشە دەبێت، هەروەها دوورکەوتنەوە لە نیکۆتین لە کەسانی جگەرەکێشدا، بەدخۆراکی، ژەمی بچووك و ناهاوسەنگی پارشێو یان نەخواردنی ژەمی پارشێو.



# ئەو خۆراکانەی بۆ پاراستنی جگەر گرنگن

دەتوانرێت بە خۆراك جگەر لە نەخۆشی بپارێزرێت، بەتایبەتی زیادبوونی چەوریی جگەر. خۆراکە پێویستەکان بۆ پاراستنی جگەر بریتین لە: سەوزە و میوەی جۆراوجۆر کە سەرچاوەی دەوڵەمەندن بە ماددە دژەئۆکسانەکان، هێلکە، گۆشتی پەلەور، کاکڵەکانی وەکو گوێز و باوی، تۆوەکان Seeds، دانەوێڵەی تەواو، شوفان، بڕی مامناوەندی چای یان قاوە، هەروەها ماسیی چەوری وەکو سالمۆن و ساردین، هاوکات لەگەڵ هەڵبژاردنی خۆراکی کەم چەوری و خواردنی بڕی کەم لە چەورییە تەندروستەکانی وەك: ترشە چەورییەکانی ئۆمیگا٣، زەیتی زەیتوون، زەیتی ئاڤۆکادۆ، هەروەها ترشە چەورییە ناتێرەکان Unsaturated. لە لایەکی دیکە بۆ خۆپاراستن لە نەخۆشیی جگەر، پێویستە خۆمان لە چەند خۆراکێك بپارێزین، بۆنموونە دوورکەوتنەوە لە بڕی زیادی چەورییە تێرەکان و شەکر زیادکراوەکان، سۆدا و شلەمەنییە کاربۆهێدکراوەکان، شلەمەنییە شیرینکراوەکان و وزەبەخشەکان En-ergy drinks، خۆراکی خێرا چونکە هاندەرە بۆ زیادبوونی ڕێژەی چەوریی جگەر، بەتایبەتی لە کەسانی قەڵەو و تووشبووانی نەخۆشیی شەکرەدا، هەروەها دوورکەوتنەوە لە خۆراکی پرۆسێسکراو و کەمکردنەوەی گۆشتی سوور.

## هۆکارەکانی ئازاری مل



ئازاری مل Neck pain حاڵەتێکی باوە، لەوانەیە کە بەگوێرەی هۆکارەکەی بۆ ماوەی چەند ڕۆژ یان چەند ساڵێك بەردەوام بێت، ئازارەکە لەوانەیە هاوکات بێت لەگەڵ سخبوونی مل و سنوورداربوونی جووڵەی مل بە ئاراستەی جیاواز، هەروەها سەرئێشە. هۆکارەکانی ئازاری مل: هەر پۆزیشنێکی نووستن یان سەرینی نەگونجاو کە هۆکار بێت بۆ فشار خستنە سەر مل، گرژبوونی ماسوولکە و بەستەرەکانی مل Strain لەبەر ڕاگرتنی مل بە ئاراستەیەکی تایبەت بۆ ماوەیەکی زۆر، بۆنموونە سەیرکردنی شاشەی مۆبایل بۆ ماوەیەکی زۆر، داڕوشانی جومگەی بڕبڕەکانی مل O.A، زەبر بۆ ناوچەی مل، بەتایبەتی پشتەوەی مل، خزینی کڕکراگە یان دیسکی نێوان بڕبڕەکانی مل، کە فشار دەخاتە سەر دەمارەکانی مل و بڵاوبوونەوەی ئازار بۆ قۆڵ و پشت، تەسکبوونەوەی کونی بڕبڕەکانی مل کە پەتکەدەمار بەناویدا دەڕوات، لە ئەنجامی هەوکردن یان بوونی گرێ، پەیدابوونی گرێ Tumor لە بڕبڕەکانی ملدا کە لەوانەیە شێرپەنجەیی بێت و لە ئەنجامی بوونی گرێ لە بەشێکی دیکەی لەشەوە سەرچاوە بگرێت، پاشان فشار بخاتە سەر دەمارەکانی و ئازاری مل پەیدابکات، زێدە ئێسکی بڕبڕەکانی مل Bone spur کە زیاتر لەگەڵ بەساڵاچووندا پەیدادەبێت و فشار دەخاتە سەر پەتکە دەمار و دەمارەکانی دەوروبەری، لەم حاڵەتەدا ئازاری مل لەوانەیە هاوکات بێت لەگەڵ سەرئێشە یان بۆ قۆڵەکانیش بڵاو ببێتەوە.

# شەحنکەرەوەیەکی بێتەڵ بۆ گشت ئامێرەکان




شـەحنکەرەوەی Cojamesnel 6-in-1 Wireless Charging Station شـەحنکەرەوەیەکی خێرایـە بـۆ بـارگاوی کردنـی زنجیـرە ئامێرەکانـی سـەر بـە کۆمپانیـای ئەپل. وەك: ئایفۆن، ئەپل واچ، ئایەربۆد... تاد. بەگشتی هەمـوو ئـەو ئامێرانـەی کە لە شـەحنکەرەوەی بـێ وایـەر سـوود وەردەگـرن بـەو شـەحنکەرەوەیە شـەحن دەبنـەوە. ئامێرەکـە هـەر وەك لەناوەکەیـدا دیـارە لەیـەك کاتـدا دەتوانێـت شـەش ئامێـر پێکـەوە شـەحن بکاتـەوە. ئامێرەکـە هەتـا ١٥ وات پشـتیوانی دەکات. لـە بـواری دیزاینـەوە ئامێرەکـە زۆر گونجـاوە و دەکرێـت لەسـەر مێـز دابندرێـت و ئـەو ئامێرانـەی کـە پێویسـتیان بـە بـارگاوی کـردن هەیـە لەسـەر ئـەو ئامێـرە دابندرێـن.

# مامۆستای زیرەکیی دەستکرد وانە دەڵێتەوە

لـە وڵاتـی هیندسـتاندا بـۆ یەکەمجار سـوود لـە مامۆسـتای قوتابخانـەی ڕۆبـۆت وەرگیـرا، مامۆسـتایەکی ڕۆبـۆت کـە پاڵپشـتە بـە زیرەکـی دەسـتکرد دەتوانێـت وانـە بڵێتـەوە. مامۆسـتا ڕۆبـۆت کـە بـە مامۆسـتا (Iris)ناسـراوە، سـێ زمـان شـارەزایە و دەتوانێـت پەیوەندییەکـی بـاش لەگـەڵ قوتابییـەکان دابمەزرێنـێ.

دامەزراوەیەکـی بەرهەمهێنـی تەکنەلۆژیـای نـوێ بەنـاوی Makerlabs Edutech ئـەو ڕۆبۆتـەی بەرهـەم هێنـاوە. مامۆسـتا ئایریـس دەتوانێـت دەنـگ بکاتـە دەق و پێچەوانـەش. وانـە وتنـەوە لەلایـەن ڕۆبۆتـەوە وا دەکات سیسـتەمی پـەروەردە بەتـەواوی گۆڕانـکاری بەسـەردا بێـت و چونکـە ئەرکـی ڕۆبۆتـەکان زیاتـر فێرکردنـە تـا پەروەردەکـردن و هیـچ هەسـتێکی مرۆیـی نییـە.



# کۆمپیوتەرێک بەقەد کارتێکی ڕیکلام




کۆمپیوتـەری بچووکـی m5stack cardputer ڕێـك بەقـەد کارتێکـی ڕیـکلام دەبێـت بـە بارسـتاییەکی ١,٧ سـانتی. کۆمپیوتـەرە بچووکەکـە، کەمتـر وەك کۆمپیوتـەر سـوودی لێوەدەگیرێـت و زیاتـر وەك ڕیمـۆت کۆنترۆڵـی گشـت ئامێرەکانـی ماڵـەوە بەکاردێـت. شاشـەیەکی بچووکـی ١,٤ ئینجـی هەیـە، شاشـە بچووکەکـە توانـای نیشـاندانی فیلمیشـی هەیـە. کۆمپیوتـەری ناوبراو کێشی تەنیا ٩٢ گرامـە. کیبۆردێکی لەگەڵدایـە دەکرێت پەیوەند بدرێت بـە مۆبایلەوە و وەك کیبـۆردی مۆبایـل سـوودی لێوەردەگیردرێـت. کیبۆردەکـە ٥٦ دوگمـەی هەیـە. کۆمپیوتـەری ناوبـراو زیاتـر بـۆ بـواری ئەندازیـاری کارەبـا سـوودی لێوەردەگیرێـت و هەروەهـا پرۆگرامـی تایبـەت بـە فێرکردنـی پێداویسـتییەکانی کارەبـای تێدایـە. لەسـەر شاشـە بچووکـە دەتوانـی گەمـەش بکـەی. بـۆ هەڵگرتنـی دەنگیـش سـوودی لێوەردەگیـرێ چونکـە مایکـی هەیـە و هەروەهـا سـپیکەرێك بـۆ گوێگرتـن لـە دەنـگ. شـوێنی دانانـی میمـۆری هەیـە. میمـۆری نـاو کۆمپیوتەرەکـە تەنیـا ٨ میگاپیکسـلە. دەکرێـت وەك دەسـکی کۆنترۆڵـی یارییـە ئەلکترۆنییەکانیـش سـوودی لێوەربگیـردرێ.

# تەبلێتێک بۆ شوێنە سەخت و دژوارەکان




تەبلێت هەڵگرتنی لـە لاپتۆپ ئاسانترە و لـە مۆبایلیش شاشـەکەی گەورەتـرە، ئـەوەش وا دەکات، دیزاینەرانـی بەشی گرافیك و نەخشەسازی و بیناسازی و ئەندازیاری و پزیشـکەکان زیاتـر بـەکاری بێنـن..

تەبلێتیـی جـۆری Oukitel RT8، تەبلێتێکـی ناوازەیـەو بـۆ شـوێنە سـەخت و دژوارەکانـی وەك چیـاو دارسـتان و قـەراخ دەریاکان بەرهـەم هاتـووە، چونکـە لـە ئاسـت کەتنـە خـوارەوە و بەهێزە و هەروەهـا بـە تەڕبـوون و کەوتنـە ئاویـش هیچـی لێنایـەت.

خاڵـی بەهێـزی تەبلێتەکـە باترییەکەیەتـی کـە هەتـا زیاتـر لـە حەفتەیـەك دانابەزێـت، چونکـە توانایـی بیسـت هـەزار میلـی ئامپێـری هەیـە. شاشـەکەی ١١ ئینجـە و گەورەتـرە لـە شاشـەی تەبلێتێکـی ئاسایی و گەشـەیی و بریقەیـی 2Kیـە. کامێرایەکـی سێلفی ٣٢ میگاپیکسـلی هەیە و هەروەها کامێرایەکی ٤٨ میگاپیکسلی لە پشتەوە هەیـە. لـەوەش گرنگتر کامێرایەکی ٢٠ میگاپیکسلی بـە توانـای دیتـن لـە شـەودا هەیـە واتـە لـە شـەوی تاریکیشدا وێنـە دەگرێـت. تەبلێتەکـە سیسـتەمی ئەندرۆیـدی لەسـەرە و هەروەهـا ڕامەکـەی ٦ گیگابایتـە و میمـۆری ناوخـۆی ٢٥٦ گیگابایتـە.

# پرینتەری لەیزەری بۆ هەڵکەندن لەسەر هەموو تەنێک

پرینتـەری لەیـزەری ئەوانـەی تایبەتـن بـە هەڵکۆڵیـن و نووسـین بـە هەڵکۆڵیـن و یـا سـووتاندن چەنـد سـاڵێکە وەك ئامرازێکـی گرنـگ سـەیر دەکرێـت. پرینتـەرە لەیزەرییـەکان زیاتـر وەك پیشـە سـوودیان لێوردەگیرێـت و بەکارهێنـەر زیاتـر بۆ بژێـو و داهـات بـەکاری دێنێـت.

یەکێـك لـە پرینتـەرە لەیزەرییتـەکان laserpecker 4ە. پرینتەرێـك هەڵکۆڵیـن لەسـەر هەمـوو تەنێـك دەکات، ئاسـن، چـەرم، شووشـە، دار، بەگشـتی هەمـوو شـتێك.. کوالیتـی و دیقـەی 8kیـە. لـە دار قـەوارەی کۆڵینـی هەتـا ٨ ملمـە و لـە ئەکریلیکیـش هەتـا ٥ ملمـە. ئامـرازەکان کـە دەبێـت هەڵکۆڵینـان لەسـەر بکرێـت قەوارەیـان نابێـت لـە ٣٠٠ لـە ١٦٠ زیاتـر بێـت. پرینتەرەکـە لەگـەڵ کۆمپیوتـەر و مۆبایـل پەیوەنـد دەدرێـت و هـەر لـە ڕێـگای ئەوانـەوە کۆنتـرۆڵ دەکرێـت. بـۆ نەخشـکردنی گلاس، ئینجانـە، کەڤـەری مۆبایـل، میدالیاکانـی خـەڵات بەخشـین...تاد سـوودی لێوەردەگیردرێـت.






# پرۆگرامێکی سێ ڕەهەندی لە زنجیرەی ئەدۆبەوە

هەتا ئێستا هیچ کۆمپانیایەك لە بواری پرۆگرامەکانی تایبەت بە گرافیك و نەخشەسازی ناگاتە ئاستی پرۆگرامەکانی ئـەدۆب، چ فۆتۆشۆپ بێت، یا ایندزاین، یا ئیلستۆرۆتیۆر... تـاد. لـەو دواییـەدا کـە ژیریـی دەسـتکردیش شـوێنی خـۆی کردۆتـەوە، ئـەدۆب بـەر لـە هەمـوو کۆمپانیـاکان پرۆگرامەکانی خۆی پاڵپشت کـردن بـە ژیریـی دەسـتکرد.

یەکێك لە پرۆگرامەکانی زنجیـرەی ئـەدۆب پرۆگرامـی Adobe Substance 3D Modeler ە. کـە کـەمتـر ناسـراوە، هۆکارەکـەشـی ئەوەیـە کـە لـەلای ئێمـە کـەمتـر بایـەخ بـە نەخشـەسازی سـێ ڕەهەنـدی دەدرێـت.

پرۆگرامـی ناوبـراو هەمـوو شـتێکی سـێ ڕەهەنـدی بـە ئاسـانترین شـێوە دروسـت دەکات، بەرهەمـە 3Dییەکانیـش چ لـە دیسـکتۆپ و چ لـە هێدسـتەکانی VR بـە باشـی دەبیندرێـن. خـودی پرۆگرامەکـە زیاتـر بـۆ جیهانـی مەجازییـە، وەك گەیمەکانی جیهانی مەجازی یا پرۆگرامەکانی VR. بەکارهێنانی ئاسانە، هـەروەك هونەرمەندێکـی بـواری قـوڕکاری و ئەوانـەی لـە قـوڕ شـت دروسـت دەکـەن.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**ئازیزێـك دەپرسـێت چـۆن بـۆ هەمیشـە جیمێلەکـەم بسـڕمەوە، چونکـە ئیمێلێکی زۆرم بۆ دێت و دەمـەوێ جیمیلی نـوێ دابنێـم؟**

بەڕێـز بـۆ سـڕینەوەی هەمیشـەیی جیمیلەکـەت لەسـەرەتادا، جیمیلەکـەت بکـەوە. دواتـر لەسـەر هێمـای وێنەیـەك کـە بـۆ جیمێلەکـەت داناوە، یـا هیچـت دانەناوەو نـاوی هەژمارەکـەت دابگـرە و ئـەوکات پەنجەرەیەکـی دیکـە دەکرێتـەوە، لـەو بەشـەدا data and personalization هەڵبژێـرە. دواتـر بەشـی Delete a service هەڵبژێـرە و دوای ئـەوە دوگمـەی delete لێبـدە.. بـەڵام بۆ زانیاریت جیمێلەکـەت بۆ هەمیشـە دەسـڕێتەوە و جارێکـی دیکـە ناگەڕێتـەوە. بـەڵام گـوگل درایـڤ یـا گـوگل فۆتـۆ کـە پەیوەنـددار بـن بـەو جیمێلـە ناسـڕێنەوە.

# بکوژی باتری و شەحنکەرەوەی مۆبایل



ڕۆژانە هیچ ئامێرێك بەقەد مۆبایل بۆ بەکارهێنەرەکانی زیاتر لەبەردەست نییە. بەکارهێنەر هەیە لە شەو و ڕۆژێکدا لانی کەم دوازدە کاتژمێر مۆبایل بەکار دێنێ. بەرکەوتنی مۆبایل لەگەڵ بەکارهێنەرەکەی و بردنی بۆ هەموو شوێنێك وا دەکات مۆبایل یا سویچ یا کارتە بانکییەکان زیاتر لە هەموو شتێك ئالوودە بە باکتری و میکرۆب بن. بۆ پاککردنەوەی ئەو ئامێرانە پێویستە پاککەرەوە یا لابەری میکرۆب و باکتری بەکار بێنی. ئامێری UV mophie لە ڕیزی باشەکان دێت، هەم مۆبایل و ئامێرە بچووکەکان پاك دەکاتەوەو هەم وەك شەحنکەرەوەی مۆبایلیش سوودی لێوەردەگیرێت. بەهۆی گلۆپی UV-C باکترییە و میکرۆبەکان لەناو دەبات.



## مێزی زیرەکیی کۆمپیوتەر



مێزی کۆمپیوتەر بەتایبەتی بۆ کۆمپیوتەری دیسکتۆپ گرنگی خۆی هەیە. بەرهەمهێنەرانی تەکنەلۆژیای نوێ کەمتر بیریان لە داهێنانی مێزی زیرەك کردۆتەوە و زیاتر ئەرکەکانیان نەخشەسازانی دارتاشی ئەنجامیان داوە. بەڵام مێزی جۆری FlexiSpot Comhar EG8 ناوازەیە. مێزێکی زیرەکە و بە ویستی بەکارهێنەرەکەی بەرز و نزم دەبێتەوە. لە ئەلەمینیۆمی پتەو و جام دروستکراوە. لە تەنیشت مێزەکە چەندین شوێنی دانانی کێبڵی USB بۆ شەحنکردنەوەی مۆبایل و ئامێرەکانی دیکە هەیە. خاڵی جێگای سەرنجی مێزەکە ئەوەیە بە ویستی بەکارهێنەر بەرز و نەوی دەبێت، واتە لەگەڵ هەموو جۆرە کورسییەك دەگونجێت. مێزەکە بۆ دانانی کۆمپیوتەر و پارچەکانی دیکەی وەك سپیکەر زۆر گونجاوە.

## ماڵپەڕێکی زیرەکیی دەستکرد بۆ پۆستەری سینەما

ژیریی دەستکرد بۆ هەموو بوارێك خزمەتگوزاری خۆی هەیە، وا بڕواتە پێش ئیدی نەخشەساز و ئەوانەی بواری دیزاین و کاری گرافیکی دەکەن ئەرکیان بەتەواوی ئاسان دەبێت. ماڵپەڕی ژیریی دەستکردی.deco- /here.ai تایبەتە بە دروستکردنی پۆستەر لە هەموو بوارێکدا، بەتایبەتی پۆستەری فیلمی سینەمایی!

کاتێك هەژمارێك لە ماڵپەڕەکەدا دەکەیەوە، لە بۆکسێکدا دەتوانی مەبەستی پۆستەرەکەت بنووسی، پۆستەری مەبەستت دروست دەکا، وەك ماڵپەڕەکانی دیکە نییە کە دوگمەیەکی هەبێت بۆ دروستکردن، بەڵکو خۆی خۆکار دروستی دەکات. دەتوانی وێنەی مەبەستی خۆت دابەزێنە سەر ماڵپەڕەکە و تا بە ویستی بەکارهێنەر دروستی بکات.



# لە مانگی ڕەمەزاندا چۆن پارێزگاری لە نینۆکەکانت دەکەیت؟

ئەگەر دەتەوێت لە مانگی ڕەمەزاندا نینۆکەکانت لە شکان بپارێزیت، پێویستە ئەم هەنگاوانە پەیڕەو بکەیت.

دەستکێش لەدەست بکە: لەکاتی شۆردنی قاپ و پاکژ کردنی سەوزە و میوەدا، ئەو گیراوە و کەرەستانەی بەکاریان دەهێنیت، بەزۆری ماددەی توند لەخۆدەگرن، کە دەبنە هۆی وشکبوونەوە و شیکردنەوە و شکانی نینۆکەکانت، بەڵام دەستکێش نینۆکەکانت لە شکان دەپارێزێت، لە هەمان کاتدا دەستەکانت بە نەرمی دەهێڵێتەوە.

ڕۆژانە دەست و نینۆك شێدار بکە: بە شێوەیەکی گونجاو بە بەکارهێنانی کرێمی شێدارکەرەوەی دەست، بە درێژایی مانگی ڕەمەزان نینۆکەکانت نەرم بکەرەوە، بەتایبەت دوای هەر جارێك کە دەستەکانت تەڕ دەکەیت، چونکە ئەمەش یەکێکە لە هۆکارە دیارەکان، کە دەبێتە هۆی تەنکبوون و شکاندنی نینۆکەکان، ئەم هەنگاوە نینۆکەکانت لە وشکبوونەوە دەپارێزێت، بەتایبەت بەکارهێنانی ئەو کرێمانەی کە دەوڵەمەندن بە ڤیتامین E و زەیتی سرووشتی و کەرەی شیا و ...هتد.



# پاککردنەوەی ماڵ لە مانگی ڕەمەزاندا



پاککردنەوەی ژووری میوان:
تا دەتوانیت هەوڵبدە پێش پارشێو ئەم ژوورە پاك بکەیتەوە، بە وریاییەوە تۆز و خۆڵ لە هەموو گۆشەکاندا پاك بکەرەوە، کە کاتێکی زۆری ناوێت، پاشان دەرگا و پەنجەرەکان دابخە بۆ ئەوەی جارێکی دیکە خۆڵ نەچێتە ژوورەوە.

پەردەکان بگۆڕە: ئەگەر تێبینیت کرد کە پەردەکان بڕێك تۆز و خۆڵیان لەسەرە، پێویست ناکات پاکیان بکەیتەوە و خۆت تووشی سترێس بکەیت، تەنیا بیانخەرە ناو ئامێری جلشۆر و بە پاکی بیانگۆڕە.

چێشتخانە: ئەگەر بتوانیت دوای هەموو ژەمێك قاپەکان ڕاستەوخۆ بشۆیت، هەست ناکەیت چێشتخانەکەت بارگرانیی لەسەرت دروست دەکات، ڕاستەوخۆ دوای پارشێو و بەربانگ ئەم ئەرکە تەواو بکە.

ژوورەکانی دیکە: هەوڵ بدە با منداڵەکانت لە کۆتایی ڕۆژ بۆ بەربانگ و پێش ئامادەکردنی ژەمی پارشێو یارمەتیت بدەن، بۆ ئەوەی ڕزگارت ببێت لە هەر جلوبەرگێك یان یارییەك کە لەسەر جێگە یان زەوی بڵاو کرابێتەوە.

لە کۆتاییدا بۆندارکردنی هەموو گۆشەکانی ناو ماڵەکەت بیرت نەچێت، بۆ ئەوەی کەشی ماڵەکە هاوتەریب بێت لەگەڵ کەشوهەوای ڕۆحیی مانگی ڕەمەزاندا، بە پرژاندنی ئەو بۆنەی کە خۆت پێت باشە.


# پێڵاوی گونجاو بۆ عەبا لە ڕەمەزان

چەندین مۆدێلی پێڵاو هەیە کە بەپێی دیزاینەکەی و کاتی لەپێکردنی بۆ عەبا گونجاوە، لەگەڵ کەشی ئێوارانـدا دەتوانیت پێڵاوی پاژنەبەرز لەپێ بکەیت، کە لەگەڵ عەبای بەکاهێنانی ڕۆژانە یان بۆ سەردان و ئاهەنگەکاندا بگونجێت، ئامۆژگاریت دەکەین کە ئەگەر عەبا لەگەڵ پێڵاوی پاژنە بەرز لەپێ بکەیت دیمەنێکی سەرنجڕاکێشی دەبێت.

سەندەڵی کراوەی قاوەیی: دوودڵ مەبە لە لەپێکردنی پێڵاو بە دیزاینی مۆدێرن و نوێکراوە یان کلاسیك، کە دەتوانیت عەباکەت هەماهەنگ بکەیت و لەگەڵ سەندەڵی قاوەیی بیپۆشیت، کە لە مارکەی سانتۆنی بۆتان هەڵبژاردووە.


ستیلێتۆی لێتەرپرێس: گومانی تێدا نییە کە پێڵاوی ڕەنگاوڕەنگ تایبەتمەندیی خۆی هەیە، تەنانەت ئەگەر هەواداری ڕەنگە گەرمەکانیش بیت، ئێمە پێڵاوی ڕەنگاوڕەنگت بۆ پێشنیار دەکەین کە لەگەڵ دیمەنە جیاوازەکاندا بۆ جوانییەکی پڕ لە ژیان بگونجێت.

پێڵاوی کلاسیکی مۆڵ: لە کۆتاییدا مۆدێلی پێڵاوی سادە و ڕەسەن پێشنیار کراوە، وەك ڕەنگی ڕەش و زیتوینی لە مارکەی (مۆڵ) کە لەگەڵ دیزاینە لوکسەکانی عەبای بەهاردا دەگونجێت، و دەتوانرێت لەگەڵ زۆرێك لە ڕەنگەکانی عەبادا هەماهەنگ بکرێت.









# جۆرەکانی مزگەوت

مزگەوتەکان دابەش دەبن بۆ سێ جۆر، ئەمانیش: مزگەوتی نوێژگە (مسجد) و مزگەوتی هەینی (الجامع) و مزگەوتی جەژن (العید)، یەکەم: نوێژگە (مسجد)، ئەم جۆرە مزگەوتە خزمەتی ئایینی پێشکەش دەکات لەسەر ئاستی کۆڵان یان جوگرافیایەکی بچووك، و تیایدا پێنج نوێژە فەرز و سوننەتەکانی ڕۆژانە ئەنجام دەدرێت، و دووریی ماڵ بۆ ئەم جۆرە مزگەوتە زۆر جار ٢٥٠مەترە، بە مەبەستی ئەوەی هەر موسوڵمانێك (نێر سەروی ١٥ ساڵ) بتوانێت پێنج فەرزە نوێژەکانی ڕۆژانە بە کۆمەڵ ئەنجام بدات بەپێی ڕێنماییە ئایینییەکان. دووەم جۆری مزگەوت: مزگەوتی هەینی (الجامع)، خزمەتی ئایینی پێشکەش بە دانیشتووان دەکات لەسەر ئاستی گەڕەك، تیایدا جگە لە پێنج نوێژە فەرز و سونەتەکانی ڕۆژانە، نوێژ و وتاری ڕۆژی هەینییش ئەنجام دەدرێت، دووری ماڵ بۆ ئەم جۆرە مزگەوتەزۆرجار ٥٠٠مەترە، بە مەبەستی ئەوەی بەپێی ڕێنماییەکانی ئایینی زۆرترین موسڵمانان لە ساتی وتاری هەینیدا کۆببنەوە. سێیەم جۆری مزگەوت بریتییە لە مزگەوتی جەژن (مسجد العید/مصلی): خزمەتی ئایینی پێشکەش دەکات لەسەر ئاستی شار یان کۆمەڵگەی نیشتەجێبوون، تیایدا جگە لە نوێژەکانی فەرز و سوننەتی ڕۆژانە و نوێژ و وتاری ڕۆژی هەینی، نوێژ و وتاری ڕۆژی جەژنیشی تیایدا ئەنجام دەدرێت.





# قورئانی پیرۆز لە نێو کەشتیی تایتانیکدا دۆزرایەوە



لە یەکێك لە ئایەتەکانی قورئاندا هاتووە، کە قورئانی پیرۆز هیچی بەسەر نایەت، بەڵگەش یەکێکە لەو قورئانانەی لە نێو کەشتیی تایتانیکدا مابوویەوە، دوای چەندین ساڵ دۆزراوەتەوە و ماوە، دوای ئەوەی قورئانەکە لە ناو پارچە تێکشکاوەکانی کەشتیی تایتانیك، کە لە ساڵی ١٩١٢ تێکشکا لەزەریای ئەتلانتیك دۆزرایەوە، سەرەتا ئەوانەی دۆزییانەوە وایان زانی کتێبێکی ئاساییە، بەڵام دواتر بینیان کە کۆپییەکی قورئانی پیرۆزە و لەلایەن کابرایەکی هیندییەوە هەڵگیرابوو، ئەو قورئانە کە سەد ساڵی بەسەردا تێپەڕیوە و لە زەریادا ماوەتەوە، دەتوانرا بە ئاسانی بخوێندرێتەوە، بێجگە لە درووستبوونی چینێك کلسی کلۆر هیچی بەسەردا نەهاتووە.




# بەرماڵەکانی مزگەوتی پێغەمبەر لە مەدینە

لە نێو مزگەوتی پێغەمبەر دروودی خوای لەسەر بێت، چەندین بەرماڵی جوان و نەخشین ڕاخراون، ئەم بەرماڵانە دروستکراوی وڵاتی سعودیەن، بەرگەی زۆرترین بەکارهێنان دەگرێت و بەهۆی زۆریی ژمارەی شانەکانیەوە، بەکارهێنەرانی هەست بە ئاسوودەی دەکەن، ئەستوورییەکەی (١٦) ملیمەترە، ژمارەی شانەکانی (٥٧٥) هەزار دانەیە لە یەك مەتر دووجا، ژمارەیان (٢٥) هەزار بەرماڵ دەبێت بە ڕووبەری جیاواز، ڕێکخستنی بەرماڵەکان بە شێوەی ئەلکترۆنی دەبێت و لە ڕێی بارکۆدێك هەموو زانیاریەکی تێدایە، لەڕۆژی دروستکردنی بەرماڵەکەوە تا کۆتا ڕۆژی بەکارهێنان، ڕۆژانە سێ جار گسك دەدرێت و (١٦٠٠) لیتر مادەی خاوێنکەرەوە و (٢٠٠) لیتر مادەی بۆنخۆشکەریان بۆ بەکاردێت.



## کاریکاتێر

لەم کاریکاتێرەدا، کەسێك لەسەر دارێکدا وەستاوە کە بڕواتەوە، کەسەکە وێنەیەك دەکێشێت، لە وێنەکەدا باس لە گرنگیی دارودرەخت و ژینگە دەکات، کەچی بە پێچەوانەوە ئەوە خۆی لەسەر دارێکی بڕاوە وەستاوە.



## دیمەنە سەیرەکان

**تۆڕی ملولەکانی خوێن**

وێنەی دابەشبوونی تۆڕی ملولەکان و بۆڕییەکانی خوێنە لە خوێنبەر و خوێنهێنەرەکانی جەستەی مرۆڤدا.

## گۆڕانکاری کەش و هەوای ئەورووپای وشک کرد

گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا لە جیهاندا بوونەتە جێی سەرسامیی زانایانی کەشناسی، بەهۆی ئەوەی لە کیشوەری ئەورووپا پلەی گەرمی بەرز بووەتەوە و لە کەنداوی عەرەبیشدا تەزرە و بارانی بە خوڕ دەبارێت، بەشێك لە کەناڵە ئاوییەکانی ڤینیسیای ئیتاڵیا وشك بوون، چەند هەفتەیەکە کەشوهەوایەکی وشکی زستانە نیگەرانی درووست کردووە لە ئیتاڵیا، ئەمەش پاش کاریگەرییەکانی وشکەساڵیی هاوینی ڕابردوو، هاوکات بەهۆی کەمیی ڕێژەی بەفربارین لە بەرزاییەکانی چیای ئالپ و کەمبوونەوەی بۆ نیوەی ڕێژەی ئاسایی بارینی ساڵانە، ئەمانە سەرجەمیان بوونەتە هۆی کەمبوونەوەی ئاو و کاریگەرییەکانی لەسەر کەناڵە ئاوییەکانی ڤینیسیا درووست کردووە و، وای کردووە هاتووچۆی بەلەمەکان بووەستێت لەبەشێك لە ناوچەکاندا.



## یاسا



**هاوسەرگیری حەرام و نایاسایی**

هەندێ حاڵەت هەیە کە بەشێوەیەکی کاتی حەرامە کەسێك هاوسەرگیری بکا، ئەوانیش وەك: پیاوێك چوار ژنی هەبێت، ناتوانێت هاوسەرگیرییەکی دیکە ئەنجام بدا، تا یەکێك لە خێزانەکانی جیانەبێتەوە یان بمرێت، یان ئەگەر ژنێکیان سەر بە ئایینێکی ئاسمانی نەبێت حەرامە هاوسەرگیری لەگەڵ بکرێت، تا بڕوا بە ئایینێکی ئاسمانی نەهێنێت، هەروەها ئەگەر پیاوێك دوو تەڵاقی کەوتبێت لە ژنێك، حەرامە هاوسەرگیریی لەگەڵ بکاتەوە، بەڵام ئەگەر ژنەکەی بە ویستی خۆی هاوسەرگیریی کرد و جیابوویەوە، ئەو کات دەتوانن هاوسەرگیری بکەنەوە، کاتێك ژنێك لە ماوەی سووڕی مانگانەدا بێت، ناتوانێت هاوسەرگیری بکا، تا ئەو ماوەیە تەواو دەبێت، پیاو ناتوانێت هاوسەرگیری لەگەڵ دوو ژنی مەحرەم بەیەك بکا بەیەکەوە، بۆ نموونە دوو خوشك لەیەك کاتدا.

**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

لە لایەنی پیشەییەوە بە شێوەیەکی زۆر باش ئەرکەکانت جێبەجێ دەکەیت، ڕۆژێکی زۆر گرنگە و دەرفەتەکان لە دەستی خۆت مەدە، دوور بکەوەرەوە لەوەی زیادە خەرجی بکەیت، بۆ داهاتوو پێویستت بە داهاتێکی زۆر هەیە، پێویستە بیری پاشەڕۆژت هەبێت.

**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

لە لایەنی پیشەییەوە ئەنجامەکان بەو شێوەیە دەبن کە خۆت دەتەوێت، ڕەنگە هەندێك هەواڵی باش ببیستیت، لە ژیانی تایبەتیتدا هەندێك گۆڕانکاری ڕوو دەدات، خۆتی لەگەڵدا بگونجێنە.

**جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠**

زو مەکەوەرە ژێر کاریگەریی ئەوەی کەسانی چواردەورت بە تۆی دەڵێن، خۆت باش و خراپی خۆت بە باشی دەزانیت، کەسانێك دەیانەوێت بە ڕێگەیەکی دیکەتدا ببەن بەوەی زانیاری هەڵەت پێ بدەن، پێویستە هۆشیارانە مامەڵە بکەیت.

**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

لە لایەنی پیشەییەوە خۆت بە کاری لاوەکییەوە سەرقاڵ مەکە و زیاتر سەرنجت لەسەر کارەکەت بێت، پاڵپشتیی تەواو دەکرێیت لەلایەن خێزانەتەکەوە، زیاتر وریای تەندروستیی خۆت و خێزانەکەت بە.

**شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢**

پاڵپشتی خێزانەکەت بکە لەم کاتەدا، ئەگەربیر لەوە دەکەیتەوە قەرز بکەیت یان قەرز بە کەسێك ببەخشیت، باشترە بە وردی بیری لێ بکەیتەوە، لە لایەنی پیشەییەوە دوور بکەوەرەوە لەوەی هەنگاوەکانت بێ بیرکردنەوە بنێیت، بۆ ئەوەی نەکەویتە هەڵەوە.

**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**

لە لایەنی تەندروستییەوە ڕۆژێکی زۆر باش نابێت، ئەگەر مۆبایل و کۆمپیوتەر یان ئامێرە تەکنەلۆژییەکان بەکاردەهێنیت، وریای خۆت بە، لە لایەنی پیشەییەوە قورسترین ئەرکەکانت بە ئاسانی بە ئەنجام دەگەن، هەربۆیە خۆت تووشی فشاری دەروونی مەکە.

## بۆ زانیاریت

# کێبڵی ڕاخراوی ژێر دەریایی




٩٩٪ی هەموو ئەو پەیوەندییە نێودەوڵەتییانەی کە لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە دەبەسترێت، بەهۆی ٤٦٨ کێبڵەوە جێبەجێ دەبێت، کە لە ژێر دەریا و ئۆقیانوسەکانەوە لە نێون کیشوەرەکاندا ڕاخراوە، درێژیی هەندێکیان تەنیا ١٣١ کیلۆمەترە، لە کاتێکدا هەیانە درێژیی ٢٠ هەزار کیلۆمەترە، قرتاندنی هەر یەکێك لەم کێبڵانە ڕەنگە ببێتە هۆی نەمانی ئینتەرنێت لە قارەیەکدا، وەك چۆن لە ساڵی ٢٠١٨ یەکێك لەو کێبڵانە کە لە فەرەنساوە بە درێژایی ١٧ هەزار کیلۆمەتر درێژ دەبووەوە بۆ ئەفریقای باشوور و ٢٢ وڵاتی کەناری ڕۆژئاوای ئەوروپا و ئەفریقای بە ئینتەرنێتەوە دەبەست، بەهۆی بەلەمێکی ڕاوەماسییەوە قرتا و لە ئەنجامدا ئینتەرنێتی ١٠ وڵات وەستا، بیرۆکەی ڕاخستنی کێبڵ لە ژێر ئاودا بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٨٤٢ لەلایەن سامویل مۆرس بە درێژیی سێ کیلۆمەتر لە نیویۆرك بۆ تاقیکردنەوەی گەیشتنی نامەی تەلەگراف بە لایەنی بەرامبەر جێبەجێ کراوە، بە هۆی کێبڵێکەوە کە لە تاڵەموویەك باریکترە و لە چرکەیەکدا بە تریلیۆن وشە و نامە دەگوازێتەوە، نموونەی ئەم کێبڵە دێژانەش کێبڵی MAREA، کە لە ساڵی ٢٠١٨ بە درێژیی ٦٦٠٥ کیلۆمەتر ڕاکێشراوە.



## پەند و وتە

ئیمێل میهای سیوران، فەیلەسووفی ڕۆمانی و وتارنووس، لە ساڵی ١٩١١ لە شاری ڕاسنیناری لە ڕۆمانیا لە دایك بووە و لە ساڵی ١٩٩٥ لە پاریس کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی بێزاری و دڵتەنگی دەڵێت: «بەهۆی بێزاری و دڵتەنگییەوە توانیم خۆم بدۆزمەوە و بزانم کێم، بێزاری وات لێ دەکات کە لە ڕێگەی درك پێکردن بە لە ناوبردنی خوودی خۆتەوە، هەست و درك بە زانینەکانی خوودی خۆت بکەیت.



## یاریی وێنە

لەم وێنەیەدا دوو دیمەن هەن، یەکێکیان ژوورێکە ئەوەی دیکەش سەری کەسێکە، هەوڵ بدە لە ماوەی ٣٠ چرکەدا هەردوو وێنەکە بدۆزیتەوە.

## فیلم

# The Kitchen - چێشتخانەکە




فیلمێکی سەرنجڕاکێش و زانستییە، باس لە دوو کەس دەکات بە ناوی لیز و بێنجی، کە لە نێو گەڕەکێکی میللی و کۆمەڵایەتیی شاری لەندەندا دەژین، کێشەکانیان وا گەورە دەبن کە لە ژووری چێشتخانەدا شەڕ بکەن و جیرانەکانیش ئاگاداری قسە و کێشەکانیان بن، ماوەی فیلمەکە یەك کاتژمێر و (٤٧) خولەکە، لە دەرهێنانی دانیل کالاویە و کیبوی تاڤاریس، لە نووسینی ویات گارفێلد، لە نواندنی: کانۆ، هۆپ ئکیپۆکۆ، لان ڕایت، جیداهی بینانێرمان، هێنری لاوفێل، تیجا کایل.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

لە کارەکەتدا هەندێك کێشە ڕوو دەدات کە هەرگیز بیرت لێ نەدەکردەوە، بەخێرایی هەوڵی چارەسەری بدە، پەیوەندیی سۆزداری پێویستی بە بایەخپێدانی زیاترە، هەوڵ بدە ئەو خواردنانە بخۆیت کە لە لایەنی تەندروستییەوە گونجاوە.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

کاتێك لە کارەکەتدا ڕووبەڕووی کێشەیەك دەبیتەوە، هەرگیز بە شێوەیەکی نەرێنی بیر مەکەرەوە، بەڵکو بە ئارامی بیر لە چارەسەر بکەرەوە، لەگەڵ خۆشەویستەکەتدا کاتێکی خۆش بەسەر دەبەیت و زیاتر لە یەکتر نزیك دەبنەوە، کارکردن بۆ ماوەیەکی زۆر ماندووت دەکات.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

لە لایەنی پیشەییەوە ڕۆژێکی باش دەبێت و ئەرکەکانی سەرشانت کەم دەبنەوە، باشترە توورەییەکانت بەلاوە بنێیت و دوور بکەویتەوە لە بیرکردنەوەی نەرێنی، کاتێکی باشە بۆ ئەوەی لەگەڵ خۆشەویستەکەت چێژ لە ساتەکانت ببینیت.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١


ئەمڕۆ کەمتر دەتوانیت سەرنجت لای کارەکەت بێت، باشترە پشوویەك وەربگریت و کەمێك لە بەرپرسیاریەتی دوور بکەویتەوە، لە لایەنی سۆزدارییەوە هیچ کاتێك لە ئێستا باشتر نییە بۆ ئەوەی پەیوەندیت لەگەڵ خۆشەویستەکەت بەهێز بکەیت.


### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

لە لایەنی پیشەییەوە دوور بکەوەرەوە لەوەی زۆر نیگەرانی ئەو بارودۆخانە بیت کە تێی کەوتوویت، توانای ئەوەی هەیە بە زوویی هەموو شتێك بکەیتەوە سەر ڕێڕەوی خۆی، لە لایەنی تەندروستییەوە ڕەنگە ڕۆژێکی باش نەبێت، ئاگاداری فشاری خوێنت بە.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

لێبوردەیی و مامەڵەکردن لەگەڵ هاوپیشەکانت بەشێوەیەکی نەرم باشترین هەنگاوە بۆ ئەوەی بەرەوپێش بچیت، خۆشەویستەکەت چاوەڕوانت دەکات هەستەکانی خۆتی بۆ دەربڕیت، تۆش پێویستە بە باشی بیری لێ بکەیتەوە.





بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone

## ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




www.gulanmedia.com

Weekly Gulan

March 25, 2024 Issue,No.1407




0750 104 1777
0770 104 1777

هەولێر / ڕێگای سەرەکی هەولێر پیرمام
/تەنیشت یانەی ئەسپ سواری